



# مشتێک لە خەرمانی پەروەردە

## (قوتابی - خێزان - مامۆستا)

نووسەر

لەیلا بەرزنجی

2020

ناونیشان

مشتێک لەخەرمانی پەروەردەی

( قوتابی , خێزان ,مامۆستا)

ئامادەکردنی

م/ لیلی صلاح الدین  احمد بەرزنجی

ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١

پێرست

پێشەکی کورتەباسک .....................................................................................٥-٦

تەوەری قوتابی/

چۆن منداڵ لە زیانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزین ......................................................٧
گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ئیبراهیم باڵدارو هەڵە زەقەکانی چاپی تازە.....................................٨-٩
ئەو هۆکارانەی کەوا پاڵ بەقوتابیەوە دەنێت بۆ خوێندن .............................................١٠
پرسیاری هەڵبژاردن لەنێوان دووڕیانی ئەرێنی و نەرێنی.............................................١١-١٢
زمان کەرەستەیەکی سەرەکی یە........................................................................١٣
درۆکردن چیە..............................................................................................١٤-١٥

تەوەری خێزان /

زەنگی دەسپێکی خوێندن و ئاریشەکانی.......................................... ١٦ - ١٧
هەراسان کردنی منداڵ لەنێوان دوومال.................................... ١٨ - ١٩
کۆرۆناو تێکدانی بەرنامەی ژیان ,بریارەدڵخۆشکەرەکەی قوتابیان ............................٢٠ - ٢١
دابڕانی قوتابیان و دروست بونی کەشێکی نالەبار ............................................٢٢
دنیای منال ڕەنگ بکە بەوڕەنگەی کەئەو دەیەوێت.............................................٢٣
داوای لێبوردن پچوکی نیە .........................................................................٢٤
میدیاکان و ناوی بێناوەڕۆک ............................................................................٢٥ - ٢٦
هەرەمی ماسلۆ و پێویستیەکان ..........................................................................٢٧

تەوەری مامۆستا /

بامامۆستا بەخەندەو پێکەنینەوە بچنە پۆلەکان ...............................................٢٨ -٢٩
چەمکی پلان بۆ مامۆستا ............................................................................٣٠ - ٣١
شێوازی گروپ و ڕێگاکانی وانەوتنەوە .............................................................٣٢-٣٣
هەنگاوەکانی مامۆستایی سەرکەوتوو...............................................................٣٤
بابەتی کۆمەڵایەتی و کەمی هۆکارەکانی فێرکردن ..............................................٣٥-٣٦
پۆستی بەرێوەبەر و بەڕێوەبەری سەرکردە .........................................................٣٧
پەروەردەو شوێنی گونجاوی قوتابیان باڵەخانەی قوتابخانەکان.....................................٣٨-٣٩
لێکۆڵینەوەیەک بۆ ژمارە ٣١ گۆڤاری ژیارپەروەردەیی ئەهلیی.......................................٤٠-٥٢
دەرئەنجام ............................................................................................٥٣-٥٤
ڕاسپاردە ...............................................................................................٥٥-٥٦
سەرچاوەکان ..........................................................................................٥٧

پێشەکی و کورتەباسێک /

....................

سەرەتا لە قوڵای دڵمەوە سوپاس گوزاری خوایگەورەم کە هەمیشە هاوکارو پشتیوانمە لەکارەکانم سەبرو ئارامیم پێدەبەخشێ
ئەم پەرتوکەی لەبەردەستە پیکهاتوە لەو ئەزموونانەی کە لەژیانی ڕۆژانەمدا ڕوبەڕووم بۆنەتەوە یاخود لەنزیکەوە پێیان ئاشنا بووم, یاخود لەچواردەورمبونی هەبوە لیرەدا دەمەوێت قسەی دڵم بکەم پێشکەش بەخوێنەرانی ئازیزانی بکەم لەنزیکەوە کاری ئیمەیە بەیەکەوە قسە لەسەر جوانیەکان بکەین هەوڵ بۆ باشتر کردنی پەروەردە بدەین بەوهۆکارانەوە هەنگاوانەم ناوە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانا بەیانم کردووە , وەک ڕۆڵەیەکی ئەم وولاتە خاوەنی زۆریک لە خەونوو خەیاڵم ئومێدەوارم پەروەردە لەلوتکەدا ببینم وەک وولاتانی دنیا لە داهاتوودا ڕۆڵەکانی وڵات پێبیگات و ئاواتەکانیان بێتەدی , هەندیک بابەت هەیە کەدەتوانری کاری لەسەربکری و هەوڵی لەگەڵ بدری هەتا ژنیگەیەکی لەبار فەراهەمبکات بۆ قوتابیان.
بێگومان لەم پەرتوکەدا پەنجەم لەسەر زۆر لایەن داناوە ڕەنگە بۆ تۆی خوینەر مایەی دڵخۆشی بێت وە لەگەڵم کۆک بیت لەسەر بابەتەکان بەو ئومیدەم , بە پێچەوانەشەوە دەشکرێت تەواو لەگەڵم هاوڕانەبیت تێبینیت هەبێت . ناوەڕۆکی ئەم

کتێبە سێ چینی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێ دەتوانرێ لەڕێگای ئەم سێ کۆڵەکەوە دیواریکی تۆکمە دروستبکات ( قوتابی , خێزان, مامۆستا ) دەستپێک قوتابی پشکی شێری بەردەکەوێ لە سەرنج و تێبینییەکان چونکە قوتابی چەقی سەرەکی پرۆسەی پەروەردەو کاریئیمە بۆ بونیادنانی ئەوە چۆن وابکەین منداڵ لە شتەکانی دەوروبەری بگات باش و خراپیەکانی لێک بکاتەوە وە لەلایەکی ترەوە گەڕانەوەی بابەتی کوردی و کتێبە دانسقەکەی مامۆستا ( ئیبراهیم باڵدار) بەبەراورد بەچاپی تازە .. لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی هەڵبژاردن و دورکەوتنەوەی قوتابی لەنوسن ڕاهاتن لە تەمبەڵی و زیانەکانی ئەم شێوازە , زمان و ئەتەکێتی قسەکردن و ڕاهینانی منال لەڕاست وتن وزەنگی یەکەمی دەسپێکی ساڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەو بەشێوەیەکی ڕوون و بەزمانێکی پاراو لەپەراوێزەکانی پاشتر ئاشنای دەبن بەشێکی تر قسەلەسەرکردنە دەربارەی خێزان منداڵ لەنێوان دووماڵ لەگەڵ ئەوەشدا بێ ماڵە چۆن منداڵ توشی هەراسان کردن دەکەن , کۆرۆناو تێکدانی ژیان و پەروەردە دڵخۆشی هەندیک قوتابی بەم هەواڵە , دابرانی قوتابی دروست بوونی کەشێکی نالەبار ترس و دڵەڕاوکێی خێزان , بوونی دایک و باوک تێگەیشتن لە ویستەکانی و ڕەنگ کردنی ئایندەیان , ڕەفتاری دایک و باوک ڕەنگدانەوەی لەسەر منداڵ , بێسەروبەری لە ڕاگەیاندن و دیاری نەکردنی کاتی گونجاو بو منداڵ بۆتەماشاکردنی تیفی و تۆڕی کۆمەڵایەتیەکان ڕاپرسی کردن لە تۆرەکۆمەلایەتی فە یس بووک وەرگرتنی سەرنج بۆچوونمان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکە , گفتوگۆکردن دەربارەی هەرەمی ماسلۆ و پێویستیەکانی منداڵ و لەشێوەیەک لەگەڵ بۆچون و سەرنجی نووسەران بەشێکی تر کۆتابەش مامۆستایە وەک کاریزمایەکە بۆ کۆمەڵگاو بەرەوپێش چوونی پەروەردە ,یەکەم کار کە مامۆستا

قوتابیی ڕادەکیشی خەندەی ڕوخساریەتی کاریگەریەکی باشی دەبێت لەسەر قوتابی وە دانانی پلان و گرتنەبەری , ڕێگاکانی وانەوتنەوەو کارکردن بۆ گەیاندنی ئامانجەکەی کەفێربوونە وە هەنگاونان و خۆئامادەکردن بۆ دەسپێکی ساڵی نوێیی خوێندن , وە باس لەپۆستی بەڕ کارەکانی وە

هەوڵدان بۆی بەریوەبەر بەکۆڵەکەی قوتابخانە دادەنێم ئەگەر هاتوو کەمووکوڕی لە کۆڵەکەدا هەبوو توشی داڕماندەبێت وەلەلایەکی تر تیشکم خستۆتە سەر باڵەخانەو بینای گونجاو بۆ قوتابیان بەسەربردنی کاتێکی خۆش و گونجاو.

خوێندنەوەو شەن و کەوێکم کردوە بۆ گۆڤار ژیار , گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزانەی ئەهلی یە لەلایەن ستافێکی شارەزا بەڕێوەدەچێت سەرجەم بابەتەکانم هەڵسەنگاندوە وە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کام کەرتی پەروەردە گەنجاوە هەتابیخوێنێتەوەو سودی لێیبینی.

ئومێدەوارم ئەم کۆمەڵە بیرو بۆچونانەی من ببێتە خشتێک بۆ دیواری تەلاری ئایندەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتمان . گەشبین ببین بە و داهاتووە . وەک نووسەر مامۆستاهەمزە فقی دەفەرمووێ ((پەروەردە جگە لەئەرک و بەرپرسیارێتیەکی مێژووی و نەتەوەیی ئەرکێکی مرۆڤایەتیشە , هاوکێشەیەکی بیرکاریە بەپێی یاساو ڕێکاری مامەلەی لەگەڵ نەکرێ ئەنجامی هەڵە بەدەستەوە دەدات , هەموو خەمساردیەک لە مرۆدا بەرامبەر بەو کەرتە هەستیارەی ژیان وێرای پاشا گەردانی بۆ ئێستامان و بەهەدەردانی بوون و هێزو شکۆی نەتەوەکانی سبەینێشە ))

بەدڵنیایی تەنها پەرتوکی ئاسمانی بێخەوش و کەموو کوڕیە بەگەورەیتان بمبەخشن , بەو هیوایەم توانیبێتم سودیک بەخوێنەران بگەیەنم .

لیلی صلاح الدین احمد بەرزنجی

# مشتێک لە خەرمانی پەروەردە

تەوەری قوتابی/
چۆن منداڵ لە زیانی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزین
گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ئیبراهیم باڵدارو هەڵە زەقەکانی چاپی تازە
ئەو هۆکارانەی کەوا پاڵ بەقوتابیەوە دەنێت بۆ خوێندن
پرسیاری هەڵبژاردن لەنێوان دووڕیانی ئەرێنی و نەرێنی
زمان کەرەستەیەکی سەرەکی یە
درۆکردن چیە.
تەوەری خێزان /
زەنگی دەسپێکی خوێندن و ئاریشەکانی
هەراسان کردنی منداڵ لەنێوان دووماڵ
کۆرۆناو تێکدانی بەرنامەی ژیان ,بریاردڵخۆشکەرەکەی قوتابیان
دابرانی قوتابیان و دروست بونی کەشێکی نالەبار
دنیای منالّ ڕەنگ بکە بەوڕەنگەی کەئەو دەیەوێت
داوای لێبوردن پچوکی نیە
میدیاکان و ناوی بێناوەرۆک
هەرەمی ماسلۆ و پێویستیەکان
تەوەری مامۆستا /
بامامۆستا بەخەندەو پێکەنینەوە بچنە پۆلەکان
چەمکی پلان بۆ مامۆستا
شێوازی گروپ و ڕێگاکانی وانەوتنەوە
هەنگاوەکانی مامۆستایی سەرکەوتوو
بابەتی کۆمەڵایەتی و کەمی هۆکارەکانی فێرکردن
پۆستی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری سەرکردە .
پەروەردەو شوێنی گونجاوی قوتابیان باڵەخانەی قوتابخانەکان
لێکۆڵینەوەیەک بۆ ژمارە ٣١ گۆڤاری ژیارپەروەردەیی ئەهلیی
دەرئەنجام
ڕاسپاردە
سەرچاوەکان

تەوەری قوتابی/

چۆن منداڵ لە زیانی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزین
گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ئیبراهیم باڵدارو هەڵە زەقەکانی چاپی تازە
ئەو هۆکارانەی کەوا پاڵ بەقوتابییەوە دەنێت بۆ خوێندن
پرسیاری هەڵبژاردن لەنێوان دووڕیانی ئەرێنی و نەرێنی
زمان کەرەستەیەکی سەرەکی یە
درۆکردن چیە.

چۆن منداڵ لە زیانی يارييە ئەلیکترۆنییەکان بپارێزین /

وەک دەبینین هۆگریەکی زۆر لەنێوان مناڵ و تەکنەلۆ ژیا هەیە ، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ بەفیڕۆدانی کاتەکانی منداڵ بە بێ ئەوەی هەست بەلەدەستدانی بکات، ئەمە وێڕای ماندووبونێکی تەواوی جەستەیی و شەکەت بونێکی زۆری پێدەگات، لەلایەکی ترەوە یاریە ئەلەکترۆنیەکان دەبنە هۆی تێکچونی تەندروستی و دەر کەوتنی چەند نیشانەیەکی دیارکە هەمیشە وەک کەسێکی ماندوو مێشک هیلاک و جەستە شەکەت دەردەکەوێت، هەموو ئەمانەش هۆکاری سەرەکی ئەو یاری و ئامێرە ئەلەکترۆنیانەن کە بە بێ فلتەر ڕوی لە وڵات وکۆمەڵگەکەمان کردوە، ئەمەش وادەکات ڕۆڵەکانمان دور بکەونەوە لە کتێب خوێندنەوە و خۆ پڕچەککردن بە زانست و زانیاری، لەلایەکی تر ئەگەر سەرنج بدەین تێبینی دەکرێت نەوەی مۆبایل بەزۆری قەڵەون! ئەمەش هۆکارەکەی بۆ کەمی جوڵەو گەڕان دەگەڕێتەوە، بەردەوام سەر قاڵە ودابڕاوو دورە پەرێزە لە ئەندامانی خێزانەکەی و لە تەواوی کۆمەڵگاکەی، ئەم دورە پەرێزیەشی دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا نەتوانێت تێکەڵ بە منداڵانی هاوتەمەنی بێت لەکاتی باخچەی ساوایان و قوتابخانە شەوە، هەروەها دەبێتەهۆی تێکچونی دەرونی کە ئێستە بەشێوەیەکی دیار و باو هەست دەکەین زۆربەی منداڵان کاتێک ڕوولە باخچەی ساوایان یان قوتابخانە دەکەن دەر دەکەوێت بەشێوەیەکی گشتی دورەپەرێزن، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتگوێ خستنەی دایک و باوکان بەوەی پێویستە کاتێکی دیاری کراو بۆ منداڵەکان دابنێن بۆ ئەو یاریانەی تا ئەندازەیەك پێیەوە پەیوەست بوون. بۆ دورخستنەوەی منداڵ لەو مەترسیە پێویستی بە پلانێکی تۆکمە هەیە تا بتوانین ڕێگربین لەبەردەم زیانەکانی ئەو ئالودەبوونە ئەویش بەڕێگەی دۆزینەوەی جێگرەوە و کەم کردنەوەی کات و سنوردارکردنی، ناگونجێت بەیەکجار منداڵ دوربخەینەوە لەوەی کەوا پەیوەستە پێیەوە، ئەگەر هاتو بەو شێوەیەبێت ئەوا ناتوانرێ بەیەکجاری فەرامۆشی بکات، هەوڵ بۆ ئاشناکردنی بدرێت بە بابەتی گونجاوکە لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی بگونجێت، هەروەها لەگەڵی بیت بە بەردەوامی و زیانەکانی بۆ بخەیتە ڕوو بەشێوەیەکی زانستی گرتنەبەری باشترین جارەسەر بۆی، گرنگی دان بە کتێب و خوێندنەوەو بابەتی زانستی و هونەری و وەرزشی لەگەڵ خوێندنی بابەتەکانی قوتابخانەی لەلا خۆشەویست بکرێن بەجۆرێك چۆن حەزو خولیای بۆ یاری کردنەکە هەیە . وەک لە پێشەوەش ئاماژەم پێداوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هۆگری بوونە لەنێوان منداڵو تەکنەلۆژیا کەم بکەینەوەو بیگۆڕین بە ئەرێنی دەبێت جێگرەوەیەکی باشتری بۆ فەراهەم بکەین، کاتێک باس لەمنداڵ دەکەین بەپێی تەمەن و قۆناغەکانی جیاوازی هەیە، بەدڵنیاییەوە ئەوەی بۆ منالێکی قوناغی یەکەم دەبێت جیاوازتربێت لەقوناغی دووەم بەهەمان شێوە لەقوناغەکانی تریش، بۆیە دەبێت باشترینیان هەڵبژێرین کەوا لەگەڵ قوناغ و تەمەنی گونجاو بێت . تەکنەلۆژیا لە دنیای ئەمڕۆدا بە سەرچاوەیەکی سەرەکی زانست و زانیاری دادەنرێ لەوڵاتە پێشکەوتوەکان، بەدڵنیایی ئەگەرهاتوو بەشێوەیەکی زانستی بەکار هێنرا، کاتەکەو بەرنامەکەی بۆ تەمەنەکەی و بابەتەکەی گونجاو بوو ئەوا بەسەر چاوەیەکی پڕ زانیاری دادەنرێ، دەتوانرێ سودێکی زۆر بە کۆمەڵگاکەمان بگەیەنێ، چونکە فێرکردن بە مەشق پێکردن و پێویستیەکانی قوتابیان پەیوەستە کاتێک مامۆستا دەتوانێت بیگرێتە بەر لە مەودای وانەوتنەوەکەی، دەتوانێت کۆمەڵێک ڕێگاو شێوازی تازەو سەردەمیانە بگرێتەبەر بەجوانترین شێوە هەتاوەکو زانست و بابەتەکەی بگەیەنێت بەقوتابیان، هەروەها گرتنەبەری شێوازی گروپ کە لەهەندێک قوتابخانەکان پەیڕەو دەکرێت هاوکات فێرکردن لە ڕێگای جوڵەوە گرنگی زۆری هەیە بۆ قوتابیان بەتایبەتی بازنەی یەکەم و دووەم کەوا مێشکیان فراوان دەکات و بیرو زەینیان ڕادەکێشێ بۆ بابەتەکە و ڕۆڵ بینین و شانۆ و تەمسیلی وادەکات کە قوتابی هەست بە بونی خۆی بکات وخاوەنی پێگەو کەسایەتی خۆی بێت، لەگەڵ ئەمانەشدا فێربووون لەڕێگای گەشت کردن بۆ ئەو شوێنەی کەوا دەگونجێ بۆ قوتابی و ئاشناکردنی بەبابەتەکەی ڕاستەوخۆ لە ژینگەی دەورو بەری کاریگەری زۆری لەسەر قوتابی دەبێت چونکە منداڵ هاندەدات بۆ بەستنەوەی بابەتەکەی بە ژینگەی دەوروبەر و دەرکەوتنی لایەنی جیاوازو هەست کردن بەبابەتەکە و باشتر تێگەیشتن .

گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ئیبراهیم باڵدارو هەڵە زەقەکانی چاپی تازە

لەڕوانگەی یەکەم هەنگاونانی منداڵ، بۆ نێودنیای فێربون و و فێر کردن و بنیادنانی پەروەردەیەکی دروست، بە پێویستیم زانی تیشک بخەمەسەر بابەتەکانی کتێبی کوردیی لە قوناغی یەکەمی بنەڕەتی لەدیدو بۆ چوونەکانی خۆمەوە ئاشنای خوێنەری بکەم .
قوناغی یەکەمی بنەڕەتی لەبازنەی پەروەردە وبونیادنانی کەسایەتی و بڕوابەخۆبوون لەلای قوتابی دێنێتە ئاراوبە بناغەی قوناغەکانی تر دادەنرێ چونکە هەر لەیەکەم ساتی هاتنە ناو قوتابخانەوە ئاشنادەبێت بە ستافی قوتابخانەو دروستبوونی هاوڕێ و هاو پۆل و لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ پرۆ گرامی تایبەت بەو قۆناغە ئامادەکراوە بۆ ئەو تازەو زەحمەتە، وەک هەر بابەتێکیتر باسەکەمان دەربارەی پرۆگرامی کوردیە کەوا هەرلەسەرەتادا دەبێت بەپیتەکانی زمانی کوردی ئاشنابێت ئەو پیتانەی ، کاتێک لێکدەدرێن و وشەبنیاد دەنێن، وە لە پاش ئەویش دەبنەهۆی دروستبوونی ڕستە ، بۆیە وەک هەر تاکێکی کوردی پێویستە هەست بەو بەر پرسیاریەتیە بکات کەوا کام شێوازو کام ڕێگا زووتر دەمانگەیەنێت بە رەو ئامانج ، هەتاوەکو کاریگەری باش لەلای قوتابی بە جێ بهێڵێن ئەگەر بێتو باس لە کتێبی ئەلف و بێی کوردی بکەین، کەوا بە باشترین و پەسەند ترین کتێب دادەنرێت، کە توانیویەتی بەشێکی گەورە لەژیانی ئێمەو ئەوانەی پێش ئێمەش دروست بکات، کتێبی( ئەلف و بێی کوردی ئیبراهیم باڵدار) ە ئەو پرۆگرامەیە چەندین نەوەی پێگەیاندووە و بۆ ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ وەک کتێبێکی دانسقەی بە پێز سەیر دەکرێ چونکە بە ڕوونی و بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک داڕێژراوە ،ئەگەر هاتوو سەرنج بدەین بۆ مان دەر دەکەوێت کەوا وردەکاری زۆری تیایە وەک دەبینین هەر کاتێک پیتێک دەخوێنین لە دوبارە کردنەوە پیتی دوای ئەو بەشداری دەکات ئەمەش وادەکات کەوا قوتابی فێری خوێندنەوەبێت بە باشترین ڕێگا. بەڵام لە ڕووی چالاکییەوە زۆر لاواز بووە ، هاوکات لە قۆناغەکانی ساڵانی رابردوو لەهەولێر کتێبەکەی باڵدار دەخوێنرا لە سلێمانی وکەرکوک کتێبەکەی عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین دەخوێندرا ئەمەش کێشەیەکی تربوو بۆ قوتابیان چونکە لە کاتێکا قوتابی بگواستراباییەوە بۆ شارێکی تر کێشە دروست دەبوو لەوانەی کوردی وە هەروەها لەناوچەکانی دهۆک و ئاکرێ بەشێوەی بادینی دەخوێندرا ، بۆ زیاتر ئاشناکردنی خوێنەر باس لەکتێبی دووەممان دەکەین وەئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی تر باس لە کتێبی دووەم بکەین ئەلفبێ ( عەبدوڵلامحەمەد ئەمین). وەک تێبینی دەکرێت کەوا زۆر لە کتێبی یەکەم نزیکە و تازەگەری تێدایە بەبەراوورد بۆمان دەر دەکەوێت کەوا لەهەمانکاتدا هەم توانای تێگەیشتنی لە پیتەکان دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی تێدایە بۆ قوتابی کەوا دەرفەت دەدات بە وروژاندنی قوتابی ،هاوکاتیش لەیەک کات مامۆستا دوو ئامانج بۆ قوتابی دەپێکێت ئەویش: هەم فێربوون هەم چالاکی، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوەک باسمانکرد لەهەر ناوچەیەو پرۆگرامێکی جیا دەخوێندرا، هەر لەبەر ئەمەش

بوو کە وای لە وەزارەتی پەروەردە کرد بیر لە پرۆگرامێک بکاتەوە کە لە هەموو کوردستان یەک پرۆگرام بێت ئەویش پرۆگرامی خوێندنی کوردی سمۆرە یە کە لەلایەن لیژنەی پەروەردە دانراوەو پەسەند کراوە کە ئێستا دەخوێندرێت. بەرای زۆربەی شارەزایانی زمان ئەم پرۆگرامە تا ڕێژەی ٪٨٠ سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و قا بیلی دەستکاری کردنیشە. ئەم پرۆگرامە تازە چەسپاوە نازانم ئایا دەگۆڕێت یان نا.بەڵام پسپۆڕانی ئەم بوارە لەهەموو لایەکەوە لێکۆڵینەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەن , بەبۆ چوونی هەندێک پەسەندە بۆ فێربوون ،بە پێچەوانەشەوە ، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٤ بۆتە پرۆ گرامێک کەوا لەهەموو شارەکان و گوندەکانی کوردستان دەخوێنرێت و پەسەند کراوە ،وە لە دیدو بۆ چوونی مندا وەک کتێبێکی چالاکی دەیبینم بۆ نوسین نەک فێربوون چونکە وەک دەبینین قوتابی چالاک دەکات لەنوسین وەکۆمەڵێک وێنەی تێدایە کەوا کاتێک باس لەوشەیەک دەکات لەگەڵ ژینگەی قوتابیدا دەگونجێ وە ئەمەش وادەکات کەوا قوتابی هەر زوو لە بابەتەکە بگات وەک ( وێنە) بەڵام ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کەوا قوتابی توانای لەبەر کردنی بابەتەکەی هەبێت نەک فێر بوون لێی واتا بە (وێنەکان) دەزانێت کەوا بابەتەکە باس لە چی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەکی تر بە قوتابی دەناسێنێ کەوا قوتابی بەو وشەیە ئاشنا نەبووە. وە لەگەڵ ئەوەشدا دەخوێندرێت، هەموو ئەمانەی خستمە ڕوو بۆبەرەو پێشبردنی ئاستی قوتابیان بوو،... بەو هیوایەی زانیاریەکانم بەڕێک ودروستی گەیاندبێت، وەپێویستیشە لیژنەی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە هەوڵبدات، لەوانەکانی هەرسێ پرۆ گرام ، پرۆ گرامێک دروست بکات وبتوانرێ لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ ی قوتابی و خوێندن بەباشترین شێواز بیگونجێنی

ئەو هۆکارانەی کەوا پاڵ بەقوتابیەوە دەنێت بۆ خوێندن

یاخود ئەو هۆکارانە چین دەبێتە هۆی دواکەوتنی قوتابی لەخوێندن و نەمانی ئارەزووی خوێندن :
پاڵنەر حاڵەتێکی ناوەکی جەستەییە یان دەرونی یە ڕەفتار لەدۆخێکی دیاری کراودا دەیوروژێنێت هەتا دەیگەیەنێتە بەئامانجێکی دیاریکراو ، یاخود حاڵەتێکە لەنیگەرانی جەستەیی و دەرونی ڕەفتاردەوروژێنێت تاگەیشتن بەئامانجەکەی ، پاشان دەبێتەهۆی کەم بوونەوەی ئەم نیگەرانیە یاخود لاچوونی بەتەواوەتی وە لەکۆتایدا تاک هاوسەنگی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە ، پاڵنەری خوێندن زاناکان بە وروژاندنێکی ناوەکی ناوی دەبەن پاڵ بەقوتابیەوە دەنێن هەتا چالاک بێت .
ئەوەی جێگایی سەرنجە زۆرێک لەدایک و باوکان و مامۆستایان ئەوانەی لەبواری پەروەردەدا کاردەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزنەوە بۆچی کۆمەڵێک قوتابی هاوتەمەن هاوڕەگەز کەئاستی زیرەکیان وەک یەکە کەهەمان مامۆستاو هەمان شێواز بەشداری دەکەن ڕۆژانە ، بەپێچەوانەوە لەئەنجامی کۆتای ئاستەکان جیاواز دەبێت واتە بەو شێوەیە نابێت کەڕۆژانە ئاستایان بەرزە ، وەهەروە ها کۆمەڵێک قوتابی هەیە ئارەزووی خوێندن و فێربونیان نیە یاخود ئەگەر هەشیان بێت نزمە ، بێگومان هەموو ئەوانەی باسمان کردن پەیوەندی بەبابەتێکەوەهەیە کە زۆر گرنگەو کاریگەری هەیە کە ئەویش بریتی یە لە خوێندن لەلای قوتابی کەناوی لێنراوە پاڵنەری خوێندن کەبەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێ بۆ فێرکردنی قوتابی وەڕۆڵی خۆی دەگێرێت لەبواری پەروەردە لەلایەن وڵاتە پێش کەوتوەکان و وڵاتە دواکەوتووەکانیش ، وەک ئامرازێک لەڕەوشتی ئێستا بۆ ڕەوشتی باشتر لەداهاتوو ، وەهەروەها لەکۆمەڵگە دا والەپاڵنەر دەڕوانرێت کەچەندین جوڵانەوە لەپشت ڕەفتارەکانی مرۆڤ زیاترە زیاتر لەپشت ئەنجامدانی ڕەفتارەکەوەیە ئەم هۆیانەش لەلایەک پەیوەندییان بەدۆخی ناوەکی بونەوەرەوەهەیە و لەلایەکیش پەیوەندیان بەوروژێنەرەکانی ژینگەی دەرەکی قوتابیەکەوەهەیە جا خێزانەکەی بێت هەتا چەندە هاوکارن لەدروستکردنی حەزی پاڵنەر بۆ خوێندن یاخود قوتابخانە هەتاچەندە تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ هاوڕێکانی و مامۆستاکانی ، هتر بۆیە ئێمە نابێت پێشبینی ئەوە بکەین کەهەموو تاکێک لە گشت هەڵوێستێکدا وەک یەکن وە چ ڕەفتارێک دەکەن چونکە ڕەفتاری مرۆڤ وەرگیراوە دەگۆڕێت لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بەیوەندی بەئاستی زیرەکیەوەنیە
(بەگشتی کۆمەڵێک هۆکار کاریگەری هەیە لەسەر پاڵنەری خوێندن لەلای قوتابی بەگشتی خێزان، ژینگەی قوتابخانە)
قوتابخانە هەمیشە جێگای بایەخ پێدانی هەموو کۆمەڵگایەک بووە لەپێدانی زانست و زانیاری بەقوتابی بەڵکو بەکۆڵەکەیەکی گرنگ دادەنرێ بۆ بەرەوپێش چونی خێزان واتە بەشدارە لەبەرەوپێش چونی خێزان هاوشانە لەپەروەردەکردنی منداڵەکان واتە قوتابیەکان ، وەک دەبینین بەهۆی ئەوگۆڕانانەی بەسەر دنیای دەوروبەرمان هاتوەو نزیک بون لەدنیای تەکنەلۆژیاوای کردوە

لەهەندێک قوتابی پاڵنەری خوێندن زۆر تربێت بەپێچەوەنەشەوە بۆتەهۆی دواکەوتنەوەی هەندێک قوتابی لەخوێندن ، ئەوەی جێگای ئاماژەیە دەبێت قوتابخانەو خێزان لە قوتابی بگەن هەتا بتوانن
پاڵنەری خوێندنیان لەلا زیاتر بکەن و لەهەمانکاتیشدا حەزو ئارەزوەکانیشیان لەبەرچاوبگرن بەڵام بەمەرجێک هۆکارنەبێت بۆ دواکەوتنی قوتابی بگرە هۆکارێک بێت بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونی.

پرسیاری هەڵبژاردن لەنێوان دووڕیانی ئەرێنی و نەرێنی

تاقیکردنەوەی وانەکان بە شێوازی هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست و دوورکەوتنەوەی قوتابیان لە زانیاری و تێگەیشتن لە بابەتەکان یاخود بە شێوەیەکی تر هەڵبژاردن و کاریگەری و ئەنجامەکانی لە قوناغی ی ٩بنەڕەتی و ١٢ ئامادەی
بە پێویستم زانی بابەتێکی ئاوا هەستیار بوروژێنم بۆتویی خوێنەر وەک دەبینین بۆتە هۆی نزم بونەوەی ئاستی زانستی و گرنگی نەدان بە ناوەڕۆکی بابەتەکان ئەمەش بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێت کەوا قوتابی هاندەدات بۆ لەبەرکردنی بابەتەکە, بەبێ ئەوەی لەلای گرنگ بێت هەتا
چەندە زانیارییەکانی ناو بابەتەکە بۆی گرنگن. بەداخەوە دەبینین لە سەرجەم قوناغەکانی خوێندن، بە تایبەتی ٩ ی بنەڕەتی و ١٢ئامادەیی ئەم شێوازە دەگیرێتە بەر. لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆنەی هاتنە ئارای ڕێگای کورتکردنەوە و مەلزەمە کە ئەمەش هۆکارێکی ترە کەوا دەکات، قوتابی کتێبەکانی پشتگوێ بخات و بۆ کورتترین ڕێگا دەگرێتە بەر هەتا بتوانێ

بەرزترین نمرە بەدەستبهێنێ، بەبێ گوێدانە ئەوەی کەوا ئایە هەتا چەندە توانیویەتی زانیارییەکانی ناو بابەتەکە کۆبکاتەوە و پێیان ئاشنا بێت و لێیان تێبگات.

هەڵبژاردن بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێ کە قوتابی بەرەو خاو بوونەوە بڕوات و ئارەزوو و تواناکانی سەرکوت بکات، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، هەموو هەوڵ و ماندووبونەکانی بۆ کاتێکی دیاریکراوە. گرنگیشە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی وا دابڕێژرێن قوتابی گومان بکات لە دیاریکردنی وەڵامە ڕاستەکە، چونکە هەندێ کات بەشێوەیەکی وا دیاریکراوە کە قوتابی هەر لە خوێندنەوەی بابەتەکە وەڵامەکەی دەپێکێت بە تایبەتی بۆ پۆلەکانی لقی وێژەیی. جا بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەواو و تۆکمە لە ڕووی پەروەردەییەوە پێشکەشی کۆمەڵگا بکەین، دەبێت هەوڵ و ماندووبوونەکانمان چڕکەینەوە و گرنگیی زیاتر بە پۆلە وەزارییەکان و قۆناغەکانی تری خوێندنیش بدەین و هەتا بتوانین قوتابیانمان بە زانیاری گۆشکەین و ئاستی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵ بەرزکەینەوە، چونکە ئەگەر هاتوو بەو شێوازە بەردەوام بین، نەوەیەک پێدەگەیەنین کە ئاستی زانستییان لاواز زۆرتر دادەبەزێت .کاتێک باسی شێوازی هەڵبژاردن دەکەین لە دوو دیودا بەشێوازێکی تر دوولایەنی هەیە ئعمونەوانیش لایەنی ئەرێنی وە لایەنی نەرێنی ،ئەگەر هاتوو هەردوو لایەن هەڵسەنگێنین بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاو ڕونی لەلای خوێنەرد دروست بکات ئەوا یەکەمیان لایەنی ئەرێنی شێوازی هەڵبژاردن کە ئەمیش وەک دەبینین سودی بۆ مامۆستا و کارمەندانی سەرپەرشتیاری تاقی کردنەوەکان دەگەڕێتەوە چونکە شێوازی هەڵبژاردن کاتی کەمی پێویستە بۆ هەڵە چنینی وەڵامەکانی قوتابیان هەروەها بەهۆی ئامێری تایبەت وادەکات کە مامۆستای سەرپەرشتیار کەمتر بێت وماندوو بونی کەمتر بێت . لایەنی دووەم نەرێنی دیوێکیەوە ئەم لایەنانە بە زەرەر مەندی یەکەم قوتابیە کەوا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی فێربوون و هۆشیاری و زانستی وە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ و کۆمەڵگاو وە بەدڵنیایی دەبێتە هۆی دروست بونی بۆ شاییەکی گەورە لە

بنیادنانی کۆمەڵگا کۆتایی دێت چونکە ئەوەی قوتابی بە گرنگی دەزانێت تەنها خۆ ئامادە کردن دەبێت بۆ هەشت ڕۆژی دیاری کراو کەوا بتوانێت نمرەیەکی بەرزبەدەست بهێنێت و ئەوەی دەیەوێ بگات پێی ئەوەیە کەوا بەبێ گوێدان بتونێت لەو ئاستەی . سەرکەوتنی قوتابیان بەشێوەیەک دەبێت کەوا کاتێک هەموو مامۆستاکان دەستیان درێژ کەنو یارمەتی دەری قوتابی بن بۆ ئەوەی کەسێکی سەرکەوتو بەرهەم داری لێ دروست بێت هەریەک لەمانە دەتوانن بەشێوەیەک لە شێوەکان بەێگایەکی تایبەت هانی قوتابی بدەن.

بەدەستی هێناوە گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە وە بتوانێت ئامانجی گەورە تر بپێکێت وە داهێنان بکات وە هەڵبژاردن هۆکارێکە کەوادەکات قوتابی لە دیوێکی تەسکەوە لە بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن

بڕوانێت وە هەروەها لایەنی

زمان کەرەستەیەکی سەرەکی یە:

زمان کەرەستەیەکی سەرەکی ئاخاوتن و لێک تێگەیشتنە لەنیوان مرۆڤەکان
گفتوگۆ و شێوازەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە بۆ کەسی قسەکەری بەرامبەر لەهەمانکاتیشدا کەسی گوێگر کاتێک پرسیاری ئاراستەدەکرێ
گفتوگۆ پێویستی بە ئاستێکی باڵاو بەرزە بۆ دەربڕین و سەرنج ڕاکێشانی کەسی بەرامبەر و مامەڵەکردن لەگەڵ ووشەکان بە شێوەیەک لەدەربڕین و هاتنەدەرەوەی پیت و ووشەکان ئاستی هۆشیاری ئەو تاکەو خێزان و کۆمەڵگاکەی کەتیایدا دەژیی گەشە دەکات و دەردەخات و تەمسیل(نواندن ) کردنەوەیەکی گەورەکانی دەردەبڕێ لەکاتی ئاخاوتندا
ئەتەکێتی قسە کردن پێوستیەکی گرنگە بۆ منداڵ کاتێک بەرەو باخچی ساوایان یاخود بەوەو قوتابخانە هەنگاو دەنێت هەتا چەندە دەتوانێ کەسایەتی خۆی دەربخات بۆکەسی بەرامبەری ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم و لەسەری بوەستم دانانی پرۆگرامو بابەتێکی تێرو تەسەل بۆ پرۆسەی پەروەردەیە هەتا بتوانین منداڵەکان لەباخچەوە ڕابهێنین لەسەر ئەتەکێتی قسەکردنو چۆنێتی خۆسەلماندن ، منداڵ پێویستە بزانێت لەچ کاتێک پرسیاری هەیە لەچ کاتێک پێویستە گوێبگرێ بۆ کەسی بەرامبەر بەچ شێوازێک مامەڵەدەکات هەتا بتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت لەدەربڕینی ، منداڵ وەک هەویروایە چۆن بتەوێت بیگۆڕیتو چی لێ دروست بکرێ دەتوانرێ بەئاسانی
مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا کۆمەڵێک ووشەی جوانو ڕازاوە دەبیسترێ کە بەوکەسانەی ڕەوانن لەئاخاوتن یاخوت لەدەربرینا سادەن پێیان دەوترێ گوفتارشیرینی بەگوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێت هەرناوچەو بەشێوازێک ئاخاوتنەکان دەردەبڕن ، وەک پێویستیەکی سەرەکی وایە گوتاری شیرین دەبێت بەهەند وەر بگیرێت ، لەکتێبی دیداکتێک لە پێشەکیەکەی نوسەر باس لەسیستەمی پەروەردەیی دەکات ئەگەرهاتوو بمانەوێ گۆڕانکاری لەبواری پەروەردەدا بکەین دەبێت بیرکردنەوەی مامۆستاو خوێنکارەکان بگۆڕین ، لە سوچێکی تر دانووسەر ئاماژە بە گفتوگۆ دەکات کە دەبێت مامۆستا ڕەچاوی ٣ خاڵ بکات کەزۆر گرنگە:
یەکەم / خۆی زۆر کەم قسەبکات
دووەم/ ئەرکی مامۆستایەکەقوتابیەکان فێربکات ڕێز لەبۆ چونی جیاوازی یەکدی بگرن ، ,
سێیەم // هەموویەکێک مافی ئەوەی هەیە بۆچونی خۆی دەربرێت ، نیشانەی پرسیار بخاتە سەر بۆ چونی ئەوانی دیکە( ١ )

( ١ )فایق سعید, دیداکتێک مۆدیل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە , چاپی یەکەم (٢٠١٧) ل٩
درۆکردن چیە؟

هۆکارەکانی یاخود چی دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا پەنا بۆ درۆکردن ببرێت لەلای منال بەتایبەتی ؟

درۆکردن /   بریتی یە لە وەسفێک لەشتێک یاخود  بارودۆخێک  ناتوانرێ بوترێ سیفەتە چونکە  لەگەڵ بونی مرۆڤ دانیە بگرە بەهۆی هەندێک هۆکاری تایبەتەوە تووشی دەبێت کەوا پێچەوانەی ڕاستی ڕوودانەکەیە کەواتە دەتوانین بڵێین درۆکردن کردارێکی وەرگیراوە زۆر بەی جار بگرە بەشێوەیەکی گشتی لەمنداڵدا ڕوو دەدات بۆ خۆدەرباز  کردنی لەکارێک کە ئەنجامی داوە ،  لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین دیاردەیەکی  لەخێزا و ژینگەی کۆمەڵایەتی وەری گرتووە ،ڕەنگ و ڕواڵەی مرۆڤ،واتە سیماو ڕەنگو ڕووی بۆماوەییە [وراثی]یەبەڵام هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی بەدەست هێنراوە لەپەروەردەی خێزان و کۆڵان و قوتابخانە واتە ڕەفتارەکانی مرۆڤ مادام وەرگیراوە دە توانرێت لەنەرێنیەوە بۆ ئەرێنی لەژێرکاریگەری پەروەردەی تەندروست گۆرانکاری و وەرچەرخانی تێدا بەدیبهێنریت .بەڵام هەروەکو ئاماژەمانپێدا ڕەنگو ڕواڵا کەبۆماوەییە ناتوانرێت بگۆڕدرێت.

ئەو  هۆکارانەچین کەوا منداڵ پەنا بۆ درۆ کردن دەبات؟

وەک دەبینین لە کۆمەڵگەی کوردەواری و لە ناو زۆربەی خێزانەکان بۆ ڕازی کردنی منالەکانیان پەنا بۆ درۆ کردن دەبەن  بە  درۆی سپی ناوزەدی  دەکەن لە کاتێک ئەمە دەرچەیەکەو  هەنگاوێکی سەرەتاییە هەتا منداڵ لە درۆکردن و شێوازەکانی تری درۆ کردن ڕابێت  بە بێ ئەوەی دای باب و خوشک و براکان هەستی پێ بکەن منالە پچوکەکان پەلکێش دەکەن بۆ ئەم دیاردەیە  لەئاکاما دەبێتە خوو چارە سەرکردنی زۆر زەحمەتو ئەستەنگ دەبێت ،  لێرەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر  جۆرەکانی درۆ کردن یاخود هۆکارەکانی درۆکردن  چونکە کۆمەڵێک هۆکار والەمنداڵ دەکات  دەرگایەکی گەورەتر بەڕووی درۆکردندا بکاتەوە دەی کاتە بەشێک لەژیانی و بەردەوام دەبێت لەسەری وەک ئەم جۆرانەی خوارەوە :(١)

جۆری یەکەم /درۆی خەیاڵی /ئەم جۆرەیان لەدنیای منال پانتاییەکی فراوانی خەیاڵی داگیردەکات کەوا  لەگەڵیا خۆی دەنوێنێ و خۆی دەکات بەبەشێک لێی و جێژێکی وای لێدەبینێ کەوا خۆی ئەکتەرێکی ناو چیرۆک و فلیمەکانە  کە زۆر دوورە لەڕاستیەی تیایدا دەژی بۆیە دەبێت هەمیشە منال ڕابهێنین لەسەر ئەو کارو یاریانەی کە بەرجەستەن و  چێژو خۆشی دەروونیو جەستەی دەبەخشن بەمناڵ ،

جۆری دووەم /درۆی تێکەڵکردن /ئەم جۆرەشیان لەقوناغی دوومی منداڵدا ڕوودەدات کە کە زانا جان پیاجی بەو قوناغەدەڵێت قوناغی پێش پرۆسە مەنتقیەکان کەتەمەنی منداڵ لەنێوان (٧-٢) ساڵ دایە  هاوشێوەی یەکەمە وە منداڵ ناتوانێت جیاکاری بکات لەنێوان ڕاستی وخەیاڵ وخەونەکانی وەهەروەها حەزوو خولیاو ئارەزووەکانی وە تێکەڵی دەکات زۆری قسەکانی دورن لەو ڕاستییەی کە تیایدا دەژی  بەم هۆیەش پەنا دەباتە بەردرۆکردن  خۆشی بەشێک دەبێت لە درۆکە

جۆری سێیەم /درۆی پارێزگاری کردن لەخود  / ئەم جۆرەیان بە  بەربڵاوترین  جۆری درۆ دادەنرێ  بەتایبەتی لەکۆمەڵگای کوردەواریدا  لەناومناڵان چونکە زۆرجار منداڵ بۆ پارێزگاری کردن لەخوودی خۆی پەنا بۆ درۆ کردن دەبات بۆ دەربازبوون لەوسزایەی لەئاکامی کارێک ئەنجامی داوە یاخود  زەرەرێک کەداویەتی یاخود  شتێکی شکاندبێت  چونکە ئەگەرهاتوو ڕاستی وت ئەوا سزاو ئازارێکی چاوەڕوان کراو ڕووبەڕووی دەبێتەوە  هەندێک جار منداڵ ڕاستیش دەڵێت لەپاشان هۆکاری ڕاست وتنەکەی لێدان دەخوات ئەمەش هۆکارا بۆئەوەی جارێکیتر ڕاستی نەڵێت هەتاوەکوو لەسزادان دوربێت.

جۆری چوارەم /درۆی تۆڵەسەندنەوە /هەندێکجار منداڵ درۆ  بۆ تۆڵە سەندنەوە وەک چەکێک بەکاری دەهێنێت ئەمەش کاتێک ڕوودەدات منال هەست بکات بەیەکسانی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت لەماڵ  یان لەقوتابخانە  پەنا بۆ ئەم جۆرە درۆیە دەبات هەتا کەسی بەرامبەری سزابدرێ جا خوشکو برای بێت یان هاوڕێی قوتابخانەی بێت هەستی ئازاردانی لایەنی بەرامبەر لەناخیا چەکەرەدەکاتو بۆ ئارام کردنەوەیدەرونی خۆی پەنا بۆ  ئەم کارە دەبات.

.

جۆری پێنجەم /درۆی لاسای کردنەوە /کاتێک منال دەبینێت گەورەکان درۆدەکەنوو بەبێ گوێدانەئەوەی کە منالەکانیان لەنزیکیاننو کاریگەری لەسەر ئەوان دەبێت چونکە زۆر جار گەورەکان بەدرۆی سپی ناوی دەبەن گوایە بۆ کارێکی خێر یاخود بۆ خۆدەربازکردنیان ئەنجامی دەدەن بۆ نموونە کاتێک میوانێک بەتەمایە ڕوبکاتە ماڵیانو کارێکی هەیە یاخود بۆ میوانداریە ، منداڵەکە دەبینێت داکو بابەکە هەرکامیان بێت دەڵێت لەماڵنین ڕەنگە خۆشیان ئامادە کردبێت بۆ دەرچوون بەڵام لەبەر ئەوە منداڵ ئەو سنوورە دەبینێت کەتێیدا دەژی لەگەڵ ئەو درۆیە ڕانایەت کە وا گەورەکان دەی کەن دەڵێن لەماڵ نین، لەکاتێکا لەماڵیشن بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەمنداڵ بەرەو فێربوونی ڕاست نەوتن هەنگاو بنێت چونکە لەلایەنی بەرامبەر وەری دەگرێت لەپاشان بەتێپەڕبوونی کات لەسەر ڕاست نەووتن ڕادێتو بەلاوە کارکی ئاسایی دەبێت.

جۆری شەشەم /درۆی بانگەشەکردن /ناودەبرێت چونکە منداڵ لەئاکامی هەست کردن بەکەمیو بێبەش بوون دروست دەبێت بەمەش وادەکات ئەوەی کەهەیەتی زیاد لەپێویست باسی بکاتو بۆ ڕاکێشانی سۆزو خۆشەویستی چواردەوری خۆدەرباز کردن لەکارێک کە پێی سپێردراوە چونکە زۆر جار منداڵ بانگەشە بۆ خۆی دەکات کەوانەخۆشەو سۆزو خۆشەویستی دەوروبەری بۆخۆی ڕادەکێشێت لەوکاتەدا کەگرنگی دانی دەوروبەری دەبینێت زیادەڕەوی دەکات لەنەخۆشیەکەی و زیاتر هۆگری درۆکردن دەبێت.

جۆری حەوتەم /سەرقاڵی خێزانو گرنگی نەدان بە منداڵ لەکاتی هاتنەئارای منداڵی پاش ئەگەر هاتوو جیاوازی تەمەنیان زۆر کەم بێت وە بینینی منداڵ و پشتگوێ خستنی و دەرنەخستنی سۆزو خۆشەویستی بۆی وجیاوازی کردن لە نێوان منداڵ چونکە ئەو واتێدەگات کە چیتر ئەو گرنگ نیە لەلایان بەتایبەتی لەکۆمەڵگای کوردەواری لەکاتی هاتنی ئەندامی تازەی ناوخێزان هەرزوو منداڵی پێش ئەو فەرامۆش دەکەنو دەوترێ هەوێی بەسەرهاتوە ئەمەش لەلای منداڵ کەڵەکە دەبێتو واهەست دەکات کەوا شوێنی خۆشەویستی ئەو کەسێکی نوێی بۆ هاتوەو ئیتر ئەو خۆشەویست نیە ئەم هۆکارەش والەمنداڵ دەکات کەوا هەنگاو بنێت بۆ خۆی

(١)جۆرەکانی درۆکردن وانەی مامۆستای دەروونناسی (خەندان ) لەپەیمانگای ڕاهینان و گەشە پێدانی هەولێر

تەوەری خێزان /

زەنگی دەسپێکی خوێندن و ئاریشەکانی
هەراسان کردنی منداڵ لەنێوان دوومالْ
کۆرۆناو تێکدانی بەرنامەی ژیان ,بریارەدڵخۆشکەرەکەی قوتابیان
دابڕانی قوتابیان و دروست بونی کەشێکی نالەبار
دنیای منالْ ڕەنگ بکە بەوڕەنگەی کەئەو دەیەوێت
داوای لێبوردن پچوکی نیە
میدیاکان و ناوی بێناوەرۆک
هەرەمی ماسلۆ و پێویستیەکان

زەنگی دەسپێکی خوێندن و ئاریشەکانی:

زەنگی دەسپێکی قوتابخانە هەتاچەندە بێتە مایەیدڵخۆشی بۆ قوتابیانو خێزانەکانیان ؟ ئایە بۆ هەندێ خێزان ناڕەحەتی و پشێویە بەپێچەوانەشەوە؟
لە گە ل کردنەوەی دەرگای قوتابخانە بەڕوی قوتابیان ئامادە کردن بۆ دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن دەبێتە سەرەتای بڕینی ڕێگایەکی دیاری کراوە لەژیانی قوتابی. بە هۆی هەندێک دۆخی تایبەت و دەر کەوتنی بواری چینایەتی لەنێوان خێزانەکان کە هۆکارە بۆسەر هەڵدانی دوودڵی و پەشێوی وەک دەبینین کۆمەڵگا دابەش بووە بەسەر دووئاست یەکەمیان ئاستی سەروو واتە ئەو ئاستەی کەوا بەشێکی کەمی کۆمەڵگادەبێت پەرۆشی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکانن بەڕوی خۆیان و ڕۆڵەکانیان چونکە هەر لەوادەی تەواوبوونی قوتابخانەو بەدەست هێنانی پۆلێکی تری خوێندن کارو بەرنامەیان دیاری کراوە دووەم ئاست ئاستی خواروو بەشێکی زۆر ی کۆمەڵگا پێک دەهێنن ونیگەرانی و ئاریشەکانی ژیان و گوزەران لەلایەن خێزانەوە بەشێوەیەکی بەر چاو دەر دەکەوێت هەر لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی دیاری کراو لەخەمی ئەوەدا دەبن چۆن پێویستیەکانی قوتابخانە بۆ ڕۆڵەکانیان دەستە بەربکەن بەبێ گوێدانە ئەوەی ئایەقوتابخانەکانیان هەتاچەندشیاو شایستەیەو ژینگەی قوتابخانە پۆل پرقوتابیە . ئایە مامۆستا کاتی ئەوەی هەیە لەگەڵ هەموو قوتابی بەشی بکات لەکاتێکا هەندێک لەخێزانەکان لەهەوڵی ئەوەدان قوتابیەکانیان بنێرنە قوتابخانەی ئەهلی لە بژێوی ژیانی خۆیان دەگرنەوە زەختێکی زۆر لەخۆیان دەکەن هەتا بتوانن منداڵەکانیان بنێرنە ئەو قو تابخانانەی کە ناوبانگیان هەیە جا هۆکارەکەی گرنگی دانیان بێت بە پەروەردەو فێرکردن یاخود چاولێکەریو خۆدەرخستن بێت ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا پرسیارێکە کە وا ڕووبەڕوی کەسانی شارەزاو وەزارەتی پەروەردە دەبێتەوە هۆکاری چیە کەوا مامۆستا لەقوتابخانە ئەهلیەکان و تایبەتەکان گرنگی یەکی زۆربە قوتابی دەدە ن و نەرمونیانانە لەهەڵسوکەوتو مامەڵەکردنی تایبەت هەتا بگرە تەرخان کردنی کاتی پشوو بۆ قوتابی بەبەراورد کردن لەگەڵ قوتابخانەی حکومی کاتێک مامۆستا چاوێکی لەسەر تەواوبوونی بابەتو وانەکەیە بە نەجات بوون لەوپۆلە دای دەنێت کە زەنگ لێدەدرێ هەتا وادەی وانەی دوای ئەو . نەمانی متمانە لەنێوان قوتابخانەو خێزانەکان بەراورد کردنی مامۆستاکان هەموو ئەمانە هۆکارن کەوا سیستەمی پەروەردە متمانەی لای خێزانەکان کاڵ بێتەوە. نەمانی سەنگی قوتابخانە حکومیەکان لەکاتێکا ئەگەر بەوردی لەم دۆخە بڕوانین بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو ئاست و هەڵسەنگاندنەکان ئەومان بۆ دەخەنەڕوو کەوا لە پۆلی ١٢ زۆری ئەو قوتابیانەی نمرەی بەرز تۆماردەکەن لە قوتابخانەی زۆر سادەوە هەنگاویان ناوە گەیشتوون بەو ئاستە ، لێرەدا دەمەوێت دوو پەیام بگەیەنم یەکەمیان بۆ کەسو کاری قوتابیەکانە کەوا بەسادەی وەری بگرن لەکام قوتابخانە منداڵەکانیان دادەنێن کە ئاسوودەن لەوقوتابخانانە هەوڵیان لەگەڵ بدەن و هاندەریان بن ئاڕاستەو ڕێماییان بکەن ڕوەو ئامانجەکانیان خوێندنیان.لەلا خۆشەویست بکەن ولەسەربنەمای هاندان و لێپرسینەو بەدواداچون بۆ خوێندنی ڕۆژانەیانبکرێت

ئاڕاستەو پشتیوانی بکرێت بۆ ئەوەی قوتابخانەو خوێندن بەهەند وەربگرێت وببێتە دۆست وهاوڕێی خوێندن .پێویستە دایباب ڕۆژانە لەگەڵ منداڵەکانیان لە کۆنتاکدابن بۆ ئەوەی لەقوتابخانە کانیان دوانەکەون کاتەکانیان بەهەدەرنەدەن چونکە ئەم کارانە دەبێتەهۆی خاوبوونەوەی قوتابی لەقوتانجانەو بەهەند وەرنەگرتنی وانەکانی لەکاتی خۆی لەئاکامدا دەبێتە هۆی دەرنەچوون و

بەدەست هێنانی ئاستی لاوازو وە هەرئەمەش هۆکاردەبێت قوتابخانەی لاگرنگ نەبێت چونکە خێزان و مامۆستا تەواوکەری یەکدین لەبەدەست هێنانی ئاستی بەرز لەگەڵ ئەوەشدا کەم کردنەوەی کات و سەردن و گەشتەکانیان چونکە بەو هۆیەوە منداڵ بۆ وادەیەک دادەبڕێت لەوانەکانی لەهەمانکات ساردبوونەوە لە لای منداڵ دروست دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە لەدوای تەواو بوونی سەردان ئەوکاتە کاریگەریەکەی دەردەکەوێت کەوا چەندە زەرەرمەند دەبێت. دووەمیان بۆ کەسانی شارەزاو وەزارەتی پەروەردە پێویستە هەنگاوەکانی بۆ چڕ بکاتەوەو هەتا بگاتە ئەو ئاستەی کەوا سزاو پاداشت هەبێت بۆ بەڕێوەرو مامۆستاو فەرمانبەران بەگوێرەی کەم تەرخەمی لەکارو فەرمانەکانیان گرتنەبەری ڕێگای توندو کردنەوەی دەورەو نوێ کردوەی زانیاری لەلای مامۆستا چونکە پەروەردە لەگۆڕانی بەردەوامە ڕێگاکان زۆرتر دەبنو سەردەم لەگۆڕاندایە.

هەراسان کردنی منداڵ لەنێوان دوومال

خێزان وەک ماڵی یەکەمی منداڵ دادەنرێ لەپاشان ماڵی دووەمی قوتابخانەیە وەک قسەی سەر زاری کۆمەڵگا کە واوتراوە ؟ لەلایەکی ترەوە زۆرجار دایبابان بەمنداڵەکانیان دەڵێن هەر جارێک هەراسان کرای خەتای خۆتە وەک نووسەر(فایەق سعید )لە کتێبی هەراسان کردنی منال لەنێوان ماڵەوەو قوتابخانەدا دەڵێت زۆرجار گەورەکان ئەم ڕستەیە دوبارەدەکەنەوە ئەگەر تۆنەبێت ،ئەمجارە خەتایی کێیە یەک خراپ بوو دووخراپ ((ئەوجارە خەتای ئەوبوو ، جارێکی تر خەتای بەگشتی ئەو منالەی زۆر جار هەراسان کراوە لەلایەن هەموانەوە کەچی تەواوی خۆهەموو خەڵک خراپ نیە)) (١) گوناحەکە لەئەستۆی ئەو دەنرێ، ڕەنگە هەموومان چ وەک دایک و باوک یا وەک مامۆستا ئەمانەمان نەوتبێت ،نووسەر ئاماژەش بەوەدەکات کە بەپێی زۆی لێکۆڵینەوانەی بەدواداچونم بۆکردوەو چاوم پێکەوتون و تاقیکردنەوەم کردوە لەخۆم و دەوروپشتەکەمەوە زۆر جار واهەڵکەوتوە کەمنداڵێک توشی دەیان کێشەو گرفت دەبێت لە هەمووشیان هەر ئەو زەرەر مەند دەبێت، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوەنیە کە خەتای ئەوە یا ئەو بۆ خۆی بەڵاو گرفت بۆ خۆی دروست دەکات،

وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا بە خاوەنداری منداڵ بۆ دوومالْ ، بەڵام زۆر جار منداڵ لەنێوان ئەم دومالْەدا بێ مالْ ( دەمێنێتەوە دنیایەکی جیاواز بۆ خۆی فەراهەم دەکات لە نێوان هەردوو دنیاکەدا بێجێگا و بێلانە هیچ کام لەو دوو جێگایە سەبووری تەواوی نادەنێ هەتا هەست بە دڵنیایی بکات تەواوکەری ئەوبن هەر بەو هۆکارەشەوە هەنگاوی هەڵە دەنێت لەژیان تەنیای دەرگای خۆی بەڕویدا دەکاتەوە چونکە مالْی یەکەم کە خێزانە لەهەست و بۆچونکەکانی ئەوناگەن و ناشیانەوێت بگەن، هەتا لێی تێ بگەن بزانن کەموو کوڕیەکەیان لەکوێدا سەرچاوەی گرتوە ، زۆرێک لەخێزانەکان دابینکردنی پێویستیەکانی منداڵ لەژیاندا بە داهاتوو سەرچاوەیەکی تەواوی ویستی منداڵ دادەنێن و تێدەگەن لەکاتێکا منداڵ دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی لەدایک و باوک دەوێت نەک دابین کردنی پێویستی چونکە پێوستی مەعنەوی زۆر لەپێویستی مادی گرنگ ترە بۆ منداڵ و خەونەکانی بنیادنانی و گەیشتن بەوانەی دەوێت ، لەکاتێکدا منداڵ لەزۆرێک لەخێزانەکان سەرزەنشت دەکرێ بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێ جابەهەرهۆکارێک بێت ئایە کەمتەرخەمی بێت لەخوێندن یا گوێی پێنەدا لە کارەکانی یا بەراوردکردنی بە هاوپۆلی یان خوشک و برای تری ئەمانە هەموو وێنەیەکی ناشرین و بێزارکەر لە زەینی منداڵدا دروست دەکات کاتێک بۆ مالْی دوەمی دەچێت کەقوتابخانەیە هەمان ئەزموونی ماڵەوە دوبارەدەبێتەوەو ناتوانن لێی تێبگەن بە هەمانشێوەش لەوێشدا سەرزەنشت دەکرێ و کاریگەری ماڵەوەش لەقوتابخانە لەسەریدا دەردەکەوێت و ئەوکات لەناو پۆل و قوتابخانەش بە قوتابیەکی بەکێشە و بێزارکەر ناودەبرێ وەبەم شێوەیەش منداڵ بێزاردەبێت لە قوتابخانە هەتاڕادەیەک دەبێتەهۆی دابڕانی لەخوێندن یا مانەوەی لەپۆلەکەداو دورکەوتنەوە لەهاوڕێکانی و هەستکردن بەکەمایەتی و سستی لە کەسایەتی لەلای دروست دەبێت

منداڵی و دنیا  پاک و بێگەردەکەی دەشێوێت و خەون و خەیاڵەکانی سەراوبن دەبێت دەبێتەکەسێکی بەکاربەرو بێ سوود بۆ خۆشی و خێزان و هاوڕێ و کۆمەڵگاکەشی ، بەو هۆیەوەشەوە دەبێت هەم

خێزان و هەم قوتابخانە بۆ ئەو تەواوکەربن هەتا هەست بەکەسایەتی و وجودی خۆی بکات

بتوانێت لەداهاتوودا کەسێتیەکی بەهێزو بەتوانای لێ دەربچێ ، هەراسانکردنێکی تر ئێستە باوە لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان زۆر بەزەقی دەبینرێ فیدۆکردنی منداڵە بەوەی ناڕازی پشاندەدات دەربارەی نەچوونی بۆ باخچەی ساوایان و گاڵتەجاڕی بە قسەکان و بەکەسایەتی و هەوڵدان بۆ دروست کردنی وێنەی ناشیرین و نەوتنی ڕاستی (درۆ ) زیادەڕەوی لەوەی کەدەیەوێت دەری ببڕێ بەهۆی نەچونی بۆ باخچەو هەرچەندە دایک و باوک وەک خۆشی و بەخشینەوەی بەدەورووبەر پیشانی دەدەن بەڵام نازان لە پاش ئەوە چ ماڵکاولیەکی بەدواوەیە ڕەنگە لەوکاتەدا خەندە ئامێزبێت بەڵام کاردانەوەی تر لەناخی منداڵدا دروست دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەتێکی تری بۆ دروست دەکەن لە ماڵەوە هۆکار ( درۆ )ناڕاستی لە قسەکانی و گێڕانەوەو خۆهەڵخستن بۆ قسەی دەوروبەر و لەوکاتەدا دەبێتە خاوەنی کەسایەتیەکی تر ،

دەربارەی هۆکاری شەراوی بونی مناڵ  فاکتەرێکی جێنێتیکی وە پێی (نووسەر فایەق سعید )سیگمۆن فرۆید لەهەمان کتێب وایە ئەم خەسڵەتە لەگەڵ لەدایک بونی مناڵدا لەدایک دەبێ و پەیوەندی بەو غەریزەیەوە هەیە کە لەلای منداڵ هەیە لەگۆشەی دەرون شیکاریەوە منداڵ هەر لەساواییەوە ئەم خەسڵەتەی تێدایە کەلەشێوەی ڕقوو خۆشەویستیدا دەر دەکەوێت وە ئاماژە بەوە دەکات ئاژاوەی نێوان دایبابەکان دەبێتە سەرچاوەی زۆرگرفت و منداڵی و گەورەیی منداڵەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.

لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهۆی نزیکی منداڵەکان لەکۆڕوو کۆبونەوەی دایبابان و گەورەکان و نەزانینی کاتی گونجاو بۆ وتووێژەکان هۆکارە بۆ ئەوەی منداڵ هەرلەمنداڵیدا گەورە خۆی بنوێنێ و کردەوەی گەورەکان . بەپچوکترین لێپێچینەوە هەراسانبێت ،

(١) فایەق سەعید , هەراسانکردنی منداڵ لەنێوان ماڵ و قوتابخانە, لا١٠١- ٢٢١

کۆرۆناو تێکدانی بەرنامەکانی ژیان بڕیارە دڵخۆشکەرەکەی قوتابیان

دوای تێپەڕبونی چەند مانگێک بەسەر کۆرۆناو گرتنەبەری ڕێنمای گەلێک بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری بڵاوبونەوەو پارێزگاری کردنی هاوڵاتیان کەرەنتینەکردن و لەماڵمانەوە (چاڵێنج )و درێژکردنەوەی وادەی مانەوە بەپێی مەترسیەکان لەئاکامدا دوای بڕیار وسەختیەکان وەک زۆربەی وڵاتانی تر قەدەغەکردنی هاتووچۆ و کۆبونەوەو شوێنەگشتیەکان و سەرجەم ناوەندو دەزگاو دامەزراوە حکومی و ناحکومیەکان هەر وەزارەتەو بەپێی وردەکاری خۆی زانیاریەکانی دەگەیاندە بەشەکانی خۆی ، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بکەم کە ئایندەی وڵات و سەرجەم وەزارەتەکانی وڵات لەخۆدەگرێ و پەیوەست دەبێت بە وانەوە چونکە هەر ئەو نەوەیە لەدوارۆژدا دەبێتە پێک هێنانی بەشەکانی تری وڵاتو کارەکان ڕایدەکات ، ئاگادارکردنەوەی سەرجەم پەروەردەکان لەلایەن وەزارەتەی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە دوای نەکردنەوەی دەرگای قوتابخانە بەڕویی قوتابیان وەزارەتی پەروەردە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی و ئەو پێویستیانەی هەیەتی بڕیاریدا بە نەکردنەوەی دەرگای قوتابخانەو گرتنەبەری ڕێگای قوتابخانەی ماڵەوە و خوێندنی نائیلیتیزامی قوتابیان واتە بەشێوەی ئۆنلاین و گروپ لەپاشان گرتنەبەری قوتابخانەی ئەلەکترۆنی بەهەموو لایەنە باشو خراپەکانیەوە نامەوێت درێژە بدەم بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی چونکە لەپێشتر ڕونم کردبۆوە بەشێوەیەکی ورد ، لەپاشان وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دا وە بەو هۆیەشەوەبۆ ٢٠٢٠/٦/١ دەرگای ناوەندەکانی خوێندن بەڕوی قوتابیان بکرێتەوە بەتەنها بۆ تاقی کردنە وە لەگەڵ دەرکردنی کۆمەڵێک ڕێنمای تەندروستی هەتا سەلامەتی قوتابیەکان مسۆگەربکات لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان و نزیک بوەوەی جەژنی ڕەمەزان وەزارەتی پەروەردە ئاگاداریەکیان خستەبەر دیدەی خوێنەران هەژمارکردنی وەرزی یەکەم بۆ هەردوو وەرز لەکاتێکا ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی کۆنکرێتیە و لەکۆڵ کردنەوە دادەنێم .هەژمارکردنی وەرزی یەکەم ، قوتابی هەیە ڕەنگە لەوەرزی یەکەم پێشهاتێکی بۆ هاتبێتە پێش نەیتوانیوە وەک پێویست بخوێنێ و خۆی ئامادەبکات لەکاتێکا لەوەرزی یەکەم کەوتوە ، ڕەنگە ئومێدی هەبوایە بۆ وەرزی دووەم باشترخۆی ئامادە بکردایە هەتا بتوانی (تەعویزی) قەرەبووی وەرزی یەکەمیشی بکاتەوە ئەم بڕیارە دەبوایە بەهەند وەربگیرایە لەبەر ئەو دۆخەی کوردستانی تێکەوتوە تاقی کردنەوە دوابخرایەو بابەتەکانی خوێندن بۆماوەیەکی کورت کورتو پوخت بکرایەو تاقی کردنەوە ئەنجام بدرایە هەتا قوتابی بەشێوەیەک بگەڕایەوە قوتابخانەو شکۆی قوتابخانە سەرلەنوێ لە زەینیدا چەکەرەی بکردایە.

(دەرچونی گشتی) ببوایە بۆ قوتابی زۆرباشتربوو و گونجاوتربوو لەهەژمارکردنی وەرزی یەکەم ، بێجگە لەبازنەی یەکەم بەتایبەتی پۆلی یەک چونکە بناغەی پۆلەکانیترە دەبوایە دای بابی قوتابی ئاگاداربکرایەوە لەهەژمارکردنی دەرچوو دەرنەچووی قوتابی لەبەرژەوەندی قوتابی ، با فێرببین دەرچون نەبێتە پێوەرمان وەرگرتنی پارچەکاغەزێکی مۆرکراو ناتوانێت هێزو ئیرادەیەکی گەورە دەستەبەر بکات بۆ قوتابی چونکە ئەگەر هاتو نەوەیەکی خاوەن بڕوانامەی بێ ئامانجمان بەرهەمهێنا ئەوکات نەک سودی بۆخۆی نابێت بگرە دەبێتە باریش بەسەر کۆمەڵگاوە لە تواناکانی ناتوانین سودمەند ببین ، ئەوەی جێگای داخە بەرەوپێش چوونێکمان نیە ئەوەی قوتابیەکانمان چاوەڕوانن بەس دەرچوون و نمرەیە قوتابی لە زانکۆ و

پەیمانگاکان ئەوەندەی خەیاڵی لای تەواوکردنی بەشەکەیەتی و لەکۆڵبونەوەیەتی ئەوەندەی خەیاڵی لای داهات و ئامانج و پسپۆڕی و تواناکانی نیە بافێرببین قوتابیەکانمان بەگوێرەی حەزەکانیان هەنگاو بنێن بۆ ئەوەی ئەو بەشەی هەڵبژێرن لەگەڵ ئارەزووەکانیان یەک بگرێتەوە ئەگەر هاتوو کارەکانمان بۆداهاتوو ئامادەبکەین دەرخستنی تواناکانی قوتابی هەرلەسەرەتای هەنگاوەکانیا درکی پێبکرێ دەتوانێت ڕێڕەوی خۆی دیاری بکات وەک وڵاتە پێشکەوتوەکان بەشەکانیان گشتی و زۆرن لەگەڵ ئارەزوەکانی قوتابی گۆڕانکاری تێدادەکەن ، بەپێچەوانەوە لەکوردستان کەسانێک هەن بەدوای ئارەزووەکانیانن هەتابتوانن خۆیان بەرەوپێش بەرن بەڵام ئەمانە کەمینەن بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێت وەک دەبینین و
لەتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و لەڕاگەیاندن ئەوەندەی قوتابیەکانمان بەم بڕیارانە دڵخۆشن کەلەم دواییەدا دەرچوون بەهیچ شتێکی تر دڵخۆشنین هەر لەگەڵ بڵاو بونەوەی هەواڵی هەژمارکردنی کۆرسی یەکەم بۆ هەردوو کۆرس بوە جێگای پیرۆزبایی و دەستخۆشی و پیاهەڵدان گوایە تەواو ئیسراحەتن ساڵێکیان لەکۆڵمان بۆتەوە ، بەداخەوە نازانێت دەبێت لەوساڵەدا چ
هەنگاوێکی گەورەی بنایە هەتا بۆساڵی ئایندە کارئاسانیبێت چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەرچوە بۆ سبەینێ کاری زۆر سەخت تردەبێت، ڕۆیشتن واتەی تەواوبون ناگەیەنێ چونکە بەرنامەکان وەک سەرکەوتن بەسەر پەیژە هەتا بەتەواوەی هەنگاو نەنێت و سەرنەکەوی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ هەنگاوی پێشوترت ، کەواتە بەناچاری دەبێت خۆت ئامادەبکەیتەوە بۆ سەرکەوتنت ئەگەر هیلاکیش بویت دەبێت بوەستیت ، لەگەڵ سەلامەتی و تەندروستی قوتابیانم هەمیشە بەڵام دەبێت هەنگاوی دواتر لەبەرچاو بگیرێت ، کاتێک پێویستی بەبڕیارێکی وابوو چونکە تەندروستی لەپێشترە بەو هیوایەم بەرنامەی ساڵەکانی تر تۆکمەتر و گشتگیرتربێت هەتا بتوانێ قەرەبووی ئەم ساڵبکاتەوە بۆ هەموان ، بەڵام مخابن بەردەوامی و نیشانەکانی پەتایی نەگریسی کۆرۆنا هەلومەرجی خوێندنی ساڵی دواتری خستە بەردەم ئایندەیەکی نادیارو نەخوازراو.

دابڕانی قوتابیان و دروست بونی کەشێکی نالەبار

دابڕانی قوتابیان و دروست بونی کەشێکی نالەبار وەهەروەها دروستبونی ترسو دڵەڕاوکی لە کۆمەڵگاو خێزانەکان و وقوتابیان بەگشتی ،دابڕاندنیان لەوەرزی دووەمی خوێندن کارکردن بۆ قەرەبوکرنەوەی کاتی لەدەستچووی قوتابیان ئەمەش بۆ تەهۆی زیاتر دوودڵی لە لای قوتابیان وەک دەبینین لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٦ کۆتای بە وادەی خوێندن هات بەهۆی ئەو دوخەنەخوازراوەیی ڕووی لەهەموو وڵاتانکردوە وە کوردستانیش وەک هەرناوچەیەکیتر ڕێگای داسەپاندنیان گرتۆتەبەرو بەدروشمی چاڵێنجو مانەوە لەماڵەوە کۆتای بەوادەی قوتابخانەهات لەپاشان سەرجەم دام ودەزگاکانی حوکومەت بەدەر لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پێشمەرگەوە گرتنەبەری ڕێگای تەندروستیی و دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت و ڕێکاری توندتر هەتا بتوانن ڕێگری بکەن لەپەتای کۆرۆناو بڵاوبونەوەی لە سەرجەم ناوچەکان و بە کەمترین زیان لێی دەربچین بەم شێوەیەش بەرلەوادەی دیاری کراوی پشوەکانی مانگی نەورۆز لەسەرجەم باخچەو قوتابخانەو پەیمانگا و زانکۆکاندەستی پێکردو بوو بەپشوو بۆ کاتێکی نادریار بەم هۆیەش دابڕان و دورکەوتنەوەی قوتابی لە قوتابخانەو خوێندن لەسەرچەم ناوچەکان درێژ کراویەوەو هەر ئەمەش بوەهۆی دورەپەرێزی و سەرقاڵ بونیان بە تەکنەلۆژیاو هەواڵ و وە بەدووشێوە خۆشی و ترس بۆ قوتابیان ئەوەی جێگای لێ ڕامانە بەگوێرەی ئەوپرسیارو بەدوادچونانەی بۆ قوتابیانم کردوە دەربارەی ئەم دۆخە نەخوازراوە زۆربەی قوتابیان پەتای کۆرۆنا بە شێوەیەکی باش وەسف دەکەن کەبۆتەهۆی داخستنی دەرگای قوتابخانە چونکە بەشێکی زۆری قوتابیانمان قوتابخانە وەک شوێنێکی پیرۆزو گونجاو نابینن کاتەکانیانی تێدابەسەردەبەن بگرە وەک ناچاری و بێزاری بەزۆرەملێ دەیبینن بەم هۆیەشەوە بەم شێوەیە دەری دەبڕن ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەژینگەی قوتابخانەو کەشی قوتابخانە بەوشێوەیە لەبارنەبوە هەتا قوتابی تامەرزۆبێو لەنەچونی قوتابخانە دڵتەنگ بێت پەرۆشی وادەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانە بێت هەروەها لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیاندن هۆکاری سەرەکیە لەدروستکردنی وێنەی دوودڵی و ترس لەلای قوتابیان چونکە بەشێوەکی تۆقێنەر سەرجەم کەناڵ و سایتەکانی هەموجیهان گرتۆتەوە بەو دیمەنو وێنەو گوفتوگۆیا نەی کەدەربارەی قوربانیانی وڵاتانە دەیخەنەڕوو بەهۆی فایرۆسی کۆرۆناوە بۆ

سڕینەوەی ئەم هەواڵ و وێنانە لەلای قوتابی کاتی دەوێت و یەکبونی دەوێت لەنیوان قوتابیو خێزانو قوتابخانە هەتا بتوانین ڕۆژەکان ئاسایی بکەینەوە لای قوتابیان کەشێکی گونجاو لەبار بهێنینە ئاراوە.

دنیای منال ڕەنگ بکە بەوڕەنگەی کەئەو دەیەوێت:

---

ڕیچارد تێمپلەر باس لەیاسا ژمارە ٤ دەکاتدەڵێت (کاتێک منداڵە گەورەکانم پچووک بوون بەخیلیم بەهەموو ئەو باوکانە دەبرد کە چەند کاتژمێرێکیان لەتۆپی پێ بەسەردەبرد لەگەڵ منداڵەکانیان هەستم بەتاوان دەکرد چونکە نەم دەتوانی بۆماوەی چەن خولەکێک بەدڵ ئەوە لەگەڵ منالەکانم بکەم خۆتەنیا میش وانەبوو . هاوڕێیەکم خانویەکی داری لەباخەکەی پشتەوە بۆ منالەکانی دروست کردبوو باوکە بۆچی ئێمە لەوخانوەدارەمان نیە؟ دایکیشیم دەناسی بۆ هەموو ئاهەنگەکان یاریەکی خۆش و ناوازەی بۆ دروست دەکردن هەموو کۆتای هەفتە هاوشێوەی من کچەکەی دەبرد بۆ هەمان سینەما بەڵام واینیشاندەدا کەچێژی لێدەبینێ منیش توانیم بەردەوامبم(١)
لێرەدا ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم هەبوونی تۆیە کە دەتوانی تەواوی خۆشیەکان بۆمنداڵەکەت فەراهەمبکەیت هەندێک لەویستەکانی بۆ دابین بکەیت دڵخۆشی منداڵ هەر لەو کەلو پەلانەدا خۆی نابینێتەوە کە بتوانی بۆی دابین بکەیی ڕەنگە زۆر کەس بەهەڵە لەم دەستەواژەیە تێبگات کاتێک داوای پێداویستی لێدەکەی بۆ منداڵەکەی دابین بکات دەڵێت لەهیچی کەم نیە ؟ کارەساتەکە لەمەدایە دایک و باوک بەس مادیەکان بەپێویستی بزانن !هەرچەندە پێویستی ڕوحی مەعنەوی زۆر گرنگ ترە ، بەڵام ئەوان درکیان بەمە نەکردوە
دەتوانیت دنیای منالەکەت ڕەنگ بکەیت بەوداهاتە کەمەی کەهەتە بەو شەرتەی بونی تۆی لەگەڵدابێت و بۆشای و کەلێنێک دروست نەکەی لە نێوانتان هەتا دورکەوتنەوەی ڕوحی ڕووبدا ،چونکە منداڵ بونەوەرێکی دڵنەرم و ڕاستە بەبەخشینی کاتت بۆی زۆر دڵخۆش دەبێت لەگەڕانەکانت با هاوڕێت بێت با دنیا ببینێ لەگەڵ تۆدا چونکە ئەوکات هەست بەبونی خۆی و گرنگیەکەی دەکات ، سەردانی شوێنەکانی پێبکە کەبۆ ئەو گونجاوە لەگەڵ خۆت دایبنیشێنە بەدنیای خۆی بناسێنە پرسیاری لێبکە بزانە چ شتێک تێیدا هەیەو وەڵامی وەرنەگرتوە منداڵ ئەوەندە چێژ لە کۆبونەوەی خێزان دەبینێ چێژ لەهیچ شتێکی تر نابینێ دنیای ئەو ئەگەر لەبەردەمی واڵات نەکرد و هەوڵی کرانەوەیت نەدا زۆر پچوک دەڕوانێتە بونی خۆی لەپاشان چواردەوری هەریەک لەئێمە پرسیاری ئەوەی لێکراوە بۆ چی ئەم ئەو شتەی نیە کەهاو پۆلی هەیەتی بەدڵنیای دەبێت باش و خراپی ئەوپێویستیەی بۆ دەربخەیت کە چۆن بەکاردێ ناکرێ بەمنداڵ بڵێ چونکە ئەو دەوڵەمەندەو ئێمە هەژارین ئەمە لەناو ئەودا دەمێنێتەوەو هەمیشە وەک کەسێکی هەژاری لەخۆی دەڕوانێ دەبێت بزانی چۆن وەڵامی پرسیارەکانی دەدەیتەوە هەتا نەبێتە هۆی ڕاستی نەوتن یاخود کەماسیەت بۆی وەک ئەو پرسیارەی کەمنداڵەکە لەباوکی کرد بۆ چی ئێمە خانووی دارمان نیە خۆدەتوانیت لەخانوەکەدا شوێنێکی وای بۆ بگونجێنی کە هاوشێوەی خانوە دارەکە ،کاتەکانی خۆی تیادا بەسەربات و چێژی لێوەربگرێ بەژداری کردنی دایک و باوکیش لەناو ماڵەکەی هەتا هەست بەو ماڵەبکات کە هی خۆیەتی و تایبەتە بەو هەموو دایک و باوکێک لەشتێکا شارەزاو بێوێنەن ئەو توانایەی هەتە بۆمنداڵەکەتی دەربخەو پیشانیدە هەتا بتوانێ بونت هەست پێبکات بەمەرجێک نەهێڵیت ببێتە هۆی ئیرەیی و خۆدەرخستن ، بەنزم ڕوانین لەدەورو بەری کات بەسەربە لەگەڵ منداڵەکەت هاوشانی ئەو چێژ لە پێکەوەبونت ببینە.

( ۱ ) ڕیچارد تیمپلەر (یاساکانی دایک و باوکایەتی )وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە ئەبوبەکر شیوە ڕەزی ,ل ۱۷

داوای لێبوردن پچوکی نیە

لە یاسای٤٥ نوسەر ڕیجارد تیمپلەر لەکتێبی یاساکانی دایک و باوکایەتی دەڵێت (یەکێک لەوشتانەی کەدەبێت لەئێستادا تاو توێی بکەین ئەو شێوازە ڕەفتارەی کە ئێمە بەرجەستەی دەکەین بەهێزترین نمونەیە کەمنداڵەکانمان لێیەوە فێربن ئەگەربتەوێت منداڵەکەت بڵێ سوپاس تکایە دەبێت بەرامبەر بەمناڵەکەت کەسێکی بەڕێزبیت ,باشە ، لێرەدا شتێکی تر کەدەبێت بەرجەستەی بکەی زۆرێک لەدایک و باوک کان کێشەیان لەگەڵ ئەمەدا هەیە ، ئەوەیە کەدان بەهەڵەکانیان بنێن لەبەردەم منداڵەکانیان پێم وایە بەم جۆرە هەست دەکەیت ئەگەر تۆ ئەوە قبوڵ بکەیت کەتۆ هەڵەیت ئەواهێزی بروابەخۆبونی منداڵەکەت لاوازدەکەیت بەرامبەر بەهێز ی خۆت ئەگەر تۆ بڵێی داوای لێبوردن دەکەم ئەوا منداڵەکەت هەست بەوەدەکات تۆ کەسێکی کامڵ نیت ، ئەمە پەیوەندی بەکاتەوەیە پێویست دەکات جارجار تۆ پیشانیان بدەی و فێریان بکەی کەتۆخوادانیت تۆش وەک هەر کەسێکی تر هەڵەدەکەیت وە منداڵ زوتر درک بەوەدەکەن کەهەڵەقبوڵکردن مانای پچوک بونەوەنیە). (۱)
بەڵێ منداڵ دەبێت بەوشێوەیە گۆش بکرێ کە هەمیشە ڕاستی بڵێت و لەو هەڵەی کە دەیکات و کردویەتی داوای لێبوردن بکات بۆ ڕاست کردنەوەکەی هەوڵ بدات ئێمە وەک مامۆستا ڕوبەڕوی کێشەی وادەبینەوە کەتیایدا دەبێت هاوسەنگی دروستبکەین بۆ ئەوەی قوتابیەکان لەووتنی ڕاستی ڕابهێنین و بەرامبەر بەهەڵەکانیان لەبەرامبەر یەکدی داوای لێبوردن بکەن ئەوەی داوای لێبوردنی کرد لەهەڵەیەک کە ئەنجامی داوە ئەوە گەورەی نواندوە گرنگ ئەوەیە جارێکیتر هەمان هەڵە دوبارە نەکاتەوە چونکە مانای وایە لەسەرهەڵەکردن بەردەوام دەبێت و بەداوای لێبوردن کردن هەمووشت چاک دەبێتەوە دەبێت منداڵ وارابهێنرێ کە هەڵەکە ببێتە وانەیەک چونکە هەر دووبارەبونەوەی ئیتر لە نرخی کەمدەکات دەرفەت بدەبەمنداڵەکەت هەتا بیربکاتەوە بۆ هەڵەکەو هۆکارەکەی لەبەرامبەردا دەست خۆشی لێبکە لەسەر ڕاست وتنی بەم شێوەیە پەیوەندی خۆشەویستی و تەبایی لەنێوانتان چەکەرەدەکات بۆ مامۆستاYانیش هەندێک جار ڕووبەڕوی ئەم گرفتەدەبنەوە لەکاتی کوشتنی کاتی قوتابی واتە پشووی نیوان وانەکان زۆر ئاساییە داوای لێبوردن بکەیت بەمە لەگەورەیت کەم نابێتەوە بگرە قوتابیەکان هەست بەبونی خۆیان دەکەن ، ئەوەی دەڵێن دەبێت لەکردەوەکانماندا ڕەنگ بداتەوە، بۆ هەرزەکارەکانیش زۆر پێویستە پابەندبن بەکات و ئەرکەکانیان کەلەسەرشانیانە لەکاتی هەرکەمو کوڕیەک لەو ئەرکانە پێویستە ڕونکردنەوەبدەن و لەهەمبەر جێ بەجێ نەکردنی و هەوڵ بدەن دوبارەی نەکەنەوە هەتا لەکەسایەتیانا کەلێن و لەنگی نەبێی و بەرپرسیاربن بەرامبەر ئەو بەرپرسیاریەتیانەی لەسەر شانیانە بەگەورەی و لەخۆبایی بوون لەچواردەوریان نەڕوانن .

(١) ڕیچارد تێمپلەر (یاساکانی دایک و باوکایەتی )، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە ئەبوبەکر شیوە ڕەزی چاپی یەکەم, (ل ١٢٥ )

میدیاکان و ناوی بێ ناوەڕۆك! ( ڕاپرسیی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان )/

دوای ئەوەی بەرەهایی دەگاتە هەموو مالەکان یان دەبێتە هۆکاری ئەرێنی یان کێشەو گرفت سەرهەڵ دەدات بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێ کۆمەڵگا بەرەو چەواشەو داماڵین لە بە ها کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان دەبات، ڕاگەیاندن بەڕۆڵێکی کاریگەر دادەنرێ بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی پێش کەوتوو، بە پێچەوانەشەوە ناڕێك و دواکەوتوو داڕووخاو، چونکە ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و پەروەردەی کۆمەڵگا دەردەخات، هۆشیاری تاکەکان پیشان دەدات و بەدنیای دەرەوەی دەناسێنێت، بەهۆی کەناڵە ئاسمانیەکان گواستنەوەی بۆ ناوچەکان و وڵاتان ئاسانتر دەبێت، ڕاگەیاندن بە ئاسانترین هۆکار دادەنرێ کە لە هەموو ماڵەکاندا بونی هەیەو لە ئێستادا پشکی شێری بەردەکەوێت هەم لە بنیات نان و هەم لە شێواندن وتێکدان، بەداخەوە کڕینی دراما و بەرنامەی نادروست و گاڵتەو گەپی ناشایستە و نامۆ بەکەلتور و ڕەسەنەیاتی کۆمەڵگەی کوردەواری و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی بۆتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ پەروەردە کردنی نەرێنیانەی تاکەکان، هاوکات هۆکارە بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیش تامەزرۆییان هەبێت بۆ ئەو دراما بێبەهایانەی کە دەبنە مایەی چەندین ڕووداوی نادروست و نابەجێ، چەندین نموونەی زیندوومان بینی کە چۆن منداڵ کاریگەر بووە، هەوڵی لاسایی کردنەوەی دراماکە و کارەکتەرو مەشهەدەکانی داوە، من نامەوێت گەڕانەوەی ڕابردو بیری تازە ژەنگی بکەم و بۆچونەکان لەڕابردودا کۆبکەمەوە، بەرەو پێش چون و نەوەی تازە گرێ بدەم بەڕابردوو، بگرە بۆ لایەنی پەروەردە ئەگەر هاتوو تۆزێک کات بگەڕێنینەوە هەریەک لەئێمە تامەزرۆو پەرۆشی سەردەمانێکین کە ڕەچاوکردنی پەروەردەو ڕەسەنایەتییەکان و گەورەو بچوکی و ڕێزو خۆشەویستی و شەرم و شکۆمەندی خەم و تایبەتمەندی شاشەو کەناڵەکان بوو، بەرنامەکان دەبوونە مایەی خەندەو خۆشی لەناو خێزانەکان، بەرنامەکان دیاری کراو بوو، منداڵ کاتێ ماوەی منداڵان تەواو دەبوو دەچوو بۆ کایە کردن تێکەڵ بون بەدنیای پاکی منداڵی، یاخود بەسەربردنی بە کارێک کەئارەزووی بکردایە، بەڵام نەوەی ئێستا دەبێت دایکو باوک زۆر ئاگاداربن لە بەرنامەی منداڵەکان چونکە بەلاڕێدابردن زۆر ئاسانەو بەرنامەڕێژی بۆکراوە بەبێدەنگی، بەبێ ئەوەی کەس پەی پێببات بەداخەوە منداڵەکان وەك خاڵی سەرەکی بەئامانج گیراون، بۆیە هەر ڕێگایەک بۆ پاراستنی بگرێتە بەر، ڕێگایەکی تر لەبەردەمی واڵا دەبێت و کۆنترۆڵ کردنی زۆر ئەستەمە، لەم بەشەدا زیاتر بابەتەکەمان چڕدەکەینەوە لەسەر زیانەکانی ڕاگەیاندن.

زۆری ژمارەی ڕاگەیاندنەکان بۆ؟ ئایە ڕاگەیاندنی بواری منداڵان وەک پێویستە؟ ئایە شایستەی ئەوەیە کاتی بۆ تەرخان بکرێ؟ ئێمە پێویستیمان بە چ ڕاگەیاندنێکە ؟ ئەولایەنانە کامەن کە ڕاگەیاندن خزمەتی کردون و سوودبەخش بوون؟ لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ڕووداوو دەرەنجامە نەرێنیانەی کە ڕاگەیاندن بۆتە هۆکاریان ڕاپرسیەکم لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەنجامدا بۆ خستنەڕوی سودو زیانەنی بەرنامەکان بەتایبەت تیڤییەکان، بەشێوەیەکی ئازاد بۆ چون و ڕەخنەو پێشنیارەکانم کۆکردەوە، لەپێناو دەرخستنی کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و گشتگیر، چونکە بابەتەکە گرنگ و هەنوکەییە، بۆیە وا لێرەدا دەیخەمە بەردیدی خوێنەران:

بەشێکی زۆریان هاوڕان لەگەڵ زۆر و بۆری کەناڵەکان و بەتایبەت بینراوەکان زۆر ناپیشەیی و نابەرپرسیارانە کار دەکەن، هیچ پێوەرێکی زانستی و بابەتی لە کارەکانیاندادا نابینرێت، ئامانجەکانیان دیارو روون نییە، تایبتمەندیان نییە، تێبینی کراوە بەشێکی زۆری ڕاگەیاندکارەکانیان بۆ دەسکەوتی مادی یان پاڵنەری سیاسی و کۆمەڵایەتی کار دەکەن، پسپۆڕی ڕاگەیاندنیان نییەو شارەزانین لە یاساو پرەنسیپەکانی کاری میدیایی، بۆ پڕکردنەوەی کات و دەستخستنی ریکلام لە ڕێگەی

فیلمە دۆبلاژ کراوەکان کە بەتەواوی نامۆن بە رەسەنایەتییەکانمان وهیچ بەهایەکی ئەخلاقی کۆمەڵگەی کوردیان تێدا نییە، پڕە لە وتە و ڕەفتار و جنێوی ناشیرن کە ڕۆژانە منداڵان دووبارە و لاسایی دەکەنەوە، لەلایەنی پەیوەندیدارەوە هیچ سانسۆرێک نییە بۆ ئەو کەناڵانە، ئەوانیش رەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ناکەن، ڕاگەیاندنەکان تەنها بارگرانین بەسەر میللەت و پارەیەکی زەبەلاحیان بۆ خەرج دەکرێت، کە قوت و داهاتی میللەتە، سوودیان بۆ خەڵکی کوردستان نییە، بەرپرسیارن لە لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەشانەوەی خێزان، زۆر بوونی دیاردەی توندوتیژی و تەڵاق و ناپاکی هاوسەران و ..هتد. زۆربەیان جێگای خۆ دەرخستنی هەندێ کەسن، زیاتر لە ٣٠ کەناڵی ئاسمانی و ١٠٠ کەناڵی ناوخۆییمان هەیە ، لەکوێی رۆڵ و ئەرکەکانیانن بۆ هۆشیاری کۆمەڵگە و بنیاتنانی ژێرخانی رۆشنبیری کۆمەڵگەیەکی ماندووی وەك کۆمەڵگەی ئێمە؟ کامانە ئەو بەها مرۆییە جوانانەی کە ئەوان کاریان کردووە بۆ تۆخکردنەوەو بەهێزکردنی؟ ئێستا میدیا

گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سوکایەتی و ناوزڕاندن و تیرۆری کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان.. بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار چاودێری راستەقینەبن
بەسەر میدیاوە لە پێناو پاراستنی تاکەکان و پاراستنی کەلتورو رەسەنایەتی نەتەوەیی و بەها باڵا مرۆڤایەتییەکان هەڵبەت لە ڕێگەی یاساو ڕێنماییەکان لەگەڵ ڕێزگرتن لە ئازادی میدیایی، بەڵام بەرپرسیارێتی حکومەتە کە نەیەڵێت میدیا ببێتە وێستگەیەك بۆ نەهێشتنی هەستی خۆبەندی و رووخانی هێزو توانای گەنجا ن و بەلاڕێ دابردنیان، بەڵکو ببێتە هۆکاری بنیاتنانی تواناکان و هۆشیاری و دەرخستنی بەهرەو کارامەییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت گەنجان و لاوان.

هەرەمی ماسلۆ و پێویستیەکان :

ئەبراهام ماسلۆ زانای دەروونناسی ئەمەریکی پێشنیاری ڕێگەیەکی پۆلێنکردنی پاڵنەرە مرۆییەکانی کردوەکەوا شایستەی ئەوەیە ئاماژەی پێبدەین ماسلۆ وەک خۆگونجاندن و هەڵکردن هەڵکردنێک لەگەڵ کەسانی سەر بەرێبازوی پاڵنەرو پێویستیەکان و هاوسەنگییەوە شیمانەی ئەوەی کردووە کەدەتوانری بەشێوەی قوچەکی وێنای پاڵنەرەکان بکرێ لەبنکەی قوچکەکەدا پێویستیە فیسیۆلۆژیەکان و سەرەکیەکان هەن وەلەترۆپەکەشیدا پێویستیە بەرزە شایستەکان پێویستییەکانی سەلماندنی خود هەن ئەوپێویستیانەش لەچوارچێوەی پێویستیە سەرەتاییەکان بەدیار دەکەون ماسلۆ بەپێویستیەکانی بێبەش یاخود تێر نەکراو ناودێر کردوە (١).

ئەوەی لێرەدا دمەوێت ئاشنای بکەم بەخوێنەران ئەو پێویستیانەکە کە لەترۆپی هەرەمی ماسلۆدا دانراوە و ئاماژەش بەوەدەکات ئەم پێویستیانە لەمنداڵ و هەرزەکارناتوانن بگەنە ئەم پلەیە چونکە بەتەواوەتی خودی خۆیان ناناسن ڕەنگە بتوانرێ قوتابخانە ئەم کارەیان بۆ ئاسان بکات، بەڵێ منداڵ کاتێک پێویستیەکانی تەواو پرکرایەوەو قوناغەکانی ژیانی بەدروستی بەرێکرد دەتوانێ خودی خۆی بونیادبنێ و بونی خۆی و هیواو ئاواتەکانی بهێنێتەدی چونکە دەرگای بیرکردنەوە هەنگاونانی واڵا دەبێت و بەجۆرێکی دی لەدنیا دەڕوانێ بەڵام ئەگەرهاتوو بیرکردنەوەمان لەم پێویستیەدا کۆبکەینەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانرێ ئەم دەرگایە لە قوتابخانەکان واڵابکرێ بۆ قوتابی بەهۆی پێشهاتەکانی منداڵ ئەوەندەی هۆگری ئەنتەرنێت و یاریە ئەلەکترۆنیەکان بووە کاتی نەماوە بۆ ناسینی خودی خۆی دنیای لەناو دەستەکانی کۆکردۆتەوە تاکەهیوای بۆ خوێندن و بەرنامەکانی ڕۆژانەی نەماوە بە نەخەوتنی شەو خەوتنی ڕۆژ هەموو بەرنامەکانی تێکدراوە لێرەدا بەهۆی بەکارهێنانی هەڵەو بەفیڕۆدانی کاتی خۆی لێون بووە نەک لەهەوڵی دۆزینەوەی خودی خۆیدابێت بەم شێوەیە دەگوازرێتەوە بۆ پلەو قوناغەکانی تری ژیانی هەتا قوناغی پێگەیشتنیش لاوەکان ناتوانن خودی خۆیان بدۆزنەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ، کاتێک ئامانجێک نەبێت لەژیان ناتوانی هەنگاوبنێ وەک سەرلێشێواوێک دێت و دەچی کەسێکی بەکاربەر پێشکەش بەکۆمەڵگا دەکرێ و دەبێتە بارگرانی ،

دەبێت هەریەکەو لەلای خۆیەوە هەوڵی دروستبونی ڕۆڵەکانی وڵاتبدات هەتا بتوانین دنیای بیرکردنەوەیان واڵابکەین جوانی و ناشرینیەکانی ژیانیان پێنیشان بدەین تەمەڵی و بێبەرنامەی لە بونیان دەربهێنێن هەریەکەو لەشوێن و کاری خۆیەوە ئەم هەنگاوە بنێت ئەگەرنا هەموو ڕۆڵەکانی وڵات ڕوو لەئیفلیج بونە بەبێ ئەوەی هەست بەم دەردەکوشندەیە بکرێ

تەوەری مامۆستا /
بامامۆستا بەخەندەو پێکەنینەوە بچنە پۆلەکان
چەمکی پلان بۆ مامۆستا
شێوازی گروپ و ڕێگاکانی وانەوتنەوە
هەنگاوەکانی مامۆستایی سەرکەوتوو
بابەتی کۆمەڵایەتی و کەمی هۆکارەکانی فێرکردن
پۆستی بەرێوەبەر و بەڕێوەبەری سەرکردە .
پەروەردەو شوێنی گونجاوی قوتابیان باڵەخانەی قوتابخانەکان

(١) محمد فرحان قضاه ،محمد عوضالترتوری, اساسیات التربوي، ساڵی ٢٠٠٦لا ١٥٢

با....مامۆستایان
بەخەندەو پێکەنینەوە بچنە پۆلەکانەوە

ڕەسوڵ هەمزە تۆف نووسەری بەناوبانگی داغستانی لە کتێبی (داغستانی من ) دا دەڵێت
(......ئەم دەرگایە مەشکێنە کلیلێک بە ئاسانی دەیکاتەوە ) .(١)
مامۆستا ئەو مرۆڤەیە کەبە بەخشندەترین بوونەوەری سەر زەوی دادەنرێت ، کاری مامۆستالەگەڵ ئاوەزی مرۆڤە ، بۆ ئەوەی ئێمەی مامۆستا لەکاری پەروەردەو فێرکردن سەر کەوتوبین نەوەیەکی تەندروست و باش باربهێنین پێویستە .... لەدەسپێکی کارمان کلیلی چوونە نێو دنیای عەقڵی (منداڵ ) قوتابی بەدەست بهێنین دیواری شەرم و ترس لەنێوان خۆمان و قوتابیان برمێنین ، پردو ڕایەڵکەی خۆشەویستی و میهرەبانی و دلۆڤانی چێ بکەین و بونیاد بنێن لە ڕێگایەوە بتوانین بچینە ناو دنیا پاکو بێگەردەکەی ئاوەزو حەزو خولیای منداڵان و بەو کارەش دەرگای خانەکانی مێشکی قوتابیانمان بۆ واڵا دەبێت ، بۆیە پێویستە ئێمەی مامۆستا لەکاتی چوونە پۆل دەم بە خەندە و پێکەنین بچینە ناو پۆل و لەڕێگای پلان و بەرنامەیەکی پێش وەخت دەم بەخەندەو وبە پێکەنینەوە بەزمانی گوڵ مامەڵەلەگەڵ قوتابیان بکەین
واتە پێویستە لەسەرمان وەک مامۆستا کاتێک هەنگاومان نا بەرەو قوتابخانە سەرجەم ئاریشەو گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە و خێزانیمان لە ماڵەوە بەجێ بهێڵین بەحەزوو خولیایەکی تەندروست و پەروەردەییانەڕووەو قوتابخانەو پۆلەکان هەنگاوی باش بنێین ، کەپێویستە بیگرینەبەر ، واتە مامۆستا حەزو خولیای بۆ پیشەکەی هەبوو بە لێبڕاوانەو و دلۆڤانانە کەشو هەوای ناوپۆل بەشێوەیەک دەرەخسێنێت کە قوتابی تێیدا هەست بە ئاسوودەیی دەروونی بکات ، کاتێک قوتابی لەپۆلدا ئاسودەبووشەرم و ترس و دوودڵی نەبوو لە ڕۆڵی مامۆستا لە پۆلدا ئەوا قوناغی بنیادنانی کەسایەتی قوتابی دروست دەبێت ، تۆوی بوێری لە ناخیدا دەڕوێت کانیاوی لێهاتوویی و پرسیار لەناخیدا دەتەقێتەوە پێدەشتی ئایندەی پەروەردەو فێرکردنی دەبێتە مێرگێکی سەوز کە تیایدا ئەو قوتابیە دەتوانێت بە ئاسانی لەو مێرگە سەوزەو کەش و هەوا تەندروستەدا گەشەی .. عەقڵی و هزری و پەروەردەیی و فێربوونێکی تەندروست بەدەست بهێنێت

(پەروەردە)

ئێمەی مامۆستا دەبێت لەناو پۆلدا مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ منداڵە چاوگەشەکان بکەین بەلەبەرچاوگرتنی ژینگەی جیاواز ی قوتابیان .. چونکە قوتابیان ، هەریەکەیان لەژینگەیەکەوە هاتووەو بوونی ژینگەی خێزانی جۆراو جۆر واتە بوونی ئاستی جۆراوجۆر بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەو کاتەدا پێویستە لەسەر ئێمەی مامۆستا چەکی جیاوازی کەسی ( فروق فردی )بەکار بهێنین لەڕووی فێربوونەوە قوتابی هەیە لە ژینگەیەکی تەندروستی خێزانی هاتووە بەیەکجار باسکردنی بابەتەکە فێردەبێت و هەزمی دەکات لە هەمانکاتدا قوتابی هەیە لەژینگەیەکی مامناوەندی هاتووە ڕەنگە پێویست بکات لەجارێک زیاتر بابەتەکەی بۆ ڕەڤا بکات ئەو جا تێدەگات و فێردەبێت ، وە هەروەها شێوازی ئاخاوتنی مامۆستا و .... خۆئامادەکردنی پێشوەختە پردێکی دروستی گەیاندنی پەیامی مامۆستا دەبێت بۆ نێو دنیای بیرو هۆشی قوتابیان مامۆستای کارامە ئەو مامۆستایەیە کە بتوانێت قوتابی بکاتە چەقی فێربوون و لە پۆلدا ڕۆڵی بداتی و بیکاتە تەوەری سەرەکی وانەکەو بابەتەکە ی بەشێوازێکی یەکسان، هەمووان هاوبەشی پێ بکات بە بێ جیاوازیکردن لەنێوان قوتابیەکان .

(١)ڕەسووڵ حەمزە تۆڤ, وەرگێڕانی عەزیزگەردی ,داغستانی من ,ساڵ 1979,ل ١٠١

چەمکی پلان بۆ مامۆستایان

پرۆسەیەکی ئامادەکاری هزریی نوسینەکی یە،کرداری کردارێکی پێش وەختەیە ،ڕێکخراوەی یە بەیەکەوە گرێ دراوە بۆ پیادەکردنی ئەو کارو چالاکی و کردارانەی کەپێویستە لەناو پۆلدا ئەنجام بدرێت لەچوار چێوەی ئەو تواناوپێویستیە پەروەردانەی کە ڕەخسێنراون بۆ تواناو مەبەست و ئامانجی پلانەکە لەهەمانکاتدا هاوکاریو هەماهەنگی قوتابی دەکات بۆ دەستەبەرو گەیشتن بە ئامانجی فێربوونێکی تەندروستی پەروەردەییانە لەماوەی بۆی دەستنیشان کردووە.(١)

گرنگی پلانی مامۆستا بۆ وانە وتنەوە:

شارەزایانی بواری پەروەردە جەخت لەسەربوونی پلانێکی پێش وەختە دەکەنەوە وەپێیان وایە بوونی پلانی پێش وەختە مەودای هەڵە کەم دەکەنەوە و سەر کەوتن و گەیشتن بە ئامانج دەستەبەر دەکەن ، هەروەک لە دەروازەیی سێ ی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە بەندی (٣٣) داهاتووە

یەکەم لەسەر هەرمامۆستایەک پێویستە لەسەرەتایی ساڵی خوێندندا:

ا- پلانێک بۆ وانەکانی خۆی دابڕێژێت .

ب-پلانێک بۆ شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی کاری قوتابخانە دابڕێژێت .

ج-پلانێک بۆ تەواوی چالاکیەکانی دیکە دابڕێژێت کە پەیوەندیان بە ژیانێ قوتابیەوە هەیە لەناو قوتابخانە

هەروەها لەبەندی (٣٤) ی هەمان سیستەم دا هاتووە :

لەسەر مامۆستا پێویستە ساڵانە پلانێکی تایبەت ئامادە بکات کەتیایدا ئەو پرۆژانەبخاتە ڕووکەلەماوەی ئەو ساڵەدا بەنیازەلەو ساڵەدا بایەخی زیاتری پێبدات .

لە سۆنگەی هەردوو بەنددا (٣٣- ٣٤) ی ئاماژەی پێدراوە کە وا پویستە مامۆستا بەبایەخەوە پلان بنوسێ چونکە گرنگی پلان دانان بۆ مامۆستا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە یارمەتی دەری مامۆستا دەبێت لە بەفیڕۆدانی کاتی وانەو دورکەوتنەوە لە فێربوونی هەڕەمەکی وە یارمەتی دەر دەبێت بۆ مامۆستا لەهەڵبژاردنی باشترین ڕێگاو شێوازی گونجاو پێویستە مامۆستا بابەتەکە بەژیانی ڕۆژانەی قوتابیانەوە ببەستێتەوە قوتابی تێدا چەقی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێت تێیدا مامۆستا تازەترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەکار بهێنێت(٢) .

* جۆرەکانی پلان بۆ مامۆستا :

پلان جۆری زۆرە بە پێی ئەرکەکە دەگۆڕێت واتە جیاوازی هەیەلە ئەرکێک بۆئەرکێکی تر . پلانی بەڕێوەبەر جیاوازترە لەگەڵ پلانی مامۆستا ، وەهەروەها پلانی یاریدەدەریش جیاوازترە لەپلانی مامۆستا

*پلانی مامۆستا :

لەسەرمامۆستا پێویستە لەدەستپێکی ساڵی خوێندن بەبەرنامەیەکی تۆکمە و دیدوتێڕانینێکی سەردەمیانەو داهێنەرانە ڕوحی داهێنانو هاوچەرخانە ، کتێبی ئەو بابەتەی کەبۆ ساڵی خوێندن دەیڵێتەوە بیخوێنێتەوەو پاشان بە هەڵوێستەیەکی پەروەردەییانە دەسپێک پلانی ساڵانەی دابڕێژێت

بەدابەش کردنی بابەتەکانی کتێبەکە بەسەر مانگەکانی ساڵی خوێندن بەلەبەر چاوگرتنی ڕەهەندوو ژمارەی ڕۆژەکان و مانگ و ژمارەی بابەتەکانی کەپێویستە لەماوەی ساڵی خوێند بخوێنرێت پێویستە لەکاتی دانان پلانی مامۆستا ڕۆژ ژمێری لە پلانی ( بی )بەردەست بێت لە هاتنە پێشەوەیی و پشوی لە ناکاو بەردەست بێت بۆ دەست نیشان کردنی ڕۆژەکانی خوێندن بۆ ئەوەی کەلێن نەکەوێتە ناو پلانەکە.

/ پلانی ڕۆژانە

پێویستە لەدەسپێکەوە مامۆستا بەسەلیقەیەکی ووردەوە دیدەوە کتێبەکە بخوێنێتەوە ئەو بابەتانەی لە پلانی هەفتانەو ڕۆژانەیە پێویستە دیاری بکات بەگوێرەی پلانەکەی و هۆیەکانی فێرکردن بەکارهێنانی ستایش جۆشو خرۆش لەگەڵ قوتابیان بۆ ئەوەی بتوانێ کلیلی چوونەنێو ئەقڵی قوتابی بەدەست بهێنێت بەگرتنەبەر ڕێگای وانەوتنەوەی سەردەمیانەو گفتو گۆ ی شیرین و دروست کردنی پردو ڕایەڵەیٰ خۆشەویستی لەنێوان خۆیی و قوتابیان بۆ تێک ڕووخانی دیوای شەرم و ترس و لەرز لەنێوان خۆیی و قوتابیان پێویستە لەکاتی جێ بەجێ کردنی پلانی ڕۆژانە ی مامۆستایان بەبایەخەوە مامەڵەی لەگەڵ کات بکات ڕۆژانە لەپلانیدا هەوڵی هاوبەشی کردنی زۆرینەی قوتابیان لەچالاکی و هەڵسان بەشی شێر بۆ قوتابیان دەستەبەر بکرێ بەواتایەکی تر.

پێویستە لە پلانی ڕۆژانەدا قوتابی چەقی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن بێت پێویستە لەکۆتایی هەر مانگێکدا مامۆستا چاوێک بە پلانیدا بخشێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕادەی پیادەکردنی دواکەوتنی بزانێت لەحاڵەتی دواکەوتنی پلان چارەسەری بۆ دابنێت

١- ئیدریس سیوەیلی .مامۆستایی کارامەو وانەوتنەوەی سەرکەوتوو . چاپی دووەم ٢٠١٧, ل ٧٩

٢-سیستەمی قوتابخانەبنەڕەتیەکان سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان (وەزارەتی پەروەردە ) چاپی ٢٠٠٩, ل ٢٠

شێوازی گروپ و ڕێگاکانی وانە وتنەوە:

---

شێوازەکانی وانەوتنەوە بەگوێرەی وانەو بابەتەکە دەگۆڕێت هەندێک بابەت پێویستی بەبەکارهێنانی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە وە هەروەها ئەو ڕێگایەی کەمامۆستا هەڵی دەبژێرێت بەگوێرەی قوتابیان وانەکە دەگۆڕێت هەر مامۆستاو ڕێگاوشێوازی گەیاندنی تایبەتی خۆی هەیە باشترین ڕێگا کەوا مامۆستا پەیڕەوی بکات ڕێگای گرووپاتە کە وا مامۆستا دابەشیان بکات بەسەر گرووپ وەبەو هۆیەشەوە گیانی هاوکاری لەناو قوتابیەکان چەکەرە دەکات لێک تێگەیشتن لەنێوانیان دروست دەبێت زیاتر ئاشنای لەگەڵ یەکدی پەیادەکەن بەهۆی گۆڕینەوەی بیرو بۆچونەکانیان وە هەندێک کات تێگەیشتن قوتابی لەقوتابی هاوڕێی زۆر باشترە زیاتر وەردەگرێ بەهۆی تەمەنو لێک نزیکی یاخود بەهۆی نەبونی ترسو و شەرم چونکە هەتائێستاش قوتابیەکانمان واڕانەهاتوونو ڕانەهێنراون کە بەئازادانە بیرو بۆچونەکانیان بخەنەڕوو یاخود پرسیاربکەن لە بابەتەکەو بیرکردنەوەیان لە سەر وانەکە وە لەهەمانکاتدا کۆکردنەوەی وەڵامەکانی مامۆستا ئاراستەی گروپەکانی دەکات لەلایەن لیدەرێکەوە وادەکات شەرم و ترس لەنیوان قوتابیەکان نەمێنێ و بنبەڕ بکرێ ئەگەر هەشبێت کەم دەبێت من نامەوێ درێژە بدەم بە ڕێگاکان چونکە ڕێگاکان وەک لەسەرەوەش باسم کرد لەبەر نەبوونی باڵەخانەو بینای نەگونجاوی قوتابخانە وەلەهەمانکاتدا نەبوونی پۆلی خوێندن و زۆری قوتابیان لەپۆلەکاندا وای کردوە نەتوانرێ مامۆستا چالاکیەکانی بەشێوەیەکی سەردەمیانە ئەنجام بدات (فایەق سعید) سەبارەت بەگروپات بەم شێوەیە دێتەگۆ شێوازی گروپات بەشێوازێکی باشو گونجاو ناودەبات وەرزگارکردنی قوتابی کەوەک توتی بابەتەکان لەبەربکات و بڵێتەوە وە لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوەدەکات کەمامۆستا هەندێک مەرج دابنێ بۆ گروپ بەوەی وەڵامەکەکە لەماوەی (١٥ ) خولەک لەسەربابەتەکە بدوین لەناوگروپ لەپاشان هەرگروپەو بۆماوەی (٥) خولەک بۆچونەکانیان بخەنەڕوو لەپاشاندا کاری مامۆستایە کە بابەتەکان تێهەڵکێش بکات و بۆچونکەکان بە یەک بگەیەنێت هەتا ئەگەر هاتوو هەندێک بۆچوون جیاوازیش بوو مامۆستا دەبێت بەشێوەیەک مامەڵەبکات کە ئەندامانی ناوگروپ نەشکێنەوە هەست بەشەرم بکەن کاریگەری هەبێت بۆ پەوەی جارێکیتر نەتوانن

بەشداربن پێویستیش دەکات گروپەکان بەردەوام بگۆڕدرێت کاری مامۆستایە کەدابەشیان بکات بۆ ئەوەی بەردەوام ئەندامانی گروپ لێک نزیکی هەبێت لەناو هەموان .(١)

ئەوەی لێرەدا گرنگە کارکردن بەگروپ سەلیقەی و توانای قوتابی زیاتر دەکات وەلەگەڵ ئەوەشدا هانی قوتابی دەدات بۆ بیرکردنەوەو داهێنان و هەوڵدان بۆ دروست کردنی وێنەیەکی گونجاو لەبیرو

زەینی قوتابی ، هەرچەندە لەقوتابخانەکانمان هۆکارەکانی فێرکرد کەمە لەزۆر قوتابخانە بەشێوەیەکی گونجاو دابین نەکراوە وەئەگەر هەشبێت زۆر کەمەو کۆنە کەوا لەگەڵ بابەتی ئەمڕۆو سەردەم ناوگونجێ چونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وای کردوە کەوا قوتابی چاوکراوەتربێت و چاوەڕوانی هۆکاری فێرکردنی پێشکەوتووتربێت ئەوەی کەوا ئێستە بەردەستە پۆستەرو و فلاشکارت وێنەو نەخشەن واتە لەهەستەوەرەکاندا بینین بەکار دەهێنن لەکاتێکا ئەگەر هاتوو دروستکراوی مادەی تربێت ئەوکات زۆر ترین هەستەوەر بەکاردەهێنێ هۆکارەکانی فێرکردن کۆمەڵایەتی وەک ئاشکرا و ڕوونە بابەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەوبابەتانەی کەوا هۆکارەکانی فێرکردنی وا زۆر سادەو سەرەتاین بۆ ئاستی قوتابیانی ئەمڕۆ فلیم و بەڵگەنامەی مێژووی زۆر گرنگە لەکاتی پەرتوکی قوتابیان ئامادەبکرێ هەتا قوتابی باشتر چێژ لە وانەکەو بابەتەکانی ببینێ وە لەهەمان کات دەتوانرێ بابەتەکە لەڕێگای فیلیمێکی دیکومێنتاری بخانەتەڕوو لەپاشان پرسیار ئاراستەی گروپەکان بکات و هەتا ئەو ڕادەی کە لەو بابەتەگەیشتوون کۆی بکەنەوەو بیگەیەنن بە گروپەکانیتر بەم شێوەیە قوتابی وابەستەی خوێندن دەبێت و ئارەزووی پشووی لانامێنێت پەرۆشی بابەت و قوتابخانە دەبێت

(1) فایەق سعید ,تێکشکانی بەهاکانی خوێنکار , چاپی٢٠٠٤ , لا ٧٩

## هەنگاوەکانی  مامۆستایی سەرکەوتوو

هەنگاونان و خۆئامادەکرد بۆ دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن ئەو ڕێکارانە چین دەبێت مامۆستای سەرکەوتوو بیگرێتەبەر بەرلە وادەی کرانەوەی دەرگای قوتابخانەکان ؟

مامۆستا کۆمەڵێک کارو کردار ئەنجام دەدات بۆ گەیاندنی ئامانجەکەی کە فێربوونە، پێویستە( یەک لەدوای یەک هەنگاو پلان ، ئامادەکاری ، جێ بەجێ کردن) ئەگەر هاتوو ئەم سێ هەنگاوەی  بنێت هەتا پرۆسەکە بەسەرکەوتووی بگات بەشێوەیەکی ئەکادیمی و سەردەمیانەنا ئەوکات ئاکامێکی باشی دەبێت بۆخودی خۆیی  واتە هەست کردن بە ئاسوودەی دەرون کەوا لەبەرهەمی ڕەنجو ماندوو بونی دەردەکەوێت وە لەهەمان کات بۆ قوتابیش یەکەم ئەرک پێوویستەمامۆستا ئەنجامی بدات پلانە واتە  ئامادەسازی پێش وەختە واتەپێویستی بە پرۆگرامێکی تێرو تەسەلو هەیە هەتا بەرچاوڕونی هەبێت بۆ بابەتەکەو وانەکان بگونجێنێت لەگەڵ ڕۆژگاری قوتابی لەهەمان کات کاتێک مامۆستا پلان دادەنێت بۆ ئەو بابەتانەی کە دەیڵێتەوە هەمان ستراوتیژی بابەتەکەو ڕێگاکانی وانەوتنەوە ی سەردەمیانە لەگەڵ گونجاندنی بابەتەکە بەکار بێنێت شێوازی وانەوتنەوە لە مامۆستایەک بۆ مامۆستایەکی تر دەگۆڕێت لەهەمانکات دەبێت مامۆستا ئەوەندە سادەو کراوە بێت هەتا قوتابی بتوانن سود لە تواناکانی وەربگیرێت لەکاتی خوێندن سەرنجی تەواویان لەلای مامۆستا بیت و خۆیان تەرخان بکەن بۆ خوێندن ، مامۆستا ئەو پردەیە کە قوتابی پێ دەگەیەنێو دەیگەیەنێت بەو خاڵەی دەیەوێت ئەگەر هاتوو مامۆستا کارو پیشەکەی خۆش بوێت دەتوانێت گۆڕانکاری بکات واتە گۆڕانکاری بکات لەو قوتابیانەی کەئاستیان لاوازەو کاتی زیاتریان بۆ تەرخان بکات چونکە تاکەکەسێک کە لەقوتابی دەگات مامۆستایە و زۆرباش لە کێشەی قوتابیەکانی تێ دەگات ، مامۆستا ئەگەر هاتوو لە ماوەی سێ مانگی پشووی هاوین ئامادکاری بکات بۆ دەسپێکی ساڵی نوی خوێندن ئەوکات وەک قوتابی بەپەرۆشی کردنەوەی دەرگای قوتابخانە دەبێت هەتا بتوانێت زۆرترین قوتابی سودلەتواناکانی ببینێ کردنە وە ي قوتابخانە لە سە ر خۆ ئامادە کردني پيويستي ماموستا و دلسوزي لە جێ بەجي کردنی ئە رکە کە ی بەندە.

## بابەتی کۆمەڵایەتی و کەمی هۆکارەکانی فێرکردن

ـ ئاستەنگەکانی بەردەم مامۆستاو قوتابی بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی ئەو لایەنەنانەی کە پەیوەندیان بە بەرەو پێشچوونی قوتابیانەوە هەیە وەک ئاشکراو ڕوونە بەشێکی زۆری قوتابی حەزو ئارەزوویان بۆ خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی زۆر کەمە یاخود هەر نیانە ئەمەش وادەکات کەوا بە بابەتێکی بێزارکەرو ناخۆش دابنرێت هەر ئەمەش هۆکارە کەوا حەز بە دوورە پەرێزی بکەن بۆبابەتی کۆمەڵایەتی هەر چەندە ئە گەر توزێک بدوێن دەر بارەی بابەتی کۆمە ڵایەتی کەوا خۆی لە سێ بابەت دەبینێتەوە ( جوگرافی ، مێژوو ، هاونیشتیمانی) هەر سێ بابەت لەماوەی ساڵێکی خۆێندن ئاشنا دەکرێت بە قوتابی ، واتە ئەمەش وای کردوە قوتابی زۆر جار بابەتی جوگرافی پێ خۆشتربێت لە دوو بابەتەکەی تر یاخوت بە پێچەوانەوە بابەتی مێژوو خوێندنەوەو شارەزابوون لەمێژووی هەمووگەلان و نەتەوەیەکان بەتاک بێت یاخود بە کۆمەڵ چونکە بەدڵنیاییەوە هەر کەسێک یاخود هەر گەلێک خوێندنەوەی نەبێت بۆ مێژوو ڕابردووی خۆی پانتایی دەورو بەری نەزانێت کەواتە ناتوانێت هیچ نەخشەو پلان و بەرنامە ڕێژیەکی لەهەگبەدابێت بۆ ئێستاو داهاتوو ، بەهەمان شێوە بابەتی هاونیشتیمانی کەوا بابەتێکی کورتە لەناو پرۆگرامی خوێندن بەبەراورد بە بابەتی مێژوو و جغرافی ، کەوا ئاشناکردنی قوتابیە بە کۆمەڵێ یاساو دابو نەریتی کۆن و ئایندە ، وە ڕەنگە خوێندنی ئەو بابەتانەی لاگرنگ نەبێت ئەمەش وادەکات تێگەیشتنی بۆ بابەتەکە نەبێت تەنها بۆ بەدەست هێنانی نمرەیەکی بێت هەتا ئەگەر کەمیش بێت ئەو لاگرنگ نەبێت ، قوتابی لەماوەی ئەو ساڵەدا ئەوەی کەوا ئارەزووی بۆ بابەتەکە هەبێت تێکەڵێ ڕوداوو بەسەر هاتەکانی ناو پرۆ گرامی خوێندن دەبێت بە پێچەوانەوە لای ئەوانەی تر وەک بارێک وایەو پێویست ناکات باس و بەسەر هاتانە بزانێت چونکە ئەو بەو شێوەیە دەیبینێت ، وە لەلایەکی ترەوە زۆر جار مامۆستا هۆکارە کەوا قوتابی بەو چەشنە بڕوانێت چونکە مامۆستاکە شێوازو ڕێگایەکی وا ئامادە کاری بۆ بابەتەکە نەکردوە هەتا قوتابی بە تاسەوە تێکەڵ ببیت لەگەڵ بابەتەکە ،پەروەردەی سەر دەم جەخت لە هاندان و تامەزرۆی بونی قوتابی دەکاتەوە بۆ خوێندن و فێر کردن ، گرتنەبەری ڕێگای تازەو سەردەمیانە لەگەڵ ئاست و تێگەیشتنی قوتابی بگونجێ ، وەلەلایەکی تر هۆکارەکانی فێرکردن ئەوەی لەبەر دەست بێت زۆر کەمن ئەگەر مامۆستا پشتی پێ ببەستێ و هەوڵی بەدەستهێنانی هۆکاری تر نەدات ئەوا بۆ ئەمڕۆمان ناگونجێ چونکە دنیای دەرەوە زۆر جیاوازترە لەوەی ناوکتێب بە بۆنەی پێش کەوتنی تەکنەلۆژیاوە مامۆستا دەتوانێت ڕوداوەکانی ڕابردوویان بۆ بێنێتە بەر چاو بەئاسانترین شێوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی زیاتری قوتابی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار لەناو پۆل ، ڕاستە باس لە مامۆستاو هۆکارەکانی فێرکردنمان کردوە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خێزان ڕۆڵی سەرەکیە لە پەروەردەو فێرکردن پێویستە لەسەر خێزان کەشێوازی پێگەیاندی بە جۆرێک بێت کە هانی بدات بۆ سەربەخۆیی پشت بەخۆ بەستن و دەست پێشخەری کەسێکی باوەڕ بەخۆی تیا دروست بکات هانی منداڵ بدرێ بۆ خوێندن و فێر کردن و بەدەست هێنانی نمرەی بەرز هەم لەلایەن خێزان وهەم قوتابخانەشەوە ، وەهەر وەها پێوستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کە گرنگی زیاتر بدات بە شێوازی ئامادەکردنی ئەو قوتابیانەی کە لە داهاتوودا دەبنە مامۆستا لە ڕووی زانستی و ئەکادیمی ،، پێویستە ئەوکۆلێژانەی کەمامۆستا پەروەردەدەکەن گرنگی زیاتر بدەن بە خوێندنی بابەتەکانی دەروناسی ، دەروناسی گەشە ، دەروناسی پەروەردەیی ، خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کاری کۆمەڵایەتی قوتابخانەیی ، سەبارەت بەوەزارەتی پەروەردە پێویستە بەبەردەوامی خولی شیاندن بکاتەوە وانەوتنەوەو ڕاهێنان و پەروەردەیی چونکەمامۆستا پەروەردەکارە

پۆستی بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەری سەرکردە

پۆستی بەڕێوەبەر دیاری کراوە ,یاخود بەهەڵبژاردن و هەماهەنگی دادەنرێ؟ بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری سەرکردە چین جیاوازیان چیە ؟
ئەوەی من دەمەوێت بیخەمە بەر دیەی خوێنەران دیاری کردنی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرە دڵنیام بەڕێوەبەریش وەک هەر پۆستکی تر وەک هەر کارێکیتر پێویستە لەلای خۆشەویست بێت کارەکەت بەواتای ئەوەنا بەس کورسی و ناوبانگەکە ببینی بەڵکو من بەڕێوەبەر وەک کۆڵەکەی قوتابخانەدەبینم ئەگەر هاتوو کەم و کورتیەک لە کۆڵەکەکەداهەبوو ئەواناتوانرێ ببیتە بناخەیەکی چاک بۆ پەروەردەکردنی قوتابی و وەهەروەها بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان بەڕێوەبەر دەبێت دادپەروەر بێت لەدانانی کارەکانی قوتابخانە بەیەکسانی بەبێ جیاوازی لەهەموو ڕوویەکەوە نامەوێت وردتری بکەوەوە ،وە بەسەر هەمووان وە سەرپەرشتیاربێت بەسەر هەموو لێژنەکانی قوتابخانە وە لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ڕاگرتنی هەموو ئەو فەرمانبەرانەی لەبەردەستیایەتی وەک یەک تێگەیشتنی لەهەموان لەکاتی پێویستیو هاوکاری کردنیان بەگوێرەی پێویستی کارەکە هەروەها بەڕێوەبەر دەبێت ڕێز لەو کەسانە بگرێت کەسەردانی دەکەن جا هەر کەسێک بێت لەچ پلەو پۆستێک یاخود هەرکارێک کەدەیکات کەسی میوان چونکە زۆرجار دەبینین مامەڵەکان بەوشێوەیەنیە کە هەتا ڕێز لەو کورسیەبگرێ کەلەسەریەتی ،وە کەسێکی لێبوردەو کراوەو دڵ گەورەبێت ، توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی هەبێت بەڕوحێکی گەورەوە چونکە، ڕەخنە بۆ دروستکردنی پێگەیەتی زۆر لەگەڵ ئەوەشدا زانینی هەڵەکانی و باشترکردنی بەشێوەیەکی گونجاو شیاو بەواتای ئەوەناڵێم ڕەخنەی ڕوخێنەر قبوڵ بکات ، چونکە وەک دەوترێ ئەوکەسانە هەڵەدەکەن کە کاردەکەن نەک ئەوانەی کە دادەنیشن ، بەڕێوەبەر بەس ـەوەندەی لەقوتابخانەیە بابەڕێوەبەر نەبێت بگرە هەمیشە لەخەیاڵیابێت هەتا بتوانی کاری باشو داهێنان بکات لەو ماوەیەی کە پۆستی پێدراوە کورسیش هەتاسەر بۆ کەس نیە بەڵەدەست دانی کۆتایی دنیانیە

## پەروەردەو شوێنی گونجاوی قوتابیان باڵەخانەی قوتابخانەکان

ئایە هەتا چ ڕادەیەک گونجاوە بۆ گۆشکردنی قوتابی ئەو کەم و کوڕیانەچین کەدەبێت پەروەردە هەنگاوی بۆ بنێت ئایەکەباس لەسیستەمی وڵاتان دەکەین کەشی قوتابخانەکانمان بەو ڕادەیە گونجاون لەکتێبی قوتابخانەکانمان ڕوویان لەقیبلەنیە پرسیارێک ئاراستەی نوسەر (فایەق سعید ) کراوە و بەڕێزیان سەبارەت گرفتی بینای قوتابخانەکان بەم شێوەیە دێتە گۆ بە گرفتی گەورە ناوی دەبات نەبوونی پۆل کەمی بینای قوتابخانە کارگەیشتۆتەئەوەی هەندێکجار ٥٠ قوتابی لەپۆلێکدا کۆببنەوە لەکاتێکا ئەو هەموو باڵەخانانە بە ئاسماندا دەچن بێ ئەوەی بەشێکی بەرچاویان قوتابخانەبن ،وە ئەم فاکتەرە بەرلەهەموو کەسێک مامۆستای بێزارکردووە وەلەهەمان کاتدا ئەم گرفتە بۆتەهۆی ئەوەی قوتابی ماوەی سێ کاتژێر لەقوتابخانە بمێنێتەوە ئایە ئەوکاتە بەشی ئەوەدەکات زانیاری وەربگرێت، نووسەر کەمی بینای قوتابخانە بەگرفتی گرفتەکانی دادەنێت کاریگەری بەسەر مامۆستاو خوێنکاریش زۆرەو بەڕونی دیارە هەرچەندە ساڵانێکی زۆرە ئەم گرفتەمان هەیە نوسەر ئاماژەش بەوەدەکات کەوا هەوڵی یەکلاکەرەوەی بۆ نەدراوە وەلێکۆڵینەوەی یەکلاکەرەوەمان لەسەر کاریگەری ئەم دیاردەیە نەکردوە(١)

لە بابەتێک بەناونیشانی قوتابخانەی نوونەیی بەپێنووسی مامۆستا هاژە شێروانی بۆ گۆڤاری ژیار بڵاو بۆتەوەو تیایدا هاتوە نکۆڵی لەوە ناکرێت لەو سەردەمەی تەکنەلۆژیا وپێشکەوتنەخێراکان باڵا دەستیان هەیە ئەوا سەرجەم کەرتەخزمەتگوزاریەکانی وەک پەروەردە و فێرکردن تەندروستی و ڕێگاوبان کەوتونەتە بەردەم کەمی شاڵاوی گۆڕانکاری بۆیە ناکرێت بە مەنهەجو عەقڵی لێی بڕوانین چونکە پەیوەستە بە سەرجەم سەکتەرەکانی خزمەت گوزاری (٢) ٦٠ دەمەوێت بۆچونی خۆم بخەمە پاڵ نووسەر ئەوەی گۆڕاوە کۆمەڵگایە ، دەبێت هەمووتاکێک سود لەم گۆڕانە ببینێت بۆ خزمەتی ئامانجەکانی ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە سودمان لەم پێشکەوتنە بینی ئەوا وڵات خۆی بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە دەڕوات واتە بۆ خزمەتی هەمووکۆمەڵگایە،

هەنگاونان و کارکردن لەدنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا زۆربەزەقی ڕەنگی داوەتەوەو وەک هەموو وڵاتان و گەلانی دنیا ئێمەش ئاوات بۆ دەرکەوتنی ئەو خۆرەدەخوازین کەپانتای وڵاتمان بگرێتەوەو نەش و نمابکات بەهەموو سەکتەرەکاندا شۆڕبێتەوە لێرەدا پەنجە دەخەینە سەر پەروەردە چونکە پەروەردە بناغەی سەرکەوتنی هەر نەتەوەو میلەتێکە بەدڵنیای ئەم سەرکەوتنەش پێویستی بە هەوڵو کۆشش و سەرفکردن و تەرخانکردنی لایەنی مادی و مەعنەوی هەیە هەتا بتوانین بیگەیەنینە ئەو ئاستەی خەونی پێوەدەبینین ، لێرەدا هەندێک لایەن هەیە کەپێویستە کاری لەسەر بکرێ ئەویش قوتابخانە بەجۆرێک بێت کەحەزو خولیای قوتابی بۆ خوێندن بجوڵێنێت ئارەزوی تیا دروست بکات لای قوتابی بۆ فێربوون بیناو کەل و پەل و تاقیگەو هۆڵی وەرزش و کۆبونەوەو کۆڕو سیمینارو چالاکیەکانی هونەری و هەموو ئەم پێویستیانە لەقوتابخانەکان بونیان نیە ئەگەر هەشبێت ئەو

قوتابخانانە بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ئەوەی کەوا لەبەردەستە لە قوتابخانەکان هەتا چەندە گونجاو لەبارن بۆدروستکردنی ئایندەیەکی گەش بۆ قوتابیان ، ئایە قوتابی وەک پێویست دەتوانێت کاتەکانی خۆی لەقوتابخانە سەرف بکات ئەو هەوڵ و خەونانەی ئایندەی ئەو بونیات دەنێن دەتوانێت لەکەشێکی گونجاوا بۆی بژی و هەنگاوی بۆ بنێت لێرەدا دەبێت بوەستین چونکە کەمی بینای قوتابخانە بەئاستەنگی یەکەمی دنیای پەروەردە دادەنرێ لەوڵاتمان کە نەیتوانیوە ئەو کەش و زەمینە بڕەخسێنێ بەبەراورد بەوڵاتە پێش کەوتوەکان گۆڕینی کاتی دەوام لە کاتژێر ٨ بۆ ٢ ودابینکردنی بەشی دایەنگە بۆ ئەوەی مامۆستایان کێشە منداڵی ساوایان نەبێت . ئەوکات دەتوانرێ کاربکرێ بۆ باشترین لێرەدا پێویستە لەسەر دام و دەزگا پەیوەندی دارەکان و بەرپرسان ئەم کێشەیە بە هەند وەربگرن و کاری بۆ بکەن لە سەرەتای هاتنی پشووی هاوین وەهەروەها

هەتا بتوانرێ پشکی شێر بەر کەرتی پەروەردەبکەوێ چونکە هەر لەپەروەردەوە بەشەکانی ترو سەکتەرەکانی تر پێدەگات هەر ئەو قوتابییەیە کە لەقۆناغەکانی بنەڕەتی یەوە هەنگاودەنێت بۆ گەیشتن بە داهاتوو ئەوداهاتوەی کە هەریەک لەخێزانەکانو کۆمەڵگا چاوەڕوانی دەکات بۆ یەدەبێت هەتا بکرێ کار بۆ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی قوتابخانەکان بکرێ جا چ لەڕێگای کۆمپانیا کەرتی تایبەت بێت یاخوت حکومەت کاری بۆ بکات وەهەروەها لەگەڵ دروستکردنی بیناو باڵەخانەی گونجاو بۆ پەروەردەو فێرکردن کە هەموو پێویستیەکانی قوتابیان لەخۆبگرێ ، هەتا درێژکردنەوەی ماوەی خوێندنو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دوودەوام لەقوتابخانەکان هەتا هەنوکەش کاتێک قوتابی لە قوتابخانە دەگەڕێتەو بۆ ماڵەوە دەڵێن بەربووین ئایە ئەم بەربوونە لە زەینی ئەو واتای چی دەگەیەنێت واتا قوتابخانە وەک زیندان وایە بۆی کە تەواوی ئەو ماوەیەی لەوێ بەسەری بردوە ئازاد نەبوە چونکە کەشو ژینگەکەی بەو شێوەیە نەبوە کەئەو ویستویەتی یاخود بەوشێوەیە نەبوە هەتا تامەزرۆی گەڕانەوەی بێت بۆقوتابخانە.

.(1) فایەق سعید ,کتێبی قوتابخانەکانمان ڕوویان لەقیبلەنیە نووسەر (ل79_ 80
(2) هاژە شێروانی بۆ گۆڤاری ژیار ناونیشا قوتابخانەی نوونەیی ،ل13

لێکۆڵینەوەیەک بۆ ژمارە ٣١ گۆڤاری ژیاری پەروەردەیی ئەهلیی

گۆڤاری ژیار یەکەم گۆڤاری ئەهلی پەروەردەییە وە وەرزانەیە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە لە دووتووێی ٧٢ لاپەڕە بە چاپێکی قەشەنگ و دیزاینێکی جوان و سەرنج ڕاکێش ، تاکو ئێستا39 ژمارەی دەر چووە لەلایەن دەزگای ژیاری ئەهلیەوە دەردەچێت لە ژمارە ٣١ گۆڤاری ژیار بابەتی هەمەجۆر پەروەردەیی چوار پارچە شعر لەخۆ دەگرێت من لێرەدا وەک خوێنەرێکی بەردەوامی بابەتی پەروەردەیی و 42 م ٣١ گۆڤارەکە هەم وەک نوسەرێکیش هاتووم شەن و کەوێکی بابەتیانەی گۆڤاری ژیاری ژمارە کردوە لە ئاماژە کردنی بە بە نوسێنەکانو و نووسەرەکانیا ن بەو ئومێدەم توانیبێتم خوێندنەوەیەکی داڕشتنەوەیەکی جوانم کردبێت شایستەی نووسەرەکان و بابەتەکانیان و گۆڤارەکە بێت
ئەگەر دەسپێک باس لەبەرگ و دیزاینی گۆڤارەکە بکەین وەک دەبینین وردەکاریەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێ وەک وێنەو ڕەنگ و نووسینەکان کەوا وێنەی قوتابیەکی چاوگەش بەشی پێشەوەی گۆڤارەکەی داگیرکردوە هەر لەسیماو بزەی لێوانی شادی و خۆشبەختی بۆ خوێنەر دەکاتە دیاری کە . هەڵگری کۆمەڵێک هیواو ئاواتە
سەروتای گۆڤارەکە بە پێنووسی مامۆستای بەڕێز (م . همزە عباس فەقێ) سەرنووسەری لێهاتووی گۆڤارەکە یە بەناونیشانی ئەرکە پەروەردەییەکان لە کابینەی نووێی حکومەتدا سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراو لە سۆنگەی هەستە نیشتیمانیەکەیەوە لە دەسپێکی وتارەکەیدا بەم شێوەیە دێتە گۆ پەروەردە جگە لە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی و نەتەوە یی مرۆڤایەتیشە هاوکێشەیەکی:

بیرکاری و بە پێی یاساو ڕێکاری خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ ئەنجامی هەڵە بەدەستەوە دەدات . هەموو خەمساردیەک لەمڕۆدا بەرامبەر بەو کەرتە هەستیاریەی ژیان و ڕێای پاشا گەردانی بۆ ئێستامان و بەهەدەردانی بوون و هێزو شکۆی نەتەوەکانی سبەینێشە ، لێرەدا سەرنووسەر زۆر بابەتیانە هاتوە شەن و کەوێکی دروست و خوێندنەوەیەکی واقعیانە(سەر دەمیانە ) بۆ واقعی ئەمڕۆ ی پرۆسەی پەروەردەو فێر کردنی هەرێمی کوردستان کردوە نووسەر وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشیمانی بەمەبەستی هاوبەشی کردن لە بنیاد نانی پەروەردەیەکی سەردەمیانە کۆمەڵێک پێشنیار دەخاتە بەردەم وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەم شێوەیە ، ئێمە لێرە لەم سەکۆ شکۆمەندەوە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە سۆنگەی درک کردنمان بەهێزو کاریگەر ی بێسنوری پەروەردە

یەکەم/.

بابەتی گۆڤارەکە بە پێنووسی نووسەر و پەروەردکار (فایەق سەعید) ە بە ناونیشانی پەروەردەی هەزارەی سێیەم لیۆ ڤیگۆتسکی نووسەر باس لەسەر هەڵدانی پەروەردەدەکات وە لەهەمان کاتدا لەجیاوازی قۆناغەکانی خوێندن دەخاتە ڕوو پاڵپشتی بۆ چون و نووسینەکانی هەریەکە لە جێرمۆ برونەر و ژان پیاژێ ڤیگۆتسکی هەروەها پێداگرێ لەهەندێک لەوخاڵانە دەکات کە ڤیگۆتسکی لەوانی دی جیادەکاتەوە بۆ چوونەکانی کاریگەری گەورەیی بەسەر پرۆگرامەکانەوە هەبووە هەروەکو لە دا جیاوازی دەخاتە نێوان ئاستی هەنوکەیی و ئاستی داهاتووی (نزیکترین زوونی گەشەکردن )تیۆری خوێنکار هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە تاقیکردنەوەکانی ڤیکوتسکی ئەوەیان بەر جەستە کردوە کە هەرکاتێک منداڵ هاوکاری کرا دەتوانی ئاستێکی بەرزتر تۆماربکات لە بەشێکیتر ئەم ووتارە ناوازەیە هاتووە :(ڤیگۆتسکی جەختی لەسەرهەندێ لایەنی ناوازەی یاریکرن کردۆتەوەو پێداگیری لەسەر ئەوەکردوە کاتێک منداڵ یاری دەکات چ گۆڕانکارییەک لەمێشکی ئەودا دەگوزەرێ . لێرەدا دەمەوێت هەندێک بدوێم دەربارەی تێڕوانینم بۆ ئەم بابەتە کەوا پێویستە لەسەر ستافی قوتابخانە زانیاریان هەبێت

دەربارەی هەموو لایەن و هەوڵەکانی کەوادراوە بۆ قوتابیان وەهەر وەها سودوەر گرتن لە تیۆرو تاقی کردنەوەی فەیلەسوف و زاناکان، هەنگاونان و گرتنەبەری ڕێگای تازەو سەردەمیانە هەتا لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆی قوتابیدا بگونجێت

دووەم/

ژیاردا بابەتێکی پ. د وەلی محمود سەرۆکی زانکۆی کۆیە بە ناونیشانی پەروەردەیەکی درووست ) (ژینگەی خوێندنگاو

لە لاپەڕە ٤ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ نووسەر زۆر ئەکادیمیانە هاتوە بەراوردکاریەکی جوانی بۆ ژینگە ی خوێندنگاکانی کوردستان و وولاتانی پێشکەوتوی کردووە لەڕووی باڵەخانەو دیزاینی جوان و سەرنج ڕاکێشی وڵاتانی دنیا و کوردستانی خۆمان و چەن نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشی خستۆتەڕوو لەوانە (زۆرجار ناسیاو برادەرمان لە ئەوروپاو دەوڵەتەکانی ئەسکەندەناڤیا دەژین باس لەوەدەکەن کە منداڵەکانیان ئەوەندە دڵخۆشن کە ڕۆژەکەیان هەمووی لەخوێندنگە بەسەر دەبەن وە ئەرکی ماڵەوەیان هیچ نەماوە کە دێنەوە وە هەروەها لە نمونەکەکی تر کوردستان دەنوسێت کاتێک لە دوامی قوتانخانەکان تەواو دەبێت دێنە دەرەوە لە قوتابخانە دەڵێن بەر بووین ئەم ووشەیە تەنها بۆ زیندان بەکاردێت ، دەست خۆشی لەنووسەر دەکەم بۆ ئەم ڕون کردنەوەیە

بەڵام ژینگەی ئێمە زۆر جیاوازتر بەبەراورد بەو ژینگەیەی کەوا باسی دەکات ئێمە وەک ڕۆڵەی ئەم وڵاتە کۆمەڵێک کەمووکوڕیمان هەیە بەهۆکاری ئەو هەموو کێشەو گرفتانەی کەوا ڕووبەڕومان بۆتەوە بۆیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ژینگەو ئەوروپا ئەوا کەموو کوڕی زۆر مان هەیە وە قوتابخانەکانمان لەو ئاستە دانین هەتا بتوانن ئاسودەی تەواو بۆ قوتابی فەراهەم بکات. سەرنج دەدەین ئەوەی بەسودمەندی یەکەم دادەنرێ لە بەشەدا تێڕوانینی بۆ بکات بەهەندی وەربگریت وەزارەت و بەرپرسانی باڵان هەتاوەو بتوانن کەشێکی وا لەبەرو گونجاو بۆ قوتابی فەراهەم بکەن . بەتەواوی پێویستیەکانەوە قوتابی بۆئەوەی  تێڕوانینەکانی بەتەواوەتی بگۆڕێت.

سێیەم/

بابەتێکی تری سەرنج ڕاکێش لە لاپەڕە١٢بە ناونیشانیی منداڵ و دزی کردن کە لەبەشی دووەم و کۆتاییەلایەن سەرهەنگ عبدلرحمن لەفارسییەوە کراوە تە کوردی

بابەتەکە ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کە دەبێتە هۆی ئەوەی دزی بکات لەهەمانکاتدا بۆ ڕێگری کردن لە دزی منداڵ تێیدا هاتوە پێویستیەکانی بزانەو دەر فەتێکی باش بۆ دەستنیشا کردنی پێویستیەکان . .تەرخان بکە

لێرەدا دەمەوێت هەندێک بدوێم دەربارەی تێڕوانینم بۆ ئەم بابەتە کەوا پێویستە لەسەر ستافی قوتابخانە زانیاریان هەبێت دەربارەی هەموو قوتابیەکان وەلەهەمان کات لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەیەکی ئاوا پێویستە هۆکارەکەی بزانرێ وە چ پاڵنەرێکی لەپشتە بۆ گرتبەری ئەم ڕێگایە دزیکردن کارێکە مناڵ لەخۆیەوە نایکات یان پیویستیەکی هەیە یاخود خویەکە لاسای دەکاتەوە وە زۆر هۆکاری تر پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتێ ئاگاداری تەواوی وردەکاریەکانی قوتابی بێت وە ڕێگری بکات لەدروست بونی ئەم دیاردەیە. سودمەندی ئم بابەتە بە دیدگای من قوتابخانەو خێزانە

.چوارەم/

بابەتێکیتر لە لاپەڕەی ١٣ بەناونیشانی قوتابخانەی نوونەیی بەپێنووسی مامۆستا هاژە شێروانی بڵاو بۆتەوەو تیایدا هاتوە نکۆڵی لەوە ناکرێت لەو سەردەمەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەخێراکان باڵا دەستیان هەیە ئەوا سەرجەم کەرتە خزمەتگوزاریەکانی وەک پەروەردە و فێرکردن تەندروستی و ڕێگاوبان کەوتونەتە بەردەم کەمی شاڵاوی گۆڕانکاری بۆیە ناکرێت بە مەنهەجو عەقڵی ٦٠لێی ڕوانین .لێرەدا بابەتێکی گرنگە پەیوەستە بە سەرجەم سەکتەرەکانی خزمەت گوزاری ، دەمەوێت بۆچونی خۆم بخەمە پاڵ نووسەر کەوا ئەوەی گۆڕاوە کۆمەڵگایە ، دەبێت هەمووتاکێک سود لەم گۆڕانە ببینێت بۆ خزمەتی ئامانجەکانی ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە سودمان لەم پێشکەوتنە بینی ئەوا وڵات خۆی بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوە دەڕوات واتە بۆ خزمەتی هەمووکۆمەڵگایە

پێنجەم /

لەلاپەڕەی( ١٥) دا سەرپەرشتی کردنی پەروەردەی لەووڵاتی بەریتانیا بە پێنووسی سعید احمد غفور سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کیمیا  کە تێیدا هاتووە:

هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکردن لەبەریتانیا کردەیەکی چڕوو پڕە ئامانجی بریتیە لە بەدیهێنانی جۆری باشترین؟لە فێر کردن و کارامەییەکانی فێرخواز ان بۆ هەر تەمەنەکان و چاودێری منداڵان و لاوانە .بابەتێکی سەرنج ڕاکێش و بارگاوی کراو . بەکۆمەڵێک داتاو زانیاری پێویست . بە دیدو تێڕامانم

لەم بابەتە دەتوانێت بەش پلان دانان سود لەم لایەنە ببینن چونکە نووسەری بەڕێز باس لەتەواوی وردەکاریەکانی وڵاتی بەریتانیا دەکات کەوا بۆ خزمەتی قوتابیان هەوڵ دەدەن .

شەشەم/

لە لاپەڕەی(١٨)دا بەپێنووسی نووسەری شارەزای بواری پەروەردەو فێرکردن مامۆستا هۆمەر قەرەداغی نووسراو بەناونیشانی بڕیاردان لەژیانی تاکدا ، هەمووچرکەیەکی ژیانمان خۆمان دەبینینەوە لەبەردەم بڕیاردان و هەڵبژاردنی ئەوەی چی بکەین یان چی نەکەین بەم شێوەیە درێژە بە بابەتەکەی دەدات و دەڵێت :لە ڕۆژێکدا دەیان بڕیاری پچووک دەدەین زۆریان ئاسان و سادەن هەندێکیشیان سەخت و گرانن کە کارێگەری بەدوای خۆیدابەجێ دیێڵێت، نووسەر بابەتێکی وروژاندوە کەوا هەریەکەمان ڕووبەڕوی ئەم دۆخە بووینەتە لەگەڵ خۆمان لەململانێدااین کامیان هەڵبژێرین بەبۆچونی من مرۆڤی سەرکەوتو ئەوەی کەوا دیاری دەبێت بکات و کاری بۆ بکات؟ گرنگەکەیانە واتە ئەو بڕیارەی یاخود ئەو هەڵبژاردەیەی کە هەموویان پێویسترە ئیشی لەسەر بکات لەپاشان ئەوانی تر ئەم بابەتەشە پەیوەست و گرێدراوە بەهەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا واتە سودەکەی بۆ هەموانە بەژداربن لەخوێندنەوەی .

حەوتەم/

لە لاپەڕەی ١٩ بابەتێک بەبانونیشانی جۆرەکانی کەسایەتی و مامەڵە کردن لەگەڵیدا ، نووسەر ئاسۆس انور سلیمان مامۆستای زانکۆ بڵاویکردۆتەوە کاتێک پرسیاریان لە،جۆن واتسۆن کرد بۆچی مرۆڤەکان لەیەکتری جیاوازن وتی چونکە وەکو یەکتری بیرناکەنەوە ،ووتی باشە بۆ چی وەکو یەک بیرناکەنەوە ووتی چونکە لەژینگەی جیاواز گەورە بوون، لێرەدا ئەوەمان لابەرجەستە دەبێت کە ژینگە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەبنیادنانی کەسایەتی لەلای تاکەکان ، بەدیدو بۆ چون و خوێندنەوەم بۆ ئەم بابەتە وەک نوسەر ئاماژەی بە بیرمەندو فەیلەسوف دەکات کەوا شیکردنەوەیەکی جوانی بۆ مرۆڤەکان کردوە دەدابەشی کردون بەسەر سێ گروپداکەوا بیستن ، بینین ، بەرکەوتن دەبێت مامۆستا بەباشی لە کەسایەتی قوتابیەکان بگات وە هەروەها ژینگەکەشی چونکە زۆر جار بەبۆنەی سەرکوت کردنی زۆر منداڵ شەرم و باوەڕ بەخۆنەبوونی لەلادروست نەبوە کەوا توانای گفتوگۆی نیە لەگەڵ مامۆستاو دەوروبەری بۆیە پێویستە مامۆستا سود لەم بابەتە ببینێ بۆ دروست کردنی کەسایەتیەکی بەهێزو تۆکمە لەلای قوتابی.

.هەشتەم/

بابەتێکی تر سەرنج ڕاکێش بە ناونیشانی باس لە قەیرانی ئاسایشی پەروەردەیی بە پێنووسی خاوەن باخەوان مەجید بەقاڵ لەدووتوێی هەردوو لاپەڕەی (٢٢-٢١)داهاتوە دەبێت ئیمتیازس گۆڤاری ژیار گەنجان ئامادە بکرێت بۆ ژیانێکی پڕ لە تحدیات واتە بەرەنگاربوونەوە هەروەها ئاماژە بەتوێژینەوەیەک دەکات و دەڵێت:

لەوانەیە تاک لەداهاتووداکارو پیشەکی بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێراییەی لەژیانی کرداری خۆی سێ چوار جار بگۆڕێت . بۆیە چاندنی بەها پەروەردەییەکان کە جەخت لە فێربوون . نووسەر باس لەزۆر ئاسایشی کردوە کەوا وەک لەهەرەمەکەی ماسلۆدا وەک پێویستی ناوی دەبات بۆ ژیان بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئاسایشی پەروەردەیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەهەندی وەربگرێ و کاربکات بۆ بنیادنانی ئاسایشێکی تەواو هەتاوەکو کەلتورو بۆنە نەتەوەییەکان و داب و نەریتەکان کاڵ نەبێتەوە وەجێگیربکرێ چونکە بناغەی بوونمانە وەک میلەتێک کە کورد ناومانە.

نۆیەم/
لە لاپەڕەی (٢٣) گۆڤارەکەدا نووسەر (اسماعیل طه)بابەتێک بەناونیشانی چ پەیامێکی ئاین بۆ منداڵان دەگونجێت نووسیوە ، نووسەر بە عەقڵیەتێکی کراوە دوور لە دەمارگرژی و توندڕەوی ئاین باس لە ڕۆڵی ئاین دەکات لە ژیانی منداڵدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بابەتی ئاین بۆ قوتابی ئەو بابەتانە بێت کە تۆوی خۆشەویستی و نیشتیمان و ڕێزگرتنی دایک و باوک دەست پاکی پاک ڕاگرتنی ژینگە ، و بەزەی هاتنەوە بەگیانداران لەدەرونی منداڵدا بچێنێت ، بەلای منەوە ئەم بابەتە یە کێک بوو لە بابەتە گرنگەکان کە پێویست بەهەند وەر بگیرێ و کاری بۆ بکرێ بە پێی لەبەرچاوگرتنی قۆناغەکانی خوێندن داڕێژرێ ئەم هەنگاوەش لەپڕۆگرام و پلان دانان کاری بۆ بکەن.

دەیەم/
بابەتی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لەڕوانگەی مێژووییەوە کەوا نووسەر (خەلیل خەلەف عبدول ) سەرپەرشتیاری پەروەردەی ڕۆژ ئاوای سلیمانی لە دووتوێی هەردوو لاپەڕە (٣٥-٣٦) دا دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێوەبردنی پەروەردەی بریتیە لەبەجێ هێنانی کۆمەڵێک کرداری ئاڵۆز کەوا هەر لەجێنشین بوونی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی بەژیانێکی سادەو ساکار دەستی پێ کردوە ، وەیەکەم پەروەردە لەژیانی منداڵ دایک و باوک لەڕوانگەی مێژووی بەیەکمم مامۆستا دادەنرێت.

یازدەهەم/
لە لاپەڕەی ٣٧ دا بابەتی ڕوانینێک لەزمان و ڕێنووس و فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی بەشی دووەم و کۆتایی بە پێنووسی ڕێبوار حەمە تۆفیق ) بڵاو بۆتەوە دیارە بەشی یەکەمی لە ژمارەی٣٠ پێشوودا بڵاو بۆتەوە ، نووسەر شەنو کەوێکی بەنێو کەوێڵی بەرفراوانی زمانی شیرینی کورد و زاراوە فرە چەشنەکانی داکردوە کرماشان و هەمەدان و سنە کەوا بە ( کولیای ) دەناسرێت وەهەروەها لەخۆرئاوایی کرماشان تا قەسر شیرین بە (کەلهوری )دەناسرێت وەهەروەها لە باکوری لۆرستان بە لەکی ) دەناسرێت وەهەروەها زۆرناوچەیتری خستۆتە ڕوو ، بەڕاستی بابەتی نووسەر ی ناوبراو ) مایەی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەر کردنەو بابەتێکی زمانەوانی سەرنج ڕاکێشە .وەک نوسەریش ئاماژەی پێداوە منیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێزیان پێۆیستمان بەزمانێکی یەکگرتووی هەڵقوڵاوی هەموو ناوجەو زارازوکانە وە کارو بەرنامەی بۆبکرێ بەهەماهەنگی و لە پەرلەمان بکرێتە پڕۆژەو بڕیاری لەسەر بدرێ و سودی بۆ پەروەردەش دەبێت ئەگەر هاتووکاری لەسەر بکرێ.

دوازدەهەم/
بەشی دووەمی بابەتی(پڕۆفیسۆر عومەر پەتی ) بەناونیشانی مێژووی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستان دا دەخاتەڕوو کە مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە لەو بەشەدا نووسەر هاتوە ڕەهەندە مێژوویەکانی مێژووی پەروەردەی شیکردۆتەوە لەهەمانکاتدا پێناسەی کۆمەڵێک لە فەیلەسوفی بەناوباگ وەک کۆفۆشێوس ، ئەفلاتون ، ئەرستۆ ، لەهەمان کاتدا لەژێر ڕۆشنەیی ئەم فەیلە سوفانە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان د. عمر پەتی بەم شێوەیە ڕایی خۆی لەسەر پەروەردە دەخاتە ڕوو: پەروەردە واتا ئامادەکردنی تاکە بۆ ژیان ، ئامادەکردنی تاک بۆ لایەنی ژیری و هۆش، لە شوێنێکی تری بابەتەکەیدا لە پەیوەندی نێوان پەروەردەو فێرکردن دەڵێت فێرکردن بریتیە لە کاریگەری نێوان مامۆستاو قوتابی یاخود دەتوانین بڵێین بەهۆی بەکار هێنانی تەکنەلۆژیای فێربوون لەهۆڵی خوێندن و بەپێی ئامانجی دیاریکراو و نەخشە و پلانی داڕێژراو فێرکردن ڕوودەدات. پڕۆفیسۆری گەورەو بەتوانا

کۆمەڵێک زانیاری گرنگی خستۆتە بەردیدی خۆینەرەکان کەوا هەمووتاکێک پێویستە ئاشنای ئەم مێژووە دورودرێژەی پەروەردە ببێت کەوا چۆن گوزەری کردوەو گەیشتوە بەو ئاستەی ئەمڕۆ پێویستە هەموو مامۆستاو ڕاهێنەرو فێرکارەکانی پەروەردە ئەم زانیاریانەیان لەلا بێت بۆ هەنگاونان و باشترکردنی فێربوون و فێرکردن

سێزدەهەم/

لەلاپەڕە ٣٢ دا بابەتێک لە ژێر ناونیشانی چۆن منداڵ لەزیانەکانی یاریە ئەلەکترۆنیەکان بپارێزین لەلایەن بەندەوە نووسراوە لە بەشی پێشەوەدا بابەتەکەم بەتێروتەسەل داناوە

چواردەهەم/

بابەتێکیتر لە لاپەڕە ٣٣ دا بەناونیشانی توندووتیژی لەناوقوتابخانەدا لەئامادەکردنی نووسەر(ڕوا ڕەمەزان ساڵەیی) دەسپێک بەکێشەو ئاژاوە پشێوی ناوی دەبات وە شێوازەکانی توندوتیژی لەقوتابخانە جیاوازن بەگوێرەی بەرپرسیاریەتیەکان وەهەروەها توندو تیژی جەستەیش کەوا بەم شێوەیە باسی دەکات : توندو تیژی جەستەیی واتە بەکارهێنانی هێزی ماسولکە دژی ئەندامانی لاشەی قوتابی کەسێک بەشێوەی ئەنقەست ، توندو تیژی دەرونیش کەبەهۆی فشاری دەرونی ڕوودەدات کەوا زۆرجار ترس و دابڕانی خوێندنی لێ دەکەوێتەوە ، توندو تیژی بەردەوامی مەبەست لەم توندو تیژیە ڕێگە نادرێت بەقوتابی بەژداری بکات لەنا پۆلدا .بەڵێ وەک دەبینین هەندێک جار لەڕێگای میدکاکانەوە شێوازی توندو تیژی دەبین لەهەمبەر قوتابی وە بەپێچەوانەشەوە ، بۆ ئەوەی بەدوربین لەم هەڵوێستانە پێویستە وەزارتی پەروەردە ڕێگای گونجاوبگرێتەبەر و بەردەواوم مامۆستاکان هانبدرێ بۆ بەژداری کردن لەخول و خوێندنەوەی بەردەوام ئەو بابەتانەی کەوا دەرونی و پەروەردەیین هەتاوەکو دوربن لەو دیاردەیە

پازدەهەم/

هەروەها لەلاپەڕەی ٣٤دا بەشی دووەم بابە تێکی نووسەر (م. محمود محمد مجید ) بە ناونیشانی نووسەر لەبەشی یەکەم دا :ڕۆڵی ئافرەت لە پەروەردی نەوەکان بڵاوی کردۆتەوە کە تیایدا هاتوە بەشێوەیەکی سەرەکی باسی لەبابەتەکەی کردوە خاڵی سەرەتا لەپەروەردە ئەوەیە کە دایک هەست بەگرنگی پەروەردەوو ترسناکی کەم تەرخەمیەکانی بکات چونکە تاڕادەیەک زۆر دواڕۆژی کوڕ و کچەکانت بەتۆو هەڵسوکەوت تۆوە بەندە ، لای هەموان ڕوونە کە قوتابخانە ماڵی یەکەمی قوتابی و کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆڵ بینینەیە کە لەسەر شانۆ ڕۆڵ دەبینێت دایکە بۆیە ناکرێت ڕۆڵی ئەو ماموستا و مرۆڤە مەزنە نادید بگرین لە م وارەی ژیاندا ،پێویستیەکانی مناڵ بریتی یەلەپرۆ گرامێکی ڕاست لەبەخێوکردنی منداڵ بۆ تەواو کردنی کەسایەتی منداڵ لەڕووی جەستەیی و دەرونییە. بە بۆ چونی من خێزان هەموو بەرپرسن لەپەروەردەی منداڵ ڕاستە دایک لەپێش باوک دادەنرێت بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دایک وەک باوک بەشێک لەکاری دەرەوەی گرتۆتە ئەستۆ بەهۆی ئیشو کاری ماڵیش کاری دایک زۆر گران تربووە لەباوک بۆیە دەبێت هەردوولا هەماهەنگیان لەنێواندا بێت بۆ

پەروەردە کردنی منداڵ گرنگی پێدانیان و دروست کردنی کەشێکی ئارام کەوا دڵنیای خێزانیان لەلا دروست ببێت و باشتر تێبکۆشن ئەوەی کەوا لەسەریانە خوێندنە

شازدەهەم/

. بابەتێک لە لاپەڕە ٣٧دا بابەتێکی تر ی گرنگی بواری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە پێنووسی نووسەر (م . صدرالدين زرارسالح) سەرپەرشتیاری یەکەم کۆبونەوەکانی قوتابخانە دەکەوێتە بەر دیدەمان کە تێیدا هاتوە:
کارگێری سەرکەوتوویی قوتابخانە چەن ڕێگایەکی پەیوەندی کردن دەگرێتە بەر یەکێک لەم ڕێگایانەش کۆبونەوەکانی قوتابخانەیە ئەم کۆبوونەوانە کاریگەری تەواویان دەبێت ئەگەر بە چاکی ڕێک بخرێن ، بێ گومان لای هەموان ڕوونە کە پێویستە لەسەر دەستەی کارگێریی و مامۆستایان بایەخی فرەلایەن بدرێت ئەو بایەخەی کۆبونەوەی دایبابان کەتێدا دەتوانرێت لەڕێگای هەماهەنگی و هاوکاری بۆ .نێوان دایباب و مامۆستا ڕێکاری پێویست و گونجاو بۆ ئاریشەو ئاستەنگەکانی بەردەمی بەرەوپێش بردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ، بەدیدو بۆچونی من ئەوەی سودمەن دەبێت لەم بابەتە و زانیاری و وردەکاریەکانی دەستەی کارگێری قوتابخانەیە بەڕێوەبەرو یاریدەدەر شێوازی مامەڵ و هەڵسوکەوتیان و گرتنەبەری باشترین ڕێگاو کاتی گونجاو بۆ کۆبونەوەکانو خستنەڕووی خاڵی گرنگ و کار کردن بۆی و دیاری کردنی ئامانجەکانیان.

حەڤدەهەم/

هۆکارەکانی ترسی خوێنکار لە تاقیکردنەوەکاندا بابەتێکیتر نووسەر (ئا.م. سردار محمد كريم جاف سەرپەرشتیاری یەکەمی قەرەداغ ،نووسەر بەحکومی ئەزمونی خۆی هاتووە شرۆڤەیەکی وردووبابەتیانەیی بۆ ئەو بابەتە هەستیارە کردوە هۆکارەکانی ترسو دڵەڕاوکێی قوتابی خستۆتە بەردیدی خوێنەرانی ڕێگاچارەشی دەست نیشان کردوە پێویستە لەسەر دایک و باوکان پەنا بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتەبەن چونکە کلیلی چارەسەری ئەو ئاریشەیە دەداتە دەست خێزان

. هەژدەهەم/

هەڵگرتنی بەر پرسیارێتی لای منداڵان ؟ لە نوسینی (شيما ناصح) لە لاپەڕە ٤٠ دا هاتوەنووسەر بەم شێوەیە دەرگای خوێندنەوەی بابەتەکەمان بۆ دەخاتە سەر پشت :-منداڵ گوڵی تەمەنی ژیانە، ڕووناکی چاوانی دایک و باوکانەبە چاکەی منداڵانمان پاشەڕۆژمان ڕوناک دەبێت . بۆیە پەروەردەی منداڵ و نمەو گەشەی بەشێوەیەکی تەندروست و فێرکردنیان کەچۆن تۆوی بەرپرسارێتی لەناخیان بچێنین نوسەر لەدوتوێی بابەتەکەی پێمان دەڵێت پێویستە لەسەر ئێمەی دایک و باوکان ڕۆڵی کارا لەسەر ژیانی منداڵەکانمان بگێڕین وە لێرەدا پەندە چینیەکەمان بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت پەروەردە لەمنداڵی وەک نەخشی سەربەرد وایە ، واتە پەروەردەی تەندروست لەسەر مناڵ هەتا دنیا ماوە کاری گەری هەر بەردەوام دەبێت.نووسەر زۆر بەجوانی دەربڕینی کردوە بۆ باتەکەی ئەوەی سوود لەم بابەتە دەبینی خێزانە پێویستە گرنگی بەپەروەردەی منداڵ بدا و فێرکردنیان لەژیانا ئامانجیان هەبێت هەوڵی هێنانەدی ئامانجەکانیان بدەن و خەونی پێوە ببینن.

. نۆزدەهەم /

لەلاپەڕەی ٤١ دا ئەمین سەپان بابەتێکی لەسەر کتێبی کوردی پۆلی یەکەم بڵاو کردۆتەوە ، بە ناونیشانی سەرنجەکانم لەسەر کتێبی کوردی پۆلی یەکەم نووسەر لەبابەتەکەی هاتوە شرۆڤەی بەراوردکاری بابەتیانەی لەنێوان کتێبی کوردی پۆلی یەکەم و ئەلف و بێ یەکەم ئەمین باڵدار کردوە . لەگەڵ دابەشکاری بابەتەکان بەسەر ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵی خوێندن
بە بۆ چونی من بابەتی کوردی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی پێویستە دەستەی پرۆگرامەکان لەگەڵ پسپۆڕان و نووسەرانی شارەزا لەوبوارەدا کاربکەن بۆ یەکخستنی پرۆگرامێکی تێرو تەسەل داڕێژراو بۆ قوتابی هەتاوەکو ئەو کەمو کورتیانە کۆتایی پێبێت کەوا بەشێوەیەکی زەق پێوەی دیارە.

بیست/.

لەلاپەڕە ٤٤دا مامۆستا محمد عبدلله مەلا شەرەفی بابەتێکی بەناونیشانی نووسینەوەی داهاتوو یاخود سەرقاڵبوون بە ڕابردوو ، نووسەر بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی لەدووتوێی نوسینەکەیدا بەپرسیارێک ورووژاندوە دەڵێت :ئەرێ هۆکاری چیە ئێمەی خەڵکی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست هێندە حەز بە ڕابردوو دەکەین تادەگاتە ڕادەیەک لە تۆمارێکدا دەی نووسینەوە ؟
نووسەر لەمیانەی بابەتەکەیدا پێمان دەڵێن نووسینەوەی ڕابردوو ئەگەر بۆ وانەو پەندلێوەرگرتن بێت و پلان و نەخشەی ئاێندە لەسەر داڕێژرێت کار لەوە چێتر نابێت . بەبۆچونی من هەڵداوەنەی ڕابردوو بۆ کولانەوەی برینە کانە کەوا قەتماغەیکردوە لەلای زۆرێک نەک وەرگرتنی پەندو و ئامۆژگاری بێت بۆ داهاتوو پێویستە هەموو تاکێک سود لەم بابەتە ببینێت و هەڵوێستەکانی خۆی بگۆڕێت بەرامبەر بیر کردنەوەکانی بۆ بەدی هێنانی داهاتووی گەش،

بیست ویەک/

هەروەها لەلاپەڕە ٤٥ د ا کەسێتی، پێگەیەکی گرنگی مامۆستا بابەتێکی نووسەر ڕزگار خدر مستەفا سەرپەرشتیار لە پ. سلیمانی ڕۆژئاوایە تێدا هاتوە :سەرکەوتنی پرۆسەری پەروەردەو فێرکردن بەڕێژەیەکی بەرچاو پەیوەستە بەبونی مامۆستای کارامەو لێهاتوو ، یەکێ لەتایبەت مەندیەکانی بۆ مامۆستا سەرکەوتوو کەسایەتیەکی خۆشەویست و بەهێزە لێرە نووسەر پێمان دەڵێت کەسایەتی و ڕۆڵ و پێگەی بەهێزی مامۆستا هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بەر جەستەدەکات و بۆیە پێویستە مامۆستا هەمیشە لەهەوڵی خۆ پڕ چەک کردن بێت بەزانست و زانیاری سەردەم و بارگڕاوندێکی ڕۆشنبیری و زانستی و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، بەبۆچونی من کردنەوەی خول و هاندانی مامۆستا بۆ زانست وزانیاری و خوێندنەوەی زۆری ئەم ئامانجە دەهێنێتەدی کەوا سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە پێویستە وەزارەتی پەروەردە هەنگاوی جدی بنێت بۆ ئەم مەبەستە

بیست و دوو/

ئێمە بەرهەمی هەڵبژاردنەکانی خۆمانین بەپنووسی مامۆستا رسوڵ حەمەد ی بەڕێوەبەر ی کارگێری ژیار 2
لەلاپەڕە ٤٦دا بابەتێکە شایەنی خوێندنەوەیەکیووردو لێوردبوونەوەیە لە بەشێکی دا دەڵێت :هەریەکێکمان لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لەناو ئەو دۆخ و حاڵەتە ژیان دەکات کەخۆی ویستوویەتی

هەمیشە ئەم دۆخەی ئێستامان لەنەست و عەقڵی شاراوەمان ئامادەی بەهێزی هەبووە نووسەر پێمان دەڵێت پێگەیەکی ئێستای چ وەکو تاک یاخود کۆمەڵگا کەتێیدا دەژین بەرهەمی زادەی بیروکارەکانمانە واتە خۆمان خواستمان وابووە بەشێوەیەکی تر گۆڕینی واقیع بەندە بەخواست و بە و شێوەیەی لەم بابەتەدا هەموومان بەشداربین لەخوێندنەوەی .هەوڵ و کاری مرۆڤەکان هەتاوەکو زیاتر لەم بارەیەوە بزانین بتوانین داهاتوومان ڕەنگدارتربێت وە هەنگاوی باشتر بنێت ئەم بابەتە تەواوی تاکەکانی ناوکۆمەڵگا سودمەند دەبن بەخوێندنەوەی

بیست و سێ/.

چاوپۆشین بابەتێکە بە پێنووسی مامۆستا عوسمان مەلا احمد نوسراوە لە لاپەڕە ٤٧دا نووسەر پێمان دەڵێت :دیارە نموونەی ئەو خوڕەوشتە جوانانە زۆرن کەپێویستە مرۆڤ پابەند بێت پێیانەوە وەکو مامۆستای نووسەر لە .چاوپۆشی ، لێبوردن وتەی شیرین ، ڕاستگۆیی ، یارمەتی دانی یەکتر دووتوێی بابەتەکەی تێیدا دەڵێت :پێویستە مرۆڤ هەمیشە گیانی لێبوردن و چاوپۆشی بکاتە دەروازەی بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی و پێویستە پردوو ڕایەڵەی خۆشەویستی بکاتە سەرمەشقی ، بە بۆ چون و تێڕامانم لەم بابەتە کە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت پێویستەمرۆڤ . ژیانی لێبووردەبێت چونکە لێبوردن کاری گەورەکانە زۆرن ئەوانەی کەوا سوود لەم بابەتەدەبینن لێبوردن لەناو تاکەکان لەناو کۆمەڵگا لەناو خێرانەکان لەشوێنی کار لەناو هاوڕێ ،هتر لێبوردەی خۆشی و شادی بەدڵ و دەرون دەبەخشێت.

بیست و چوار/

بابەتێکی کورت و سەرنج ڕاکێش بەناوی ڕێز و سوپاس لەلایەن مامۆستا ئازاد حمد عبدللە بەڕێوەبەری ئامادەیی ژیار ١ لە لاپەڕە ٤٨ دا باس لەبابەتی هاندان دەکات کە مرۆڤەکان لەهەر پلەو پایەو پێگەیەکدا بن پێویستیان بە ستایش و هاندان هەیە. واتە هەموو ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی ناخیەتی بۆیە پێویستە لەسەر دام و دەزگاپەروەردەییەکان بنەمای ڕێز و سوپاس و ستایش لەبەر چاو بگرن،بەتڕوانینی من ڕێزوو سوپاس پاداشتێکە کەوا کەسی شیاو پێویستە لەهەمبەر کارەکانی وەری بگرێت بە پێچەوانەشەوە چونکە هەمو کارێک هەوڵوو مابدو بونی دەوێت بۆ ئەوەی هەوڵی باشترینەکان بەین .

بیست و پێنج/.

گەشت و سەیران لەوەرزی بەهارو نەورۆزدا بەپێنووسی ابراهیم برهان لەلاپەڕەی (٤٩-٥٠)دا بڵاوکراوەتەوەنووسەردەڵێت:کوردستان بەهۆی سروشتی و جوان ئاو هەواکەی تایبەت مەندی خۆی هەیە، هەرێمێکی گەشتیاریە خۆشبەختانە هەموو پێک هاتە سروشتی و مرۆییەکانی تێدایە، کوردستان شوێنێکی ئارام و سەرنجڕاکێشە بەهۆی کەش و هەوا هێمن و ئارامیەکەی بەبەراوردلەگەڵ بەشەکانی تری عیراق. بێگومان سروشت و هەڵکەوتەی وڵاتەکەمان لەڕو بوونی کۆمەڵێک ڕەگەزی بەهێزی وەک کەش و هەوای لەبارو باراناوی و شاخ و داخ و ڕووبارووکانیاوێکی زۆربوونەتە مایەی جوانی و شوێنی سەرنج ئەگەر بێتوو لەلایەن لایەنی پەیوەندی دارەوە ئەوسێکتەرە بایەخی پێویستی پێبدرێ دەبێتە مایەی داهاتێکی باش بۆ وڵاتەکەمان چونکە ژیان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێشەوە دەڕوات مرۆڤ هەمیشە بیرلەژیان و خۆش گوزەرانی دەکاتەوەگەشتو سەیران دەکات .بەبۆچونم دەربارەی ئەم بابەتە کوردستان دەوڵەمەندە بەهەموو سەرچاوە سروشتی و مرۆیی وادەکات سەرنجی

گەشتیار بۆخۆی ڕابکێشێت  وەهەروەها داهاتێکی باشیش بۆ وڵات دەستەبەردەکات  زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو پشت بەم داهاتە دەبەستن وەک سەرچاوەیەکی سامانی وڵات بۆیە پێویستە لەسەر وەزازەتی گەشت و گوزارو گواستنەو گەیاندن و پەروەردەش سود لەم بابەتانە ببینن بۆ باشترکردنی وڵات وەهەروەها پێویستە وەزارەتی پەروەردە پڕۆگرامێک زیادبکات لەقوتابخانەکان هەتاوەکو بتوانین شێوازەکانی گەشتو گوزار بەقوتابیان بناسێنین

بیست و شەش/.

کاریگەری ڕۆشنبیری لەسەپاندنی ئاشتیدا ،بابەتێکی کورتی نووسەر (کمال محمود سالح ) بەڕێوەبەری قوتابخانەی کامل بەسیرە سەبارەت بە دوو چەمکی ڕۆشنبیری و ئاشتی لەناو کۆمەڵگادا بۆ چوونی خۆی خستۆتە بەر باس و دەڵێت : هەردووزاراوەی ڕۆشنبیری و ئاشتی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەکو دوانەیەکن بێ گومان بونی ڕۆشنبیریو فەرهەنگی ڕۆشنبیری لەنێو کایەکانی ژیاندا ئاشتی و سەقامگیری ئا شتی کۆمەڵایەتی بۆ نێو کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات .پێویستە هەمووتاکێک ئەم دەستەواژانە درک پێبکات و ڕەنگ دانەوەی هەبێت لەژیانیدا. چونکە ڕۆشنبیری واتە بەرەو پێش چوونی وڵات.هەروڵاتێک ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبێت بەدڵنیای وڵات لەئاشتیدا دەبێت.

بیست و حەوت / .

( د. ڕێدار محمد امین ) لەژێر ناونیشانی  )لەلاپەڕە ٥٢ بابەتێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی  لە حکایەتەکانم لەگەڵ مامۆستا بەشی دوانزەهەم دا هاتوە :فەلسەفەی خوێندن لە وولاتی مندا لە ئێستاو ڕابردوودا لارە . ئەوا ئەگەر بڵێین فەلسەفە هەیەلێرە خوێندن مانای هێنانی نمرەیە مامۆستای ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا کۆمەڵێک تەوەری هەستیاری وروژاندوەکەلەماوەی ژیانی قوتابێتیدا ڕووبەڕووی بۆتەوە کەتائێستاش نەوەی نووێ ڕووبەڕوویان دەبنەوەلەنەبوونی فەلسەفەیەکی ڕوون بۆ خوێندن لە کوردستاندا. هەروەها باس لەحەزوو خولیای قوتابیان دەکات کەواخێزانەکانیان ڕێگرن لەبەردەم حەزوو خولیاکانیان وە هەرئەمەش هۆکار دەبێت کەوا نووسەر بەخەونەکەی نەگات ، لە تێگەیشتنم بۆ ئەم بابەتە ئەوەی کەوا نوسەر باسی دەکات بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا خەزو خولیا دەور نابینێ بۆیە وەک دەبینین لەدواوەین ناتوانین داهێنان بکەین لەوەی کەوا پسپۆڕی تێدا وەر دەگرین تەنها خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەو هەوڵی دامەزراندنە ئەوەی کەوا سوود لەم ئاریشانەدا . دەبینێت خێزانە کەوا هەوڵ بدەنبەدوای خولیای مناڵەکانیان بکەون.

بیست و هەشت /

سەرهەڵدانو گەشەکردنی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی لەلاپەڕەی (٥٤) لەئامادەکردنی نووسەر (بختیار ستار محمد )ماستەر لە ڕابەرایەتی وکارگێڕیپەروەردەیی زانکۆی نیوکاسڵ /بەریتانیا ،نووسەر باس لەسەر هەڵدانی چەمکی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی دەکات وەک مێژووی سەرهەڵدانی زانستێکی سەربەخۆ لەساڵی ١٩٤٦ دواتر قۆناغە جیاجیاکانی گەشەسەندن بەرەو پێش چونەکانی ئەو بوارە تابە ئەمڕۆدەگات خستۆتەڕوو ،ئەگەر هاتوو بمانەوێ گەشە بەسێکتەری پەروەردە بدەین لەکوردستان دەبێت زۆر گرنگی زیاتر بە ئەکادیمی کردنی بواری بەڕێوەبردنی پەروەردەی بدەین بەرەو ڕابەرایەتی کردنی پەروەردە هەنگاو بنێن.ئەوەی کەوا لەخوێندنەوەی ئەم بابەتەدا سودی هێجگار گەورە دەبینێت سەرجەم فەرمان بەرانی وەزارەتی پەروەردەیە هەتا شارەزای چۆنێتی سەرهەڵدان و هەنگاوەکانی بەڕێوەبردنی پەروەردەیی ببن بەشێوەیەکی گشتی و زانیاری کۆکردنەوە دەربارەی ئەم هەوڵدانانە.

بیست و نۆ /.

لۆگۆی قوتابخانەبابەتێکی ستونی مامۆستا . بکرکاکۆیە ) لە لاپەڕەی (٥٤) دا بڵاوبۆتەوە کەباسی قوتابخانەدەکات وەک دەزگایەکی پەروەردەو فێرکردن وتەواوی پلان و بەرنامەی پرۆسە پەروەردەبکەین ، لەهەمان کاتدا نووسەر ئاماژە بەوداواکاریەدەکات کەلەقوتابخانەکان کراوە هەرقوتابخانەو لۆگۆیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت.بەدید و بۆچونی گوزارشت لە لۆگۆکە بکات دبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە سودلەم بابەتە ببینێ و کاری بۆ بکات.

سی/.

چۆنێتی گەشەپێدانی داهێنان لای منداڵ وەرگێڕانی نووسەر (ئەمیر ئەحمەد عبدلقادر )لەلاپەڕەی (٥٥) دابڵاوکراوەتەوە من پێم وایە ئەم بابەتە یەکێکە لەبابەتە سەرنج ڕاکێشەکانی گۆڤاری ژیار کە پێویستە لەسەر سەرجەم دایکان و باوکان و مامۆستایان بەووردی بیخوێننەوە هەڵوێستەی لەسەر بکەن ئەو ڕێگاو ڕێکارانە خراونەتەبەر باس بەهەند وەر بگیرێن مامەڵەی لەتەکدابکرێ لەهەمان کاتدا نووسەر ئاماژە بەوەدکات ڕێگاکانی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنان لای منداڵ، لەگەڵ بیرکردنەوەیان و وەرگرتنی ڕای منداڵ وەبەکەم نەزانینی هەروەها هەوڵی لێک نزیک بوونەوەی ڕاکانیان بدەین هەوڵی ڕاست کردنەوەی بروڕا هەڵەکانیان بدەین ، بەژداری لەخۆشیەکانی بکەچونکە چۆن دایک و باوک مافیان بەسەر منالەوەهەیە بەهەمان شێوەش منالیش ئاوامافی بەسەر دایک و باوکەوەیە سۆزی پێبدە ، گفتوگۆکردنو ئاوێتەبوونیان بەلایەنی کەم کاتی بۆدابنێ بە کاتژمێر لەگەڵیان گفتوگونکە چۆن کاتیان بەسەر بردوە چونکە قسە کردن لەگەڵ منال سودی زۆرە فێری بێرکردنەوەی نوێی بکە ، وەهەروەها گەشەکردنی سۆزوو خۆشەویستێ وەلەگەڵ ئەوەشدا ئاشکراکردنی بیرەهەڵەکان وەهەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوە کەوامناڵ هانبدەین بیرۆکەوداهێنان بکات لەقوناغەکانی ژیان. دێدگاو تێڕوانینم بۆ ئەم بابەتە بخەمەڕوو کەوا خێزان بە یەکەم بەرپرس دادەنرێ لە هەوڵدانو دروستکردنی بیرۆکە و دەست گرتنی مناڵ ڕێگەنیشاندانو هاوسۆزیو هەوخەمی خەونەکەی بیت بۆ بنیادنان و پێی گەیشتن لەدوای خێزان مامۆستاو ستافی قوتابخانە بەژدارن لەم هەوڵە کەوا ڕێنیشاندەربن بۆ بیری نووێ.

سی و یەک /.

بیرەوەری قوتابیەک بەشی سێیەم نووسەر (عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی ) سەرپەرشتیاری پەروەردە لەلاپەڕەی (٥٧) وەک سەرگوزشتەیەکی ڕۆژانی خۆی باس لەبیرەوەریەک دەکات کەوا لە ژمارە 30گۆڤارەکەدا ئاماژەی پێدابوو لەم ژمارەشدا تەواوکەری بابەتەکەی پێشوو کەلەخۆ دەگرێ کەوا لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەدا خۆت بەبەشێک لە بەسەرهاتەکە دەبینیت، وە چۆن کاریگەری لەزەینوو هۆشی قوتابی بەجێدەهێڵێت وە ئەوشتانەی کەوا لەمامۆستاوەری دەگریت لەبیری ناکەیت بەخۆشوناخۆشیەکانەوە وەک نووسەر ئاماژە بەمامۆستادەکات کەوا وەک هاوڕێ وابووە وەزۆر پێی سەرسام بوە هەتا هۆکارەکانی فێرکردن چۆن بەکاری هێناوە هەروەها خۆشەویستی مامۆستا هۆکارێکە لە قوتابیش دەکات بابەتەکەی خۆشتر بوێت لەبابەتێکی تر. نووسەر لە م بابەتەدا ژیانی خۆی و ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بە خوێنەر ئاشندەکات. قوتابی پێویستە ئاشنابێت بەم بابەتانە بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی پێ باشتر ڕەنگ کات.

سی و دوو/ .

دایک دەکاتە یەکەمین قوتابخانەیە بۆ منالْ نووسەر (محەمەد تۆفیق بالیسانی ) سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە پەروەردەی ناوەند نووسەر باسی دایک دەکات یەکەمین قوتابخانەیە بۆ منالْ وەهەروەها ئاماژەش بەوە دەکات کەمندالْ یەکەمین نیعمەتە کەخوایگەورە بەخشیویەتی بە دایک و باوک لەسەریان پێویستە بە بەرنامەیەکی تەندروست مندالەکانیان پەروەردە بکەن بۆ ئایندە مادلین شێربان نووسەری فەڕەنسی لەبواری پەروەردەی مندالْ دەڵێت: :

مندڵ ئەو پەیامەیە ( مەسج )، کەپێویستە داک و باوک زۆر بەدروستی ئاراستەی ئایندەی بکەن بۆیە دایک زۆرترین کات لای مندالەکەیەتی وە دایکی پێشکەوتوو مندالی تەندروست پێشکەش بەکۆمەڵگا دەکات ، بەهیچ شێوەیەک دایک نابێت مندالەکانی بەراورد بکات، وەدەبێت منالْ بەجوانی بمێنێتەوە لەسەر یاساو بەرنامەیاکی ڕاست و دروست پەروەردە کرابن هەم بۆ خۆشیان هەم بۆ کۆمەڵگاش کەتیایدا ئامانج و خۆشبەختی دواڕۆژیان تێدا بەدی بکرێت . بۆ ئەوەی جێپەنجەی خۆیان بکەنەوە لەبەڕێوە بردنی وڵات وەنەبن بەمشەخۆرو بەکاربەر بۆ خێزان و کۆمەڵگاو وڵاتیان. ئەم بابەتە پێویستە خێزان بەژداربن لە خوێندنەوەوسود وەرگرتن لێی چونکە دایک و باوک مندالْ ئاراستەی کۆمەڵگا دەکەن بۆیە پێویستە باشترین نەوە بۆ داهاتووی وڵات بەڕێبکەن هەتاوەکوو بتوانن جێ پەنجەی خۆیان لەو شوێنە دابنێن کەپێویستەو ئامانجیانە

سی و سێ/

لەلاپەڕە (٦٠) دا دوو پارچە شعر هەیە یەکەمیان شاعیر (ڕۆستەم خامۆش ) لە ژێر ناو نیشانی مەلی . بالْ شکاو .، باس لەهەستو سۆزو خۆشەویستی دەکات لە مندالْ بۆ هەر ئێشو ئازارێکی تری ئەوانەی دەورو بەر هەیەتی وەک ئەوئازارەی مەل بەدەست بالە شکاوەکانی دەیبینێ کە هەمیشە دنیای منالْ پاک و بێگەردە و یارمەتی دان و هاوکاری کردنە ، وە پارچە شعرەکەی تر شاعیر (عوسمان محمد هەورامی ) باس لەسالْ و ئاوات دەکات کە هۆکارە بۆبەدی هێنانی خۆشبەختی و کۆمەڵێک ڕازوو ئاواتە کە بەدەستیان دەهێنین شادی وخۆشی لەبەرامبەریان وەردەگریی.

سی و چوار/.

گوێگرتنی بابەتێکیتر لەلایەن نووسەر (رەعد سەعید بەقالْ )نووسراوە لەستونی لاپەڕەی (٦٠)دا بڵاو بۆتەوە باس لەهونەری گوێگرتن دەکات وەک هۆکاری پەیوەندی دادەنرێ ، چونکە گوێگرتن تەنها کارزان و لێهاتووی نییە بەڵکووڕەوشت بەرزیە پێویستە فێرببین ، هەمیشە ئەگەر بتەوێ لەکەسانیتر فێربیت دەبێت گوێگرێکی باش بیت ، وە بەئامانجی تێگەیشتن بیت، لەهەمانکاتدا ئەگەربتەوێ قسەکەرێکی باشبیت دەبێت گوێگرێکی باشبیت .ئەم بابەتە هەڵوێستیکی وامان بەگوێدادەدات کەوا هەموو تاکەکانی ناوکۆمەڵگە پێویستیانە و پەندی لێ وەربگرن ئاشنای خوێندنەوەی ئەم بابەتەبن چونکە ئەوەی کەهەر قسەدەکات بەدڵنیای هەڵەی زۆر دەکات ، وەئامانج لەگوێگرتن تێگەیشتن بێت نەک تەنها سەپاندنی قسەکانی خۆی بێت.

سی و پێنج

کتێبی مرواریەکانی ڕوح ئامادەکردنی نووسەر ( ئازاد محمد بەرگرکەیی) ناوبراوە لەسەر کتێبەکەی مامۆستا هێمن عومەر خۆشناو بەناوی مرواریەکانی ڕووح نووسەر شرۆڤەیەکی وردی بۆ ناوەڕۆکی کتێبی ئاماژەپێکراو کردووە دەڵێت :دوێنێ جەستە شەکەت و هیلاک بوو بەڵام دڵ خۆش و بەختەوەر بووین ، ئەگەرچی ئەمڕۆلەسایەیی تەکنەلۆژیا و داهێنانەوە لەبەرەوپێش چونین کەچی دڵ وێران و

خوێندنەوە بۆ نوسینی نوسەریک دەکات کەوا ئامانج لێی خۆشبەختیە هەمووتاکێک .خامۆشە سودمەندە لەخوێندنەوەی ئەم بابەتە.

.سی و شەش/

پەروەردەو فێرکردن بابەتێکی ترە نووسەر (م.ئاشتی جمال مسلم )مامۆستای قوتابخانەی ژیاری :ناحکومی نووسەر دەڵێت:
پەروەردەو فێرکردن وەکو ئامانج ڕێگەو پێگەیە کەلەسەرەتای دەست پێکردنی ژیانی تاکەوە دەست پێدەکات ، ڕەگ و ڕیشەی پەروەردە درێژەو گەشە دەکات هەر دەڕوات پرۆسەیەکی مرۆیی و جیهانییە تایبەتە بەهەموو مرۆڤەکان وەتایبەت نیە بەنەتەوەیەک بەشەو ڕۆژێک دروست نەبووە بەجورێک لە لایەن کۆمەڵگاوە پەسەند دەکرێت ، وەلقەسەوزەکانی هەمیشە بەرەو بەرزایین وە پێویستە هەموولایاکمان وا لە فێرخوازبکەین هەوڵەکانی بۆفێربوون چڕکاتەوە بۆگەل و نیشتیمانەکەی نەک تەنها بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆی بێت وە پێویستە مامۆستاش هاوشانی قوتابی لەم پرۆسە گشتگیرەدا بەژداربێت بۆ هاندانی قوتابی و دروست بوونی پردی متمانە لەنێوان قوتابی و مامۆستا بۆگەیشتن بەلوتکە.بە تێڕامانی من بۆ ئەم بابەتە هەمووتاکەکانی ناوکۆمەڵگا سودەند دەبن لەخوێندنەوەی ئەم بابەتە چونکە پرۆسەری پەروەردە گشتگیرە وە پەیوەستە بەهەموو تاکەکانەوە.

.سی و حەوت /

بنەما پەروەدەییەکانی پەروەردەی وەرزش لەلایەن نووسەر مامۆستا(م. هیلال سەنگاوی )نووسراوەلەبەشی چوارەم لەلاپەڕە (٦٥-٦٦) دا نووسەر باس لەبنەما پەروەردەییەکانی وەرزش دەکات کە ئەویش گیانی لێبووردنەز,لەبەندی (٣٦)جاڕنامەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێدەکات کەواپەرەپێدانی گیانی لێبووردەیی لەناوکۆمەڵگا ئامانج لێی بەرزکردنەوەی بواری پەروەردەیە ، لەپرۆسەی لێبورەیی مرۆڤ هەست بەجێژێک دەکات هیچ کات لەتۆڵەسەندنەوە بەدەستی نەهێنێت. ئەوەی لەخوێندنەوەی ئەم بابەتەدا بەدەستم هێناوا پسپوری وەرزش هەموو ئەو هەنگاو یاساوەرزشیانە دەزانێت کەدەبێت بیگرێتەبەر بەباشترین شێوە بۆیە واباشە بەژداری لەخوێندنەوەی ئەم بابەتە بکا.

. سی و هەشت /

(م. تۆلاز محمد شریف)باس لەکاریگەری ڕاهێنانە وەرزشیەکان دەکات لەسەر ماسولکە کەوا کاریگەری جیاوازی هەیە بەجیاوازی جۆری ڕاهێنانەکەکەوا خۆی لەدووجۆر دەبینێتەوە ڕاهێنانی ماوەکورت (بەرگری بەرز)ڕاهێنانی بێ ئۆکسجین کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەریان هەیە لەسەر ماسولکەکان وەهەموو ئەمانە لەپێناو باشتربوونی تەندروستی بۆ کەسی وەرزشەوان

.سی و نۆ/

ڕازی شادومانی لەژێر چەتری هەنگاونان و سەرکەوتندا بابەتێکی ترە لەلایەن نووسەر (م ئەیوب ڕەشید ) مامۆستا لەقوتابخانەی ژیاری بنەڕەتی لەلاپەڕە (٦٩)دا بڵاو کراوەتەوە بەم شێوەیەدەڵێت : مرۆڤ هەڵگری بیرۆکەی ڕازن لەسیمایی فێربوونی شادمانی و سەرکەوتنابۆگەیشتن بەترۆپکی

لوتکە ئێرە جێگایەکە کەمنی تێدام ئێستاش دەجولێم بۆ ئەوەی کە دەمەوێت گەشەکردنێک کە پشت
بەو مانایە ببەستێ من دەمەوێت لێرە بمێنمەوە ، هەموومرۆڤێک دەترسی کاتێک هەنگاوی پچوک
دەهاوێن کەهەنگاوی گەورەتری بەدواوەیە ، زۆر جار ڕوداوێک بەچۆکتدادێنێت و دەت وەستێنێت
دەڵێت بێزاربوین لە شکست خواردن لەم ژیانە دەبێت ئەوە بزانین شکستەکان ئازاربەخشن
لەپرۆسەی فێرکردندا بۆ فێربوونێکی تر بۆ ڕابردوو تێڕوانینێکی تر بۆ داهاتوو وەردە چەرخێنیت ،
باشترین شوێن بۆ دەسپێک کە ئێستا تێیدای ئەم ڕازە پەیوەندی بەتەمەنەوە نیە ، بۆ هەنگاونان
نابێت بترسی کەسی سەرکەوتوو ئە کەسەیە پەند لە ئاکامی شکستەکانی وەردەگرێ بۆ ئەوەی
داهاتوویەکی باشتر بنیا د بنێی، وەک هەمان بابەتی پێشوو پەیوەستە بەپسپۆڕی وەرزش و گرنگی
ماسولکەکان و هاندانی قوتابیان بۆ چالاکیە وەرزشیەکان خوێندنەوەی بۆ داهاتوو وەلەگەڵ ئەوەشدا
بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی ڕێگای سەرکەوتنی زاڵبێت بۆ بەدی هێنانی ئەوەی کەدەیەوێت

چل/.

بابەتێکی تر لەئامادەکردنی نووسەر (بەختیار فارووق)مامۆستای قوتابخانەی ژیاری . زمانی ڤۆلاپۆک
بنەڕەتی بنەڕەتی ئامادەکار باس لەوهەوڵانەدەکات کەبەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دراوە بۆ
دروست کردنی زمانێکی هاوبەش بۆ لەیەکترگەیشتن و خوێندنەوە لەوهەوڵانەش هەوڵی قەشە
شلایشەر زمانی ڤۆلاپۆک داهێنا، وە لەکاتی دروست بوونی زمانەکە ڕووبەڕوی کێشەی زۆر بوونەوە
لەڕوی ڕێزمانی بۆیە شلایشەر زۆر بەتوندی ڕووبەڕویان بوویەوە چونکە خاوەنی بیرۆکەی
زمانەکەبوو لەپاش مردنی شلایشەر زمانی ڤولاپوک خۆری بەرەو ئاوابوون چوو زمانەکەش نەما
.نووسەر لەم باسەدا بابەتێکی درکاندوە زمانێکە هەوڵی زۆری لەگەڵ درا بەڵام بە بۆنەی یەک
نەگرتنی هەرزوو لەدوای کوژانەوەی نوسەرەکە
زمانەکەش بونی نەما ئەمە زانیاریەکی گشتییە چەندە زانیاری بزانیت هێشتا کەمە بۆئەوەی کەسێکی
ڕۆشنبیربیت پێویستە پێشینەکانیگەلانی تر بزانی.

چل و یەک /

دوابابەتی ژمارە ٣١ژیار لەلاپەڕە بەناونیشانی چۆن سەرکەوتووبین بڵاو کراوەتەوە نووسەر بەم 72
شێوەیە دەرگای چوونەناوباسەکە بەڕووی خوێنەردا دەکاتەوە : سەرکەوتن ووشەیەکی جوانە ،تەنها
بەبیستنی خۆشحاڵی ڕووڵە مرۆڤ دەکات دەبینین یاخود بیستنی سەرکەوتن هەندێکجار بەگریان
هەندێک جار بەئاهەنگ گێڕان گوزارشتی لێدەکەین، سەرکەوتن کۆمەڵێک هۆکاری هاوبەش هەیە
لەنێو هەمووکایەکانی ژیاندا وەک پلان دانان و دیاری کردنی ئامانج وەهەوڵدان و بوێری هۆکارکی
تری، وەکاتێک لەخوێندنەوەی بابەتەکە دەبیتەوە ئەوەت لا بەرجەستە دەبێت کە داڕمانی مرۆڤ و
بنیادنانی مرۆڤ لەناوە ڕا دەست پێدەکات.،

چل و دوو/

بابەتیی کۆتای کە هەوڵ کۆششی هەموولایەک لەخۆ دەگرێ مرۆڤ هەوڵی بەدەست هێنانی دەدات
لەهەرکارێک کەئەنجامی دەدات ئەم بابەتە پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا خوێنەری بن
. بەدواداچون بکەن بۆگەیشتن بەلوتکەی سەرکەوتن

وەک لەسەرەتا ئاماژەم پێدا گۆڤاری ژیار گۆڤارێکی تاقانەو ناوازەی بواری پەروەردەو فێر کردنی ئەهلیەکە لەباشوری کوردستان وەرزانە بڵاو دەکرێتەوە خۆزگە هەلو مەرجی دارای و ئاسانکاری بۆ بکرایەو هەلی بۆ ڕەخساندرایە بکرایە مانگانە ئەگەر نەش ڕەخسابایە هەر وەرزەی دوو ژمارە دەرچووبایە و هەندێک گۆشەی تری پێوویست زیاد بکرابایە بەنموونە لەهەر ژمارەیەک لەمەو دوا و ناساندنی بە گوشەیەک تەرخان بکرێ بۆ ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەبواری پەروەردەو فێرکردن خوێنەرانی کوردستان وەسەبارەت بە بەشی شعر خۆزگە ستافی بەڕێزی ئەم گۆڤارە بیریان لە ستراتیژێکی تری شعر دەکردەوە بۆ ئەم گۆڤارە بۆ بڵاو کردنەوەی شعری منداڵان کە لەلایەن خودی منداڵەکان بنوسرێت چونکە ئەگەر هاتوو هەوڵەکان چڕبکەوەنە کۆمەڵێک منداڵی بەهرەمەندمان و نەکردوون هەتا تواناکانیان بەرەو پێشەوەبەرن هەیە بۆخۆیان دەنووسن و کەس پشگیری لێ دیواری شەرم لە لایان ڕمێت و تواناکانیان دەر بکەوێ هەست بەبونی خۆیان بکە یاخود ئەو شعرانەبن کە باس لەدنیای بێگەردی منداڵ و خەموو خواستەکانی منداڵ دەکات وە سەبارەت وێنە ڕەنگاوڕەنگ لەدووتوێی ٧٢ (٥٥ )بەوێنەکانی ناو گۆڤارەکە کەوا لەم ژمارەدا دەبیندرێت لاپەڕەدا دابەش بووە بەشێکی زۆری پانتای بڵاو کراوەکانی گرتوە ئەگەر بکرێ لە ژمارەکانی ئایندەدا وێنەکان کەم تر بکرێنەو ڕاستە وێنەکان دەربڕینی تەواوی نووسینەکانن بەشێوەیەکی جوان بەڵام بۆ ئەوەی بابەتی پەروەردەیی تر جێگای بگرێتەوە هەوڵبدرێ

پچوکتر بکرێتەوە ، ئەوەی لەو گۆڤارەدا جێگای دڵخۆشیە بابەتەکانی لەکۆتای دا پێشنیار بە سەرنووسەری گۆڤاری ژیاری پڕ بەها دەکەم بۆ ئەوەی هەموو ژمارەیەک لەم گۆڤارەدا بگاتە هەموو کون و کەلەبەری کوردستان لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانەوە بگەیەنرێتە دەست قوتابخانەو ماموستاکان ،چونکە بابەتەکان بابەتی سەرنج ڕاکێشنو دەبنەمایەی دەوڵەمەند بونی هزرو تێڕوانینی ماموستایان لەبواری پەروەردەو فێرکردن .

دەرئەنجام :

دوا بەدوای ئەو هەوڵانەی کە چڕم کردۆتەوە لەم پەرتووکەی لەناو لەپیی دەستەکانتە بەگویرەی ئەو ئەزموونانەی کە هەمە وئەو ڕێگایانەی پێیدا گوزەرم کردووە وەک ڕۆڵەیەکی ئەم وڵاتە پێی گەیشتووم هیچ کاریک نیە بەبێکەم و کوڕی ئەوەی گرنگە هەوڵبدرێ بۆ باشترین و لەهەڵەکانمان وانە وەرگرین ببێتە ئەزموون بۆ داهاتوو , کاتێک سەرکەوتن بەدەستدێت هەموو لایەن و کەرتەکان بەژدارن لە سەرکەوتنەوە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە کەمتەرخەمی لەهەموو لایەنەکان ئەوەش هۆکارە بۆ نەمانی و شکۆی پەروەردە ئەوەش بە دیاری کردنی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵگا هەستی پێدەکرێ , درکپێ کردنی سی ستی یەکامان لەخوێندنەوەی ئەم بابەتانە هەر لە وەزارەتەوە هەتاکۆمەڵگا و مامۆستا و خێزان و قوتابیان لێی سودمەند دەبن . پێویستە ئەم هەوڵانە بدەن و زەمینەسازی و ئامادەکاری بهێننە ئاراوە, هەوڵبدرێ لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ دروسکردنی باڵەخانەی گونجاو مۆدێرن بۆ قوتابیان وە نۆژەندکردنەوەی کۆنەکان دابین کردنی پۆلی پیویست بۆ وانەکان هەتا قوتابیی ئاسوودەبێت لەو ماوەی لە قوتابخانەیە پێویستە ئەم هەنگاوانە لەبەرچاوبگیرێت :.

١- هەنگاونان و ئامادەکاری وەزارەتی پەروەدە بۆ ئەرکێکی زۆر گەورە داڕشتنەوەی کەسێتی تاک و دیزاین کردنی بە نوێترین ڕێگا پەروەردەییەکانی سەردەم، وەک تێڕوانینی من بۆ ئەم بابەتانە زۆر بەگرنگی دەبینم کە بمانەوێت وڵاتمان بەرەو پێشەوە ببەین دەبێت گۆڕانکاری گرنگ بهێنیە ئاراوە ، لەسەر جەم سەکتەرەکانی پەروەردە . دەست نیشان کردنی کەم و کوڕیەکان هەوڵدان بۆ باشتر کردنی باشترینەکان ، جیاکردنەوەی ڕەش و سپی لەیەکتری , وەهەروەها لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و یەکەکانی پلاندانان و پڕۆگرامەکان دەبێت .

٢- ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو ڕیگری کرن لە هەمووبەرنامەیەک کەلەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان یەک نەگرێتەوە , گرنگی دان بە کەناڵە پەروەردەییەکان یەک خستنی بەرنامەو کارەکانیان, وە گرنگی دان بە گۆڤارو بڵاوکراوە پەروەردەییەکان .

٣- کرانەوەی خولی پەروەردەیی و بەژداری پێکردنی مامۆستایان بۆ نوێبونەوەی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گونجاو دیاری کردنی کەموکوڕیەکان , گرنگی دان بە قوتابیان و ئاشنابونیان لەنزیکەوە ڕێزگرتن لە یەکتری .دروست بوونی هەماهەنگی لەنێوان ئەندامانی قوتابخانە لەژێر سەقفی پەروەردە . هاندانی مامۆستا بۆ دانانی پلانی تۆکمەی بۆ دیاردەیەکی کاتی لەناکاو هەتا مامۆستا بتوانێت پلانی ( بی ) بەکار بهینێت.

٤- کارکردن لەگەڵ خێزان هەتاوە کو بەهاوکاری هەردوولا پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەباشترین شێوە بەرێوە بەرین بەتایبەتی دوای پەیدا بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا دروست بوونی کەشێکی نالەبار هەوڵەکان چڕبکریتەوە گەڕانەوەی پرۆسەکە وەک سەرەتا .

٥-هاندانی قوتابیان بۆ خوێندن وگەیشتن بە خەون و خولیا و ئامانجەکانیان . تێگەیشتن لە و هۆکارانەی کە دەبێتەهۆی تێکشکانی خەونەکانیان دروستکردنی پردی خۆشەویستی و ڕماندنی دیواری ترس و شەرم لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان . دەستەبەر کردنی ژینگەیەکی لە بار لەنێوان ماڵ و قوتابخانە .

٦- ئارەزوو نە کردن قوتابی لە قوتابخانە پەرۆشی گەڕانەوەی بۆ ماڵە وەک بەندیەک خۆیی دە بینێتەوە لە کاتی گەڕانەوەی بە ( بەربووین ) ناوی دەبات .

٧- دروست کردنی ئارەزووی خوێندن لە لای قوتابی و گرتنەبەری ڕێگاو میکانزمی گونجاو بۆ قوتابی فێرکرن وە پیشاندانی ڕێگای ڕاست دیاری کردنی هەڵەکانی , تێگەیشتنی بۆ کاری هەڵە داوای لێبوردن کردن لەکەسیی بەرامبەر وە ڕاستی ئەم کارە نواندنی گەورەییە وە درۆنەکردن لەوتنی کارە هەڵەکان هەوڵدان بۆ دوبارە نەبوونەوەی دروست بوونی کەشێکی لەبار بۆ قوتابی نەمانی ترس و دڵەڕاکی دەرخستنی تواناکان و چڕنەکردنەوەی لەپۆلێکی دیاری کراو .

## پێشنیار:-

١-پێویستە لەسەر خێزان کە شێوازی  پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی  منداڵ بە جۆرێک بێت کە هانی بدات بۆ سەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستن و دەست پێشخەری هەڵسو گەت و شێوازی ئاخاوتنی  کەسێتی یەکی  باوەڕ بەخۆی تێدا بنیاد بنێت .
٢- هانی منداڵ بدرێت بۆ خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون و بەدەست هێناني نمرەی بەرز , بۆ دیاری کردنی خولیاکانی لە قۆناغی منداڵی و هاندانی بۆ دیاری کردنی ئامانجەکانی و پشتگریی کردنی تا هێنانە دی ئامانجەکانی. ڕاست وتن لەکاتی کیشەکاندا داوای لێبوردن کردن بۆکاری نەخوازراو هەڵە.
٣-فێرکردنی منداڵ بەگرنگی دان  بەکات و دابەشکردنی بەشێوەیەکی ڕێک  , لەنێوان خوێندن و یاریکردن . هەڵبژاردنی ئەو بەرنامانەی کە بۆ ئەو گونجاوە ڕێزگرتن لە بۆچونەکانی .
٤- مامۆستاپێویستە وەک هاوڕێ مامەڵە لەگەڵ قوتابی دا بکات کەسایەتیەکی  بەهێزی هەبێت هەتا کاریگەری لە سەرقوتابی هەبێت لەکارو کردەوەیدا ڕەنگ بداتەوە , پلانی پێشوەختەی  ئامادەبێت بۆ هەر ئەگەرو شیمانەیەک لەکاتی ڕوو بەڕوو بوونەوە.شێوازو ڕێگاکانی وانەوتنەوە  بەگوێرەی بابەتەکەی بگرێتەبەر لەگەڵ هۆکارەکانی  فێرکردن  ,  ئامادەکاری بۆدەست پێکی  ساڵنوێی خوێندن , بەرنامەڕێژی بکات بەهۆی ئەوڤایرۆسەی خوێندنی ئیفلیج کردوە  . هەوڵدانی زیاتر.
٥-پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کە گرنگی زیاتر بدات بەشێوازی ئامادەکردنی ئەو قوتابیانەی کەلە داهاتوودا دەبنە مامۆستا لەڕووی  زانسیت و ئەکادمیی  .کۆلێژانەی کە مامۆستا پەروەردە دەکەن گرنگی زیاتر بدەن بە خوێندنی بابەتەکانی دەروونناسي و دەروونناسي گەشە و دەروونناسي پەروەردەیی ، خوێندنی بابەتی کاری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی کاری کۆمەڵایەتی قوتابخانە
٦-سەبارەت بە وەزارەتی  پەروەردە پێویستە بەبەردەوامی خولی شیاندني (وانە وتنەوە و ڕاهێنان  وپەروەردەیی، ئاشنا بوون بە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن بەتایبەت منداڵی و هەرزەکاری بۆ مامۆستاکان بکاتەوە چونکە مامۆستا پەروەردکارە پێش ئەوەی فێرکار بێت ، گرنگە کەزانیاري هەبێت پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە بایەخ بدات بە شێوازی دروستکردني بینای قوتابخانە بەجۆرێك هەموو پێداویستیەکانی قوتابی بۆ خوێندن تیادا  فەراهەم بکرێت لەسەر قوتابیەکانی تاوەکو بتوانێت پەیوەندی باشتر دروست بکات لەگەڵیان
٧-گرنگی دان بە دابینکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا بە پێداویستی و بواردانیان  بە ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیان .
٦- پێویستە وەزارەتی  پەروەردە ساڵانە کۆنفرانسی پەروەردەیی بەرێوە ببات و کەسیی شیاو  بۆ ئەم کارە ڕاسپێرێت , گۆڤاری تایبەت بە پەروەردە دەربکات

سەرچاوەکان :

١- ئیدریس سیوەیلی .مامۆستایی کارامەو وانەوتنەوەی  سەرکەوتوو . چاپی دووەم ٢٠١٧, ل ٧٩

٢- فايەق سعيد , قوتابخانەکانمان ڕوویان لەقیبلەنیە نووسەر (ل٧٩_ ٨٠
٣- فايەق سەعيد , هەراسانکردنی منداڵ لەنێوان ماڵ و قوتابخانە, ل١٠١- ٢٢١
٤- فایق سعید, دیداکتێک مۆدیل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە , چاپی یەکەم (٢٠١٧) ل
٥- فايەق سعيد ,تێکشکانی بەهاکانی خوێنکار , چاپی٢٠٠٤ , لا ٧٩
٦- هاژە شێروانی بۆ گۆڤاری ژیار ناونیشا قوتابخانەی نوونەیی ،ل13
٧- محمد فرحان قضاه ،محمد عوضالترتوری, لەکتێبی اساسیات التربوي، ساڵی ٢٠٠٦ ل ١٥٢
٨- ڕیچاد تێمپلەر (یاساکانی دایک و باوکایەتی )وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە ئەبوبەکر شێوە ڕەزی ,ل ١٧
٩- ڕیچاد تێمپلەر (یاساکانی دایک و باوکایەتی ) وەرگێرانی لەئینگلیزیەوە ئەبوبەکر شێوەڕەزی ،ل ١٢٥
١٠- سیستەمی قوتابخانەبنەڕەتیەکان سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان (وەزارەتی پەروەردە ) چاپی ٢٠٠٩, ل ٢٠
١١- جۆرەکانی درۆکردن وانەی مامۆستای دەروونناسی (خەندان ) لەپەیمانگای ڕاهینان و گەشە پێدانی هەولێر.

×× لەیلا سەلاحەددین ئەحمەد بەرزنجی {لەیلا بەرزنجی}

×× 1982/2/1 لە{قەزای سۆران} چاوم بەدنیا هەڵهێناوە

×× بڕوانامەی دبلۆم جوگرافی گەشتیاریم لەپەیمانگای تەکنیکی هەولێر و

بەکالۆریۆسی پەروەردەیم لەکۆمەڵایەتی بەدەستهێناوە .

×× خێزاندارم و خاوەنی دووکچ و کوڕێکم ..

×× مامۆستام لەقوتابخانەی ئاشتی ستی دوو سەربە پەروەردەی دەشتی هەولێر..

×× لەساڵی 1998دەنووسم و لەساڵی2018 ەوە بەرهەمەکانم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکەمەوە...

07736945480
07503859396